شۆڕش بەردەوامدونەتدەوە لەسەرویگای ڕاپەڕین بەرەوپێش دەچێ

ده‌زگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنه‌وه‌ی کوردی
شه‌قامی « الجمهورية »
مه‌یدانی الخلانی
ته‌له‌فۆن ٨٨٧٥٧٩٥/٥ خه‌ت

هاوکاری ڕۆژنامه‌یه‌کی حه‌فتانه‌یه‌
ساڵی ١٩٧٠ دامه‌زراوه
٨ لاپه‌ڕه — ٢٥ فلسه

هاوکاری

« التضامن »

سه‌رنووسه‌ر اسماعیل رسول

● دووشه‌مه‌ ٢٣ی تشرینی یه‌که‌م ١٩٧٩ ژماره ٤٩٧ ●
● الاثنين ٢٢ تشرين الاول ١٩٧٩ العدد ٤٩٧ ●

نه‌خشه‌کێشان خۆلقاندنی حاله‌تێکی نه‌بووی به‌رده‌وام نی‌یه یێکو به دره‌جه‌یه‌کی بنه‌ڕه‌تی دانانی نه‌وه‌یه که هه‌یه له مه‌ودایه‌کی کاریگه‌ریه‌کی چاکتردا له چوار چێوه‌ی ئاسۆیه‌کی به‌رینتردا .. یه‌عنی ڕێکخستنێکی ناقۆناغی ..

سه‌رۆکی فه‌رمانده
صدام حسین

سه‌رۆکی فه‌رمانده صدام حسین به جه‌ماوه‌ری نه‌جه‌فی وتا عراق هی ئێوه‌ونه‌تدوه‌ی عه‌ره‌به‌و.. جێگای تاکه سه‌رباز‌ێکی بێگانه‌ی تێدا نابێته‌وه

ئیمپریالیزمی ئه‌مریکا له توانایدا نه‌ماوه که بوونی شۆڕشه‌که‌تان له عیراق ته‌حه‌موول بکات

به‌ڕێز سه‌رۆک له سه‌ردانه‌که‌ی پاش نیوه‌ڕۆی ڕۆژی‌چوار شه‌مه‌ بۆ شاری نه‌جه‌فی ئه‌شره‌ف له ناو هه‌زاره‌ها جه‌ماوه‌ری هاوولاتیان که له مه‌یدانی ئیمام علی له شاری نه‌جه‌فی ئه‌شره‌فدا کۆ بووبوونه‌وه له وتاره‌که‌یدا وتی .. میژووسه‌ر له نوێ دووباره دێته‌وه‌بۆ ئه‌وه‌ی ژیانه‌وه‌ی نه‌وه‌و په‌یامی مسولمانه‌تی‌یه‌ بگێڕنه‌وه که باوباپیرانی عه‌ره‌بتان هه‌ڵی‌گرتبو به‌شێوه‌یه‌کی نوێ که ته‌عبیر له‌ژیانی بکات .

ئه‌مه‌ش ته‌واوی وتاره‌که‌ی به‌ڕێز سه‌رۆکه :

ئه‌ی برایان ڕۆله‌کانی شاره خاوێنه پیرۆزه‌که به درێژایی میژووی کۆن شاری نه‌جه‌ف ..

ئه‌ی برایان ڕۆله ئازاده‌کانی نه‌جه‌ف ، به نماوی سه‌رکرداید‌ه‌تی حزب‌و به ناوی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکرداید‌ه‌تی شۆڕشه‌وه سلاوتان لێ ده‌که‌م سلاو له تێکۆشانتان ده‌که‌م.. جاران ئه‌م شاره‌تان .. ده‌لێن جاران شاره‌که‌تان له کۆندا هه‌روه‌ك ئێستا گه‌وره‌ترین نیشانه‌ی میژووی تێکۆشانی مسولمانه‌تی‌و عه‌ره‌بی هه‌ڵگرتووه ئه‌وبشی باپیرمان ئیمام «علی»یه خوای لێ‌رازی بێت ، حه‌قی خۆمانه که هه‌موومان دووجار شانازی به ئیمام علی باپیرمانه‌وه بکه‌ین جارێك له‌به‌ر ئه‌وه‌ی دیار ترین سه‌رکرده‌ی مسولمانان بووه‌و کوڕی مامی پیغه‌مه‌ری گه‌وره‌ی کائیناته ، ودجارێکی‌تر له به‌ر ئه‌وه‌ی عه‌ره‌به‌و له‌به‌ر ئه‌وه‌ی له‌م شاره عه‌ره‌بی‌یه خاوێنه‌دایه ، به‌ر له هه‌زارو ٤٠٠ ساڵ باپیرانی عه‌ره‌بتان له زه‌ویدا په‌یامی ئاسمانیان هه‌ڵگرت بۆ ئه‌وه‌ی پێکه‌یه‌ننه دوورترین شوێن له ئه‌رزا ، میژوو دووباره دێته‌وه بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌و په‌یامی مسولمانه‌تی‌یه ببوژێنه‌وه که باپیرانی عه‌ره‌بتان هه‌ڵی گرتبو ، به شێوه‌یه‌کی نوێ که ته‌عبیر له بکات به‌ڵام بیرویا وه‌رکانی له ژیانی مرۆڤایه‌تی سه‌ر زه‌ویه‌وه وه‌ر ده‌گرێت ، له گیانی هه‌مان په‌یام که عه‌ره‌ب هه‌ڵیگرتبوو که به‌وه چاکترین شێوه‌ی ئازایه‌تی‌و دلسۆزی‌و خۆ به‌خت کردنیان ده‌نواند له ناو خاکی عیراقدا نی‌یه وه‌به چاکی ئه‌و راستی‌یه‌ده‌زانن که پیاوانی عیراق‌له‌م مه‌یدانه‌دا به‌ر له هه‌زارو ٤٠٠ ساڵ دژی زۆرداری وه‌ستاون‌و به سه‌ریا سه‌رکه‌وتن له ڕێگای په‌یامه‌که‌وه وه‌پیاوانی عه‌ره‌ب که دژی زۆرداری ڕاوه‌ستان له ڕێگای په‌یامی مسولمانه‌تیه‌وه به‌ر له هه‌زارو ٤٠٠ ساڵ به سه‌ریا سه‌رکه‌وتوون توانای ئه‌وه‌یان هه‌یه که به‌رگری له له‌خاك‌و که‌رامه‌ت‌و بیرویاوه‌ڕیان بکه‌ن به‌بێ ئه‌وه‌ی په‌نا بۆ بێگانه به‌رن ؛هه‌رچه‌نده دۆست بێت وه هه‌رچه‌نده دوور بێت وه‌یا ڕۆست بێت .

ئه‌ی برایان به ناوی ئێوه‌وه به ئیستیعمار ده‌ڵێین له هه‌موو جێگایه‌کدا وه به ناوی ئێوه‌وه به هێزی زۆرداری‌و شه‌ڕخوازو ئیستغلال‌و چه‌وساندنه‌وه له هه‌موو جێگایه‌کدا ده‌ڵێین که له ئه‌مڕۆوه جێگایان له عیراقدا نی‌یه وه‌ڕۆله‌کانی عیراق گه‌وره‌ی خاکی خۆیانن وه‌له به‌رده‌می ئیوه‌دا ئه‌وه ڕاده‌گه‌یه‌نین وه‌ك حزبه‌که‌تان ، یه‌که‌م به‌یاننامه‌یدا له «١٧» ته‌مموزو « ٣٠ » ته‌مموزدا ڕایگه‌یاند ئێمه ده‌ڵێین‌و جارێکی‌تر ئه‌وه ڕاده‌گه‌یه‌ین که عیراق هی ئێوه‌و نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌به وه جێگه له ڕۆله‌کانی نه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب‌و عیراق له خاکی عیراقدا جێگای که‌س نابێته‌وه، وقسه‌مان دووباره‌ی ده‌که‌ینه‌وه که ئێمه هه‌میشه سه‌ربازێکی به وه‌فا‌و تێکۆشه‌رین نه‌ك ته‌نیا هه‌ر له مه‌یدانی عیراقدا به‌ڵکو له هه‌موو مه‌یدانه‌کانی نه‌ته‌وه‌ی

بڕواته : ل : ٧

بڕیارێکی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکرداید‌ه‌تی شۆڕش لێزنه‌یه‌ك بۆ گه‌ڕاڵه‌کردنی پێداویستی به‌کانی له‌لبڕاردنی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی و ئه‌نجومه‌نی یاسادانانی ناوچه‌ی کوردستان

ئه‌نجومه‌نی سه‌رکرداید‌ه‌تی شۆڕش بڕیاری‌دا که لێزنه‌یه‌ك له به‌ڕێزان وه‌زیری ناوخۆو وه‌زیری حوکمی محه‌لی و داد پێك بێت بۆ لێکۆڵینه‌وه‌و گه‌ڵاله‌کردنی پێداویستی‌یه‌کانی ده‌ستکردن به هه‌ڵبژاردنی ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی له‌وه‌ڵاته‌داو ئه‌نجومه‌نی یاسادانانی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی . ئه‌مه‌ش ته‌واوی بڕیاره‌که‌یه :

بسم الله الرحمن الرحيم

ئه‌نجومه‌نی سه‌رکرداید‌ه‌تی شۆڕش
ژماره‌ی بڕیار : ١٣٧٠
ڕۆژی بڕیار ١٧-١٠-١٩٧٩
بڕیار

به‌پێی ناوه‌ڕۆکی بڕگه (أ) له به‌ندی چل‌و دووی دەستوری وه‌خته‌کی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکرداید‌ه‌تی شۆڕش له کۆبونه‌وه‌ی ڕۆژی ١٧/١٠-١٩٧٩ بڕیاری دا :-

١ - لێزنه‌یه‌ك له به‌ڕێزان وه‌زیری ناوخۆو حوکمی محه‌لی‌و داد پێك دێت‌و لێکۆڵینه‌وه‌و پێداویستی ده‌ستکردن

بڕواته : ل : ٧

ده‌قی ئه‌و گفتوگۆی ڕۆژنامه‌گه‌رییه‌ی به‌ڕێز سه‌رۆك صدام حسین که په‌یامنێری گۆڤاری «المستقبل» له گه‌ڵیدا کردبوو

- به‌غدا روخانی نه‌فسی‌ی به‌ربه‌ست‌کرد ئه‌مه‌ش ئامانجێکی ستراتیجی گه‌وره‌ی کۆنگره به‌رزه‌که‌ی بوو
- ئه‌گه‌ر شۆڕش له‌ئێران ئیسلامی‌یه بۆچی دوورگه‌کانی عه‌ره‌بیان نه‌دایه‌وه به‌خاوه‌نه‌کانی ؟

سه‌رۆکی فه‌رمانده خه‌باتگێڕ صدام حسین له وتوێژێکی گرنگدا له‌گه‌ڵ په‌یامنێری گۆڤاری هه‌فتای « المستقبل» که له شاری پاریس ده‌رده‌چێ تیشکی خسته سه‌ر چه‌ند مه‌سه‌له‌و خاڵێکی گرینگی ناوخۆو عه‌ره‌بی و جیهانی .. سه‌رۆکی فه‌رمانده له‌وه وتوێژه‌ی‌دا وتی : به‌عسی حاله‌تێکی ئیلهام وه‌رگرتنه له گیانی نه‌ته‌وه به‌ڕێ‌وشوێنی ئه‌و تۆکه هه‌میشه‌و بێ‌پسانه‌وه له گه‌ڵ ژیانداڕۆ ده‌بێته وه دادکاری‌به‌کانی نه‌ته‌وه دابین ده‌کات ... خه‌باتی نه‌ته‌وه‌یش تا ئیستا مه‌یدانێکی فراوانی به‌رده‌وام‌دا نه‌هاتۆته‌کایه‌وه بۆ نه‌وه‌ی ئاده‌میزاد تێیدا به‌ته‌واوه‌تی بازوی لێ هه‌ڵماڵێ ....

سه‌رۆکی به‌ڕێز دووباتی کرده‌وه که کۆنگره‌ی به‌رزی به‌غدا تیشکان ده‌رچۆکاهاتنی سادات‌و نیمپریالیزمی ئه‌مه‌ریکا بوو ، گوڕانێکی له جۆری بیرکردنه‌وه وه‌دی‌هێنا له‌سه‌ر ئاستی جیهانی‌داو تیشکان‌و هه‌ره‌س ده‌رونی له‌سه‌ر ئاستی عه‌ره‌ب به‌ربه‌ست کرد .. ئه‌مه‌ش ته‌واوی وتوێژه‌که‌ی سه‌رۆکی به‌ڕێزه ..

ئه‌وه‌ی گرنگه ده‌ست نیشان کردنی ڕاستی‌یه‌که په‌یوه‌ندی به واقیعی عه‌ره‌ب‌و ڕێبازی تێکۆشانی ئه‌ته‌وه‌یه‌وه هه‌یه ئه‌وبش ئه‌وه‌یه بوونی وێنه‌یه‌کی تاڵه له‌م ڕاستی‌یه‌دا هیوادارین ئه‌وکاته بێت بیشه‌وه که ئه‌و وێنه‌یه‌ی تێدا بگۆڕێت ، له لایه‌نێکی تایبه‌تیدا ، ئه‌وکاره به ئازاره‌ی ده‌ست نیشانی بۆ ده‌که‌م وه له‌ڵای تاقمێکی به‌رگری فه‌له‌ستینی باسم کردووه ئه‌ویه که تێکۆشانی ئه‌ته‌وه‌یی مه‌یدانێکی فراوانی له به‌رده‌مدا ئامادە ئه‌کراوه ، بۆ ئه‌وه‌ی مرۆڤ هه‌موو ده‌سه‌ڵاتی خۆی تێدا بزوێنێت ، وه هه‌موو توانایه‌کی ، وه به‌رده‌وام هه‌موو ئه‌و ته‌قه‌للایانه‌ی ده‌درێت بۆ ئه‌وه‌ی کاری ئه‌ته‌وه‌یی شۆڕشگێڕی له‌مه‌ودای به‌رینی خۆیدابێ ده‌که‌وێته به‌رده‌م هه‌وڵی ته‌که‌ره نانه به‌رده‌م ، واته ئه‌و حاله‌ته به‌رده‌وام ڕووبه‌ڕووی کۆسپ‌و ته‌گه‌ره ده‌بێت به‌ر له‌وه‌ی توانا‌کان هه‌موو وزه‌و لێ هاتووی خۆی نیشان بدات .

به مانای بۆ ئه‌وه‌ی ئزانامان بۆ قوناغی پێویستی ڕاکردن وه‌ربگرین‌و ئێمه خۆمان بۆ گه‌رم بوون ئامادە ده‌که‌ین وه‌ر ده‌که‌ین به تیزه‌ك که پێویسته وه‌به ئه‌وپه‌ڕی وزه‌وه تا ئه‌وپه‌ڕی توانا که پێی ده‌گه‌ین ، ده‌بینین کۆسپێك دێته به‌رده‌ممان سنوور بۆ جوڵانمان داده‌نێت و ده‌بێته مایه‌ی ڕاوه‌ستانمان ، هه‌موو له‌وه‌دا به‌رامبه‌ر ڕاده‌وه‌ستن ، ئه‌وه ده‌توانین به ڕاکردنی چه‌ند ئه‌سپێکی بچووکیش کاتێ له مه‌یدانێکی ته‌نگه‌به‌ردا ده‌بن ، ئه‌وسا ڕه‌سن له گه‌ڵ ئاره‌سه‌ندا به‌رامبه‌ر ڕاده‌وه‌ستن چوونکه ماوه‌که کورته به‌ڵکو له‌وانه‌یه تاوه‌کو خواستن بو پێك چوونه‌که یه‌که‌م جار له هه‌ندی ڕووکه‌شه‌وه وا دێته پێش چاو که ئه‌سپه ئاره‌سه‌نه‌که چاکتر له ئه‌سپه ڕه‌سه‌نه‌که غار ده‌دات .. ئا له‌م مه‌سه‌له‌یه‌وه پێم وتن .. ئایا ئه‌وه سه‌رنجتان ڕاده‌کێشێت که عه‌ره‌ب چوار جار له گه‌ڵ دوژمنداا چونه‌ته شه‌ڕه‌وه ، له گه‌ڵ ئه‌وه‌دا وه‌تاوه‌کو ئێستا ته‌نیا سه‌رکرده‌یه‌ك نی‌یه که به‌نجه‌ی بۆ ڕاکێشرێت .. ته‌نیا سه‌رکرده‌یه‌کی سه‌ربازیی که له مه‌یدانی جیهانی‌و عه‌ره‌بیدا په‌نجه‌ی بۆڕا گێشرێت‌و وبوترێت ئه‌و سه‌رکرده‌یه ئاوا .. هتد .

● کێشه‌که مه‌ودای ته‌واوی ستراتیژی خۆی وه‌ر نه‌گرتووه

لای ئێمه که‌سانی ئازا هه‌ڵکه‌وتوون وه‌ك تاکه که‌سی .. وه‌ك حاڵات .. وه‌ك نه‌فسێکی گشتی‌ی .. تاوه‌کو له شه‌ڕی تشریندا .. یا وه‌ك ڕووداوێکی گشتی‌ی .. به‌ڵام وه‌ك سه‌رکرده‌یه‌کی ستراتیژی لای ئێمه تاوه‌کو ڕاده‌ی سه‌ربازیدا که‌س ده‌ر نه‌که‌وتووه له گه‌ڵ ئه‌وه‌دا ئێمه چوار جه‌نگمان کردووه له کاتێکدا دوژمنه‌که سه‌رکرده‌ی سه‌ربازی له‌م شه‌ڕانه‌دا ده‌رکه‌وتووه .. بۆچی .. ؟ چوونکه ئه‌وه‌که هه‌موو ده‌سه‌ڵاتی خۆی نه‌ئانده‌وه وه‌مه‌یدانه‌که ڕێگای نه‌داوه که هه‌موو توانا‌و عه‌قڵی تا ئه‌وپه‌ڕی ستراتیژیه‌ت بخاته کار بۆ ئه‌وه‌ی سه‌رکرده‌ی ستراتیژی له ڕێگای لیهاتوویی ڕاسته‌قینه‌وه که به سه‌ندن سه‌ندبێتی به‌رهه‌م بهێنێ .. هه‌روه‌ها سه‌رکرده‌یه‌کی سیاسی دیارمان تێدانی‌یه که فه‌له‌ستین دروستی کردبێ چونه شه‌ڕکه وه‌یا کێشه‌که هه‌موو مه‌ودایه‌کیان نه‌دراوه‌تی به جۆرێکی نه‌وتۆ ڕێگا به هه‌مووان بدرێت که به هه‌موو هێزیان به‌بێ کۆسپ‌و ته‌گه‌ره ڕابکه‌ن .. تاوه‌کو بتوانین ئه‌و سه‌رکردانه ده‌رخه‌ین که مۆڵه‌تی خۆیان وه‌ده‌ست هێناوه نه‌ك ئه‌وانه‌ی هه‌لیان بۆ ڕێکه‌وتووه ، ئه‌مه یه‌کێك له نهێنێکانی نه‌بوونی یه‌ك گرتوو له به‌رگریه‌که‌دا ، به‌واته‌ی بوونی چه‌ند سه‌رکرداید‌ه‌تیه‌ك له به‌رگریه‌که‌دا ، ئه‌م حاله‌ته‌ی حاله‌ته هه‌ر به‌رده‌وام ده‌بێت مادام کێشه‌که مه‌ودای ستراتیژی ته‌واوی خۆی وه‌ر نه‌گرتووه . جا ئه‌وه له به‌ره‌که‌دابێت وه‌یا له مه‌وداو قوڵێتی سیاسی‌و عه‌سکه‌ریدا بێت .

بوونی چه‌ند سه‌رکرداید‌ه‌تیه‌ك له به‌رگریه‌که‌دا ، ئه‌م

● کۆسپ‌و ته‌گه‌ره‌ی دوژمنانو مۆرکی به‌راپه‌ڕێتی نه‌ته‌وه‌که‌وه .

تا ئه‌وه‌یه شته به‌ئازاره‌که‌ی ژیانی نه‌ته‌وه‌که که کۆسپی ده‌وڵه‌تان تێك چڕژانی‌و کار کردنه سه‌ر دۆخی عه‌ره‌ب وای کردووه که کۆسپه‌کان کورت بن ، کاتێ نه‌ته‌وه‌که ده‌گاته ئه‌وپه‌ڕی خۆ خواردنه‌وه ، وبه‌پێش ئه‌وه‌ی به‌ته‌قینه‌وه بته‌قێته‌وه‌و هه‌موو کۆسپه‌کان داماڵێت‌و مه‌یدانه‌که تامه‌ودایه‌کی هه‌ره‌به‌رین بکاته‌وه ... له کاتێکی ئاوادا دوژمنه‌کانی نه‌ته‌وه کۆسپێکی‌تر دانێن بۆ ئه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌که هه‌موو وزه‌ی خۆی کۆنه‌کاته‌وه‌و هه‌موو توانای خۆی بخاته کار بزووتنه‌وه‌که‌ی به هه‌موو هێزیه‌وه به‌ڕێوه‌بۆ

بڕواته ل ٧،٤،٢

پاشماوەی دەقی ئەو گفتوگۆی رۆژنامەگەرییەک بە ڕێز صدام حسین کە پەیامنێری گۆڤاری «المستقبل» لە گەڵیدا کردبوو

رۆڵەکانی سەرکردەوە تێکۆشەران بێنێتە مەیدانەوەو لە هەموو مەیدانەکانی زانیاریدا داهێنانو بە پێنی بنوێنێ ، جا ئەوە لە فیکر شۆرشگێڕیدا بی یا لە فیکری تردا وەیا لە مەیدانەکانی تردا ..

پێش کەیشتن بە ئەم رووداوانە کۆسپێک لەبەردەمیدا دەخولقێنێ ، بۆ ئەوەی سەر لە نوێ بەند بێتەوە ، زۆری ئەو کۆسپانەی دەخرێنە بەردەم تێکۆشانە ئەتەوەیەکەوە لە لایەن دوژمنانی ئەتەوەکەوە ئەوەی لێ دەویسترێت کە بە ئەم رووداوە نەگات کە ئەتەوەکە هەموو وزەکانی خۆی تێدا بتەقێنێتەوو سەرکردەکانی وەبەرهەم بهێنێ ..

● بەغدا .. هەرس هێنانە دەروونێکەی بەسەر بەست کرد

یەکێک لە مەسەلەکان لەم مەبانەدا ئەوەی دوای ڕێکەوتنەکەی کامب دیفید بوو کە هەلویستی عەرەب بە گشتی لە کۆنگرەی بەرزی بەغدادا بە چاک گەرایەوە ، بەلام هەلویستی راستتر ئەوەیە کە عیراق و بەرگری و ئوردن لە حیسابانی خاکدا وەلە حیساباتی ئەوەدا لە دەستیان دەهات مەرکەزێک دروست بکەن هەموو عەرەب بگرێتە خۆ بۆ ئەوەی بیان گوێزێتەوە بۆ حالەتێکی جاک ماوە بە کەس نەدات کە لێی بچێت بدولاوە وەیا واز لە بانگەوازی ئەرکی نەتەوەیی بهێنێت .

بەغداد هەرسی هێنانە دەروونێکەی بەربەست کرد ئەمە یەکێک بوو لە ئامانجە ستراتیژیە گەورەکانی کۆنگرەی بەرزی بەغدا بەلام ئەوەی ئاشکرایە ئەو سیغەیەکی تێکۆشانی نموونەیی نییە بۆ بزووتنەوەکە بۆ لادانی ئەو کۆسپانەی کە باسمان لێوە کردن بەلکو سیغەی لابردنی کۆسپەکان بە یەکبوونی عیراق و سوریایە کە مەودای پێویست وەردەگرێت و ئوردن و بەرگری لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوەو تێکۆشانی نەتەوەیی بەرەو مەبەستە دیاری کراوەکەی دەبات لە گەل ئەوەدا کاری گردبوونەوەی نەتەوە بەهێز دەکات ، کاری کێشەی تال و درێژخایەن دەست پێدەکات کە بەند نەبێ بە کۆسپی دەولەتانەوە کە بێنەمایەی زوو راوەستانی ئەویش دەبێتە هۆی ئەوەی کە نەتەوەکە هەمور مەودای خۆی وەر نەگرێت

المستقبل :-

ئایا ئەمە لە دۆخی ئێستادا دەست دەدات .؟

بەرێز سەرۆك :-

لەوەدا کە پەیوەندی بە یەك بوونی عیراق و سوریاوە هەیە .؟

المستقبل :-

نەخێر بەلکو لە سیغەیەکی جوارنۆلیدا ، عیراق و سوریاو ئوردن و بەرگرێکە .. ؟

بەرێز سەرۆك :-

هەموو عەقڵێک دەبێت نەخشەی ئەو شتە بکێشێ کە دەبەوێت پێش ئەوەی دەست بەکارەکە بکات ، بەلام هەموو نەخشەیەك لە کارە زیندۆکە لە حزەبەکدا دوور خراوە نییە .. بە تایبەتی کارە گەورەکان هەندێ جار مانا میژوویەکەی لەوەوە وەر دەگرێت کە لە ژووری عەمەلیاتی پێشەوە پەیدا دەبێت ئەوەك لە ژووری بارەگای دواوەی بە ئیسراحەتەوە .. ئەو کیانە لەم فەرمانەدا نییە چونکە ئەو کیانی حالەتەی تێدا نییە کە لەوانەیە حالەتێکی نەوعی پەرەسەندووی دروست بکردایە وەك ئاواتی پێدەخوازین و کۆششی بۆ دەکەین .. بەلام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەو دۆخەی ئەو حالەتەی دروست کردووە دووبارە نابێتەوە.. نەوەك بە زەرورەت بە سیغەی چەلەمەکە بەلکو لەوانەیە بە سیغەی ڕۆشنی دووبارە بێتەوە .

المستقبل :-

ئایا دەتوانرێت وا فەرز کرێت کە عیراق کۆشش بۆ ئەوە دەکات ئێستا بۆ نمونە وەیا ئێوە خودی خۆتان نەخشە بۆ ئەوە دەکێشن . ؟ لە سەر ئەو بنچینەیە پرسیار دەئەم دوای کۆنگرەی بەرزی بەغدا واتان دەرخست کە ئێوە خاوەنی بیر کردنەوەیەکی ستراتیژی و نەخشە کێشانن .

● دەبێت دەست نیشانی موفرەداتە نوێکان بکەین

بەرێز سەرۆك :-

نەخشە کێشان خولقاندنی حالەتێکی نەبووی بەردەوام نییە بەلکو بە دەرەجەیەکی بنەڕەتی دانانی ئەوەیە کە هەیە لە مەودایەکی کاریگەریەکی چاکتردا لە چوارچێوەی ئاسۆیەکی بەرینداا .. یەعنی ڕێک خستنێکی نافۆناغی .. لە توانامانداا نییە لە پێکهێنرانی ئەو حالەتەی پێدا تێپەڕ دەبین و لە موفرەداتەکانی خۆمان دور بخەینەوە ... بێگومان دۆخە نوێکە وزعی نوێ خۆی هەیەو موفرەداتی نوێی هەیە وەدبێت سەر لە نوێ دەست نیشا موفرەداتە

نوێکە بکەینەوە بە قەدەر ئەوەی کە دەیدات بە واقیعە نوێکە .. ئەم بەخشینە لە چوارچێوەی دۆخە ئاسایەکەدا بە شێوەیەکی نەوعی و چەندی کە حیاوازە لە دۆخە ئاسایەکە .. چۆن دەگۆڕدرێت .. ؟ ئەوە پێویستی بە وەخت هەیە بۆ ئەوەی بتوانین بیخەینە چوارچێوە راستەکەیەوە .

المستقبل :-

ئەگەرچی بەرەی کۆنگرەی بەرزی بەغدا لە گەل ئەوەدا هەموو عەرەبی کۆ کردەوە نەیتوانی میسر بەلای خۆیدا راکێشێ چۆن عیراق و سوریاو ئوردن و بەرگری دەتوانێت هەموو عەرەب بۆ مەسەلەیەك راکێشێ کە زۆر وردەو شتێك چارەنووسی تێدایە . ؟

● بزووتنەوەی پێشەوە بە توانایەکی نا ئاسایی دەبێت

بەرێز سەرۆك :-

دەمەوێت ئەو شتە روون بکەمەوە کە وتت ، من مەبەستم ئەوە نییە کە عیراق و سوریاو بەرگری و ئوردن دور لە بارستەی عەرەب رەفتار دەکەن ، بەلکو ئەو رەفتارەیان بە شێوەیەکی نەوعی لە پێش تر دەبێت لە کاتێکدا ئەو پەیوەندی بە هەموو توانای عەرەبەوە هەیە واتە عەرەب بە توانای خۆی دەجوڵێن باوای ناو بنێین « تەقلیدی » .

.. بەلام بزووتنەوەی پێشەوە بە جۆرێکی نا ئاسایی دەبێت .. لەو کاتەدا بەرو پێش رۆدەچێت سەرێکی تری بە عەرەبەوە بەندە ئەوەیان لێ وەر دەگرێت کە دەتوانن ببدن .. بەلام رەفتار دەکات نەك لە سەر بنچینەی ئەوەی کە لە کۆڕی کۆمەکی عەرەبدا دەست دەدات بەلکو لە سەر بنچینەو پەرەسەندووی زمیری عەرەب و توانایان .. کۆنگرەی بەرزی بەغدا هاتەدی بە بەخشینێکی ناموتەبز بە دوورەکی دوو وای هێشتبنەوە لە چوارچێوەی سیغەکەدا تا رادەیەکی زۆر لە گەل یەکدا بەرامبەری کردین .. ئا بەو جۆرە سیغەکە هاتەوە دوای چەند مانگێك یا چەند ساڵێك دەبیت هەموو وەك یەك بەرامبەرن .. ئەو مەیدانە دەرناکەوێت کە هەموومان بخاتە یەك شێوەوەوە وەیا رتلێك بە موستەلەحێکی سەربازیی واتە تاقمێکی پێشەوە وەتاقمی دووهەم وەتاقمی ناوەراست وە تاقمێك لە دواوە ، ئێمە هەموومان یەك نەتەوەین بەلام هەموومان لە عەرزەکەدا نارۆین بەلام کاتێك دۆخێکی ئەوتۆ هاتە کایەوە کە بەم شێوەیەمان دابنێت ئەودەمە یەك بوونی نەتەوەکە ئاسان دەبێت ئەو دەمە سەرکردە لەدواوە پەیدا دەبێت وەك ئەو سەرکردانەی لەپێشەوەن ..لەوانەیە سیغەکە حیاوازی هەبی وەیا تەعبیر لێکردنی وەیا ئەوانەی هاندەرن ئەویش کەمێك ، بەلام ئەوەی لە دواوەیە وەك ئەوی پێشەوە دەوری سەرکردەیی خۆی بە نەتەوەتەوە دەداتە تاقمی پێشەوە ؛ بۆ دۆخی حالەتەکە نەك لەبەر ئەوەی ئێمە لە کۆنگرەکەدا دانیشتین بڵێین کی بە کەلکی فەرماندەیی دێت کی ئەرکی لەوی تر زیاتر دەکەوێتە ئەستۆ .. دەڵێن .. عیراق لە کەسانی تر ئەرکی دەکەوێتە سەرشان .. دەڵێین بۆچی . ؟ بەلام شەری درێژ خایەنە کە ئەرکێکی لە کەسانی تر زیاتر دەخاتە سەرشانی عیراق .. ژمارەی شەهیدەکانی تابورێك دەهێنێت کە هیچ بارستەیەکی تر لە نیشتمانی عەرەبدا بێکی ناهێنی .. ئەوحەلە کارەکە ئاسایی‌یە کە پێ ی بوترێت تۆ حێکایەکت کارەکە ئاسایی‌یە کە پێ ی بوترێت تۆ حێکایەکت هەیە لە جێگای مۆزیتانیا لە گەل ئەوەدا کە هەمووان بەشدارن لە شەرفی کێشاکەداو بەرنوەبردنی کێشەکە ، بەلام بوونیان جیاوازی هەیە . دوان دیا سیان ویا چوار فەرماندەیان لێ دەردەکەوێت کە ئەویش شەڕەکە دەریان دەخات نەك ئێمە گولیندیان لە سەر بنێین بەلکو شەڕو تەپوتۆزی شەڕەکە ئەخشەی تاجەکانیان دەکێشێتە نەك دووکانەکانی پشتەوە .

المستقبل :-

بەلام ئایا وا نابینن کە بەرەی کۆنگرەی بەرزی بەغدا پێویستی‌ی بە خوێنێکی نوێ هەیە وەیا خوێنێکی زیاتر وەك دەرکەوت کە لە سەر ڕەقی خۆی نەمایی سەرەڕای ئەوەی بۆ نمونە نەتوانێ کە هێز پالنەر لە ناو میسردا شانەکاتو سەرۆك سادات واز لێ هێنا بۆ ئەوەی لە گەل هیلی پێك هاتندا تاکۆتایی بڕوات .. هەر بەم بۆنەیەوە ، ئایا یە مەزندەی ئێوە مارەی ئەوە ماوە دوای ئەو هەموو شتەی کە روشی داوە قبول بکرێت کە سەرۆك سادات بگەڕێتەوە بۆ عەرەب وەیا بە مەزەندەی ئێوە کاری ئەو کۆتا بووە . ؟

● کۆنگرەنی بەرزی بەغدا دۆخی ئێستا ..

بەرێز سەرۆك - یەکەمین دەمەوێت وەك عەرەبێك بزانێت چۆن بیر دەکەینەوە .. ئەوە کلیە بۆ زانینی تەسەوراتو ئەو ئامانجەنەی لە کارەکانماندا چاوەڕوانی دەکەین .. با کۆنگرەی بەرزی بەغدا وەربگرین .. پێویستە لە سەرمان لە بایەخی کەم نەکەینەوە کاتی بە سەرچاوەی ئەو دۆخەوەی شەتەك دەدەین کە تیایدا بەسترا .. کۆنگرەی بەرزی بەغدا چۆن رووبدا ؟ وەك ئاشکرایە ئەو لە دوای هەردوو ڕێکەوتنەکەی کامب دیفد هات کە بە ئامانجی ئەوە بوون هەرەس هێنانێکی نەفسی دروست بکات .. ئەم مەسەلەیە ئەوپەڕی مەترسی هەیە بۆ سەر چارەنووس و پاشەڕۆژی خەباتی نەتەوەیی .. دوژمنان ناگەڕێن بە دوای کەسێکدا کە خیانەت لە نەتەوەکە بکات ئەگەر رژیم بێ یا چەند کەسی . بەلکو ئەوە کە چون نەتەوەکە لە دەروندا هەرسی دەهێنی بۆ ئەوەی نەتوانی دەوری میژوویی خۆی لە تێکۆشانی و دەوری میژووی خۆی لە بنیات نانو بوونی نوێدا ببینێ .. کاتی هەرەس هێنانە دەروونێکە روو ددات وە لە دەستمان نابەت کە هیچ شتێ دژی ئەوی نکەین کە خیانەت دەکات ، وە ئەوەی خیانەت دەکات لە نەتەوەکە بە هێزتر دەبێت ، ئا لەو کاتەدا ئەم دۆخە بەدی دێت .. بۆ ڕێگا گرتن لەوە کۆنگرەی بەرزی بەغدا بەسترا ئەوەی تیایدا رووبدا لە بارەی عەمەلیەوە کۆبوونەوەی هەموو عەرەب بوو ، جگە لە سادات ، وە بە کۆمەك بڕیاردانی رەفز کردنیان و ئەوەش گرنگە .. کەواتە نەتەوە لە رادەی میللیدا رەفزەکە بوو بەلام رەفز کردنەکەی بە سیغەی رەفز کردن بە جولاندنی دەست بەرەو پشتەوە .. ئەمەش بەس نەبوو هەروەك ئەوە تەعبیرە پێویستە نەبوو دەربارەی حالەتی نەتەوە بەرامبەر خۆی و لە بەردەم جیهاندا کە لە وەزعێکایە جیاواز لەوەی سادات تەسەوری دەکات .. ئەوە بوو کۆنگرەی بەرزی بەغدا پێك وەدەبێت زەمانەکەیمان لە یاد نەچێت و تەعاملی لە ڕێگای بەخششەوە لە گەلدا بکەین کە وەزعی نەتەوە چی لێهاتو وەئێستا وەزعی سادات چی لیهاتووە ..؟

● سادات و ئیمپریالیزم لە بەردەم کۆنگرەی بەرزی بەغدادا بەزین

پێکومان وای بۆ دەخوازراو نەخشەی وا بۆ کێشرابوو کە مەودایەکی بارین لە کاریگەریدا وەرگرێت زیاتر لەوەی ئێستا وەری گرتووە بەلام پێویستە ئەوە بڵێین کە سادات لە کۆنگرەی بەرزی بەغدادا بەزینرا وە ئیمپریالیزمی ئەمەریکایی بەهەموو دەسەلاتیەوە بە بەزاویی ئەبەر دەم کۆنگرەی بەرزی بەغدادا داوەستاو هەموو دنیا ئەوەی زانی کە ئەو نەخشەیە تەنیا سادات راری دەکات .. گۆران لە بیر کردنەوەی ئەوروپایدا دەستی پێکرد تەسریحاتی سەرۆکە گەورەکانی کە لەوەو بەر لایەنی کامب دیفدیان دەگرت گۆرا بۆ قسەی ئەوە کە کامب دیفد ئاشتی ناهێنێتە دی .. کە واتە کۆنگرەی بەرزی بەغدا لە رادەی جیبانیدا گۆرانێکی لە بیرکردنەوەدا دروست کرد؛ هەری هێنانە دەروونێکەی لە رادەی عەرەبدا راگرت ، بەلکو دۆخی دەرونی عەرەب سەرکەوتنی نیشان دەدا بە تایبەتی کە بزوتنەوەکە هاوجووتی پەیوەندی نوێی نیوان عیراق وسوریا بوو لە گەل کۆنگرەی بەرزی بەغدادا .. وە کەواتە ئەو جێمێکی گەورەی وەدی هێنا بەلام ئایا هەمو ئەوەی وەدی هێنا کە پێویستە .؟ سیغەیەکی ئەوتۆ لە واقیعی ئێستای عەرەبدا نییە بە بتوانێت کە هەموو پێویست وەدی بهێنێ ویا هەموو ئەوەی کە پێویستە وەدی بێت چونکە سیغە نزیکەکان ئێستا لە حالەتی کۆکردنەوەی ئەو سیغانەدان کە لە یەك ناچن وە هەندێ جار کە رێك ناکەون ئەگەر نەڵێین لە هەندێ کۆڕیدا «پێچەوانەی یەکترین » . . ئەمەیە حالەتی کاری بە کۆمەڵی عەرەب ..«۲۲ » دەوڵەت .. «۲۲» رژیم ..« ۲۲» سیاسەت .. «۲۲» فەرمانده ..«۲۲» حالەت .. لەبەر ئەوە شتێکی ناسایی‌یە کە لەم واقیعە سیغایەکی پێویست دەرنەچێت بۆ خەباتی نەتەوە بەلام خەباتی نەتەوە دەتوانێت سیغەیەك بۆ عەرەب بێنێتە کایەوە لە ڕیز کردنی هاوبەشی کردنو بڵەی هاوبەشی‌یاندا .

المستقبل - تەسەوری ئێوە بۆ جێ ۲رتنەوەی میسر چی‌یە ؟

● میسر جێگای دەگرێتەوەو جێگای نەتەوە دەگرێتەوە لە ڕێگای خەباتدا

بەرێز سەرۆك - ئەگەر هاتو ساداتمان لە گەل گەلی میسردا تێکەڵاو کرد ئەوە لای ئێمە تەسەوری جێگا گرتنەوەمان نییە .. میسر لە جیاتی خۆیەتی وە لە جێگای نەتەوەیە لە ڕێگای خەباتدا لە بەرگری کردن لە سەر نەتەوە هەروەك چۆن عبدالناصر بوو .. یەکێك لە برا عەرەبەکان قسەی لەوە دەکرد کە عیراق شوێنی میسر بگرێتەوە .. پیم وت ..نەخێر ، عیراق شوێنی خۆی دەگرێتەوە هەروەك میسر لە ؛ عیراق شوێنی خۆی دەگرێتەوە هەروەك میسر لە جێگای کەس نەبوو بەلکو لە جیاتی نەتەوە بوو ،عیراق لە هەر دەمێکدا عەرەب لە هی‌کەی جیا کردەوە ..بە هەمان پلەی کە لە باتی نەتەوە دەبێتو دەوری خۆی خۆمەتیدا دەبینێ جیا دەگرێتەوە .. سەرکردەیەکی عەرەبی نییە کە لە جیاتی عبدالناصر بێت وەرزێمێك نییە کە لە جیاتی میسر بێت ؛ بەلکو لە جیاتی خۆی دەبێت لە خەباتیدا لە پێناوی نەتەوەکەدا .. کەس نییە میسر بێت بەلام میسر ئەو بارستە ستراتیژی‌و هونەریە پڕە نەتەوەکە دەتوانێت لە جیاتی ئەو بێت .

المستقبل - لە ماوەی چەند ڕۆژێکی کەم لەمەوبەر نوێنەرانتان لای خۆتانەوە نارد بۆ چەند دەوڵەتێکی عەرەب کە نامەیان پێبوو بۆ مەلیك و سەرۆکەکان وەك بیستمان کە دڵنیایەك بە هەندی دەوڵەتدا بلاو بۆتەوە باش وەرگرتنی ئەو نامانەیان . ئایا بۆمان هەیە بە ماهیەتی ئەم چالاکیە بزانین کە نیشانتان داوە ومەبەستان لێی چی‌یە .؟

● ڕێگا نادەین عەرەبایەتی خەلیج بشێوێت .

بەرێز سەرۆك - مەبەستت بەحرێن و کوێتە ، ویستمان کە بە براکانی بەحرێن و کوێت وجیهەکان گشتی‌ی بڵێین کە هەر لایەنێکی دەرەوە وا تەسەور بکات کە دەتوانێت دەست درێژی بو سەربەستی عەرەب و وەك گەل و وەك خاك بەرێت ، ئەوەی بۆ ناچێتە سەر وە مادام ئێمە هەین لە جێگایەکدا کە دەتوانین وزەی خۆمان لە دژی ئەوە بگەیەنین ..ئێمە ئەوە دەکەین ، لەوانەیە ئێستا کاتی ئەوە نامادە کراوە کە بە دژ نیشانی هەر لایەنێك بدرێت کە دەست بۆ سەربەخۆیی کوێت یاخو بەحرێن خاك و گەل بەرێت .. بەلکو هەموو خلیج .. ئێمە ڕێگا نادەین ئەرکی نێرراوەکان ئەوەبوو کە ئەمە بە براکان بگەیەنن و ئەوەیان بێ‌بڵێن کە ئێمە هەین و دەتوانن پشت بە ئێمە ببەستن ئەوەندەی کە پێویستی‌یان پێی ئەوەندەی ڕێگامان دەدەن .

المستقبل - پێویست بەوە ناکات کە ئێران هێزی خۆی بۆ بەحرێن بنێرێت بەلام دەتوانی کەلك لە دوخو وەزعی ناو خۆی بکات و ئەوە بکات کە دەیەوێت .. ئەگەر هاتو کاروبار شێواو دۆخی بە جۆرێك تێك چوو کە چارەنووسی ئەو زیمانە بکەوێتە مەترسی‌یەوە عیراق وا هەست دەکات کە دەبێت ئەو رژیمانە بمێننەوە و پارێزگاریان بکات ؟ چۆن .؟

● ئێمە بەعسی و شۆرشگێڕین سۆشیالیستین باوەڕمان بە گەل هەیە

بەرێز سەرۆك - ئەوەت لە بیر نەچێت کە ئێمە بەعسین .. وە شۆرشگێڕین .. سۆشیالیستین و باوەڕمان بە گەل هەیە .. گەل لە هەر شوێنێك بێت ئەگەر وستی بگوڕێت -- وە حەتا لە عیراقیشدا - ئێمە لە گەڵیداین .. ئەمە حالەتێکی بەردەوامەو ناگەڕێت چونکە ئەوە ئێمە یازدە ساڵ بەسەر فەرمان ڕەوایماندا تێپەڕیو .. ئەوە مەسەلەیەکی کۆتایی‌یە لە بیر کردنەوەدا .. گەلی عەرەب لە میسر کاتی فەرمان ڕەواکەی خۆی دەگۆڕێت ئەو مەسەلەیە مانی خۆیەتی کاتێ وا دەزانی کە فەرماندەواکەی بە دەنگ خواستەکانیوە ناچێت ؛ لە عیراقیش هەرمافی خۆیەتی . لەوانەیە لەبارەی تەکتیکیەوە بەو مەسەلەیە قایل نەبین بەلام زەمیرو ئەو بیروباوەڕەمان رازی دەکات کە باوەڕمان پێیەتی ئەگەر حالەتی گەل بێت بەلام کاتێك حالەتێك دێتە پێش بە ئامانجی دەست درێژی بۆ گەل وخاك بۆتێك‌دانی عەرەبایەتی عیراق و تێکدانی عەرەبایەتی میسرو تێکدانی دەوری میسر ئەو کاتە دەوری ئێمە دێتە پێش ، ئێمە رژێمێکی تەمەن دوو ساڵ نین و زانیاری لە هەموو ئەو حالەتانەدا نەبێت کە روو دەدەن و بە نزیك ترین ناوچەی لێیەوە نەزانێت ، کە ئەویش خلیجی عەرەبی‌یە خالە تکنیکیکان لە کوێدا کۆ دەبنەوەو گۆشە تەکنیکیکانی لە کوێدان کە وەك حالەتێکی پێویست بەکار دەهێنرێن لە ڕێگای درێژەی ستراتیژیەتی بێگانەوە بۆ ناوچەکە وەیا حالەتێکی ئاسایی گەل لە پێوەندی نێوانی لە گەل لە پێوەندی نیوانی لە گەل فەرمانڕەواکەیدا . حالەتی گەلو پەیوەندی نیوانیان نە گەل فەرمانڕەواکانیدا ئەوە ئەرکی ئێمە نییە چونکە ئێمە هەرگیز نابینە پۆلیس .. ئەوە کاری ئێمە نییە ، ئێمە تاوەکو بۆ خۆمان نابینە پۆلیس تەنیا دژی بێگانە نەبێت وەدژی ئەلقە لە گوێو خیانەت کاران نەبێ بەلام دژی گەل.. ئەوە هەرگیز .

المستقبل : بە هەر حالێك .. ئەم هەلویستە لە لایەن ئێرانەوە لەوانەیە سودی بێ بۆ پێویستی‌ی وەدی‌هێنانی چەند گۆڕانکی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی لە ناوچەی خلیجدا ... لەوانەشە هەندێك هەستی هەریمایەتی خلیجی‌یانە بتوانێتەوە قەناعەت بە حاکمەکان بکات پێش خەڵك بەوەی کە رزگاربوون بە هۆی نەتەوەی عەرەبەوەیە .

سەرۆکی بەرێز :

پێویستە سرد وەربگرن‌تەنانەت ئەگەر جم‌وجۆڵی‌یەکەی بێگانە حەند دروشمێکی بەردە ئاسایی‌یانە هەڵبگرێ‌و پیوستە بە ئاگا بن وپارسەنگی پەیوەندی نێوان خویان گەلەکانیان لەسەر چەند بنچینەیەکی راست بەرامبەر بکەنەوە .

المستقبل :

سەبارەت بە دیاردەی ساردیی نێوان شۆرشی عەرەب و شۆرشی ئیسلامی لە ئێران ... ئایا ئێوە وا نابینن کە ئەم دیاردەیە دەبێتە مایەی سەرسورمان هەروەك ئەم گویزارانەوەیەی کە لە ئێراند رووبدا سەبارەت بە شۆرشگێڕەکانی عەرەب هیچ ئەگەیەنێ ، ئایا ئاکۆکی‌یەکی بنەڕەتی هەیە ... یاخود بە پارێزبوون لە شۆرشی ئیسلامی لە ئێران هەیە ؟ئێوە دیاردەی بە یەك گەیشتنی شۆرشگێڕەکانی عەرەب لەگەل عەرەبە کلاسیکی‌یەکان لە سەرچاوەی بنچە تەبایانەی شۆرشی ئێراندا چۆن لێك دەدەنەوە ؟.

● هەموو شۆرشێك پێویستە دۆستی شۆرشی عەرەب بێ

سەرۆکی بەرێز :

بەعسی‌یەکان لە عیراق بەلای پێوداگەی کلاسیکی‌یەکاندا نەیان شکاندوە ...واتە ئێمە نەمان خواستونەتەوە ... ناکۆکی بنەڕەتی‌ی لە زمێرەوەری‌یە کلاسیکی‌یەکاندا لە کوێ دایە ؟ ئێستاکە هێزە شۆرشگێڕە نێو دەوڵەتی‌یەکان ئەم پێوداگە کلاسیکی‌یانە ، بۆ نموونە ، هەلویستێکی دژ بە سۆڤیەتیان هەیەو دەبینین کە سۆڤیەت لەگەل فلانە لایەن هەلویستێکی دژ بە حالەتێکی تری هەیە ـهەروەها دەبینین کە چەند شورشگێڕێك لە چەند ڕێژیمێکی دیاری کراودا دژی چەند هێزێکی ترن کە لە ڕواڵەتدا بە سەبر دێتە بەرچاو .. کە وابووتەنانەت ئەو حەلکانەی کە بە بەکارهێنانی ئەم زاروانە دەستیان پێ کرد ئێستاکە جێ‌بەجێیان ناکەن ... دەگەڕێینەوە سەر پێناساندنمان بۆ شورشی عەرەب‌و ئنجا بناساندنمان بۆ شۆرشی ئیسلامی شورشی عەرەب ، ئەرکەکەی ، گۆڕینی کۆمەڵە لە هەموو مایانەکانەوە... گۆڕینێکی چۆنەکی بۆ پێشەوە بۆ دەستخستنەوەی سەر بەرزیی عەرەب لە ڕێ‌وسوتنی نوێداو بە بزوتنەوەیەکی نوێ ..هتدو، دانانی نەتەوە لە ئاستی دوژمنەکانی‌دا هەلویستێکدا کە بتوانێ حالەتێك وەدی بهێنێ کە بەهۆیەوە بتوانێ خۆی بنیات بنێ‌و نەتەوە بخاتە شوێنێك کە بێتە مایەی ئەوەی بتوانێ زۆروجەوررەفز بکات‌و داد بەروەری وەدی بهێنێ ..ئا ئەمەیە شۆرشی عەرەب ئەو ڕێ‌وشوێنی ئاینەکان نییە بەلکو بەهاناوەندی‌یەکان لە مێژووەتەیەوە وەردەگرێ وئاینەکان بە شێکن لە مێژووی نەتەوە ... شورشی ئیسلامی وهەموو شورشێك بۆ ئەوەی ئیسلامی بێ‌یەك کە دۆستی شۆرشی عەرەب بێ‌و هەر ناکۆکی‌یەك کە نێوان هەرشۆرشێکدا کە خۆی ئیسلام ناوبات‌و لەنێوان شورشی عەرەبدا هەبێ مانای ئەوەیە کە شورشەکە ئیسلامی نییە ... من وەك شۆرشگێڕێکی عەرەب بەم شێوەیە لەشت دەگەم .

● شۆرشی راستەقینەی ئیسلامی ئەوەیە کە فیکری عەرەبی بگرێتە خۆی

سەرۆکی بەرێز :-

ئەو شۆرشێکی نا ئیسلامی‌یە .. بەلام ئەو شورش نەبێ ئەمە شتێکی ترە وانە ... ئەگەر شورشێکی فارسی بێ‌و ئەگەر شورشێکی ئەفغانی یاخود شورشێکی پاکستانی شورشی ئیسلامی بە تەنگیەوە بێ .. بۆ ئەوەی بەراستی ئیسلامی بێ .. ئەوەیەکە فیکرەی عەرەبی باسمان کرد بگرێتە خۆو ...

بڕوانە : ل : ٤

Institut Kurde de Paris

نیکۆس کازانتزاکیس

لە ئەدەبی یۆنانیدا

کۆشاد حمە سعید
ئامادەی کردوە

نیکۆس کازانتزاکیس .. نووسەری بەرزی یۆنانی و هاوچەرخە . کە لەپۆپەیەکی ئەدەبی جیهانیە .. لە - ٨- دیسیمبەری - ٨٨٥ - لەدوورگەی - کریت- لەدایک بووە و لەزانکۆی (ئەسینا) خوێندنی یاسای دەست پێ کردو ئینجا بەرەو پاریس ڕۆیشت و دەستی کرد بەخوێندنی فەلسەفە و لەدواییدا بەرەو یۆنانی نیشتیمانی گەڕایەوە و دوسال لەهەمووشتێک دابڕاو دورەپەرێز لە «دێری» رەبەنان لەسەر چیای (ئاتوس) کە لەڕۆمانەکانی زۆر نساوی دەبا دەستی کرد بەبیرکردنەوە و تێڕوانینی قوڵ و تێرامان کە ئەحەشس بوەهۆی هەژانی بیرو ناخی ئەم پیاوە .. ئنجا گەڕایەوە بۆ ژیانێکی ئاسایی بەوپەری داهێنان بەهێزیکی زۆر بەبیت و پڕ بەرهەم .. وتاری زۆری لەسەر رەخنە و فەلسەفە بڵاوکردەوە ، کەلێ شانۆگەری نووسیوە لەوانەش (تسیوس) و « عتەیل دەگەڕێتەوە» و مەسیح و بوزاو بەومیشیوس)و شیعری وزدانی و مەلحەمیش نوسیوە. لە بەناوبانگ ترین کارە شیعرەیەکانی داستانێکی شیعری بەناوی (ئودیسا) کە «٣٣٣٣٣٠» دێڕ دەبێت تەواوی ڕێڕەوی فیکری (کازانتزاکی) پیشاندەدا . پاش تەمەنێکی زۆر دەستی کرد بەرۆمان نووسین و توانی ناوو ناوبانگێکی جیهانی وەدەست بهێنێ . . رۆمانەکانیشی ئەوپەڕی توانایی داهێنانی ئەم و نووسەرە مەزنە پیشاندەدەن لەگەل هەموو تێرامانە قوڵەکانی لەڕاندا .

لە رۆمانەکانی (زۆربای یۆنانی) (بڕا دوژمن بەیەکەکان)و (کاپتن میخائیل) ئەم نووسەرە بەیەکێک لە ئالاشەکاوەکانی ئەدەبی (یۆنانی)دادەنرێت . سەردەمی ئەم نووسەرە بەسەردەمی بوژانەوەی ئەدەبی یۆنانی و زیندووکردنە . ئەوەی ئەو ئەدەبەی کەرەگی لەقوڵایی مێژوودا بوو دەژمێردرێت . چونکە تورکە عوسمانیەکان زیانێکی زۆریان لەزمان و ئەدەبی یۆنانیدا بەجۆرێک کە لەچەند گۆرانیەکی بەولاوە شتێکی واپان بەزیندوویی نەمابۆوە... پاشاگەردانی و جەرمەسەری و دورخستنەوەش پاشەڕۆژی ئەو ئەدیب و نووسەرانە بو کەلەم سەرو بەندانەدا کە بەماوەی (تعبیر الوطنی) ناسراوە ، هاتنەکایەو ، کە هەوڵی دروست کردنەوەی نەتەوەی - هیلینیان)دەدا .

ئەوانە باوەڕیان وابو کە هەر سەردەمێك کۆمەڵە گیروگرفتێکی تایبەتی هەیەو لەسەر ئەو نەو ئەوەیەشس نیویستە چارەسەریان بکات .

لەم سەردەمە نوێیەدا دوو قوتابخانەی شیعرو پەخشان سەری هەڵدا ، بەکێکیان لەدوورگەکانی (الایونیە) گەشەی کرد ، بەناوی قوتابخانەی (الایونیە) لە سالی (١٨٢٠ - ١٨٨٨) سەرکردەکەش (دیونیسیوس - سولوموس)ی شاعیر بوو . قوتابخانەی دوەم لە(ئەسینا) سەری هەڵدا لە (١٨٨٨-١٩٢٠) کە نوسەرانی سەردەمی ئەم قوتابخانەیە توانیان زمانی یۆنانی پاك و زیندوو بکەنەوە .

ڕابەرینە شیعریەکە کە یەکەم بۆزانەوەی ئەدەبی بوو لە دوورگەکای (ئایونی) کە دورە دەستی عوسمانیەکان بوو گەشەی کرد و دەستی کرد بە دەربڕینی خەمەکانی مبللەت لەگەل هەستە مرۆڤایەتیەکان وەک : ئازادی و ڕاشەرۆژ و مردن و (سروشت) .. ئینجا پەخشان بەدوای شیعردا دێت کە لەقوتابخانەی ئەسینا دەستی پێکرد ... بناغەی پەخشان لەسەر زەفیەی شارستانیتی کۆنی یۆنانیەوە دەستی پێکرد ، لەبەر ئەوە رۆمان و کورتە جیرۆک رۆڵێکی گرنگیان هەبوو بۆ دروست کردنی زمانی ئەدەبی لەزمانی یۆنانیدا . لەو قۆناغەدا گەلێ ئەدیبی بەرزی وەک الکسندر بابادقیتس (١٨٥١-١٩١١ و ئاندریاکار کافیتساس (١٨٦٦ - ١٩٢٣)و قسطنطین سیوتوکیس (١٨٧٢-١٩٢٣) مۆرکێکی شوانکاریانەو دەشتەکیانە (الدعاة) بەسەر نوسینە کانیان زاڵ بوو چونکە سەرچاوەی سروشتی نووسینەکانیان کوندەکان بووە لەباش جەنگی یەکەمی جیهانی کۆمەڵێ نوسەری لاو پەیدا بون کەتوانیان بە تەکنیکێکی نوێ دەستکەن بەنوسین و ئەم (قۆناغە) زۆر نووسەری پێگەیشتوی لێ هەڵکەوت و توانیان ئەدەبی یۆنانی بکەن بە ئەدەبێکی جیهانی لەوانەش (سکرافنیس، یورغوس . سیرتوکاس) ئەمانە بوونە پێشەنگی ئەدەبی یۆنانی پاش جەنگی دوەمی جیهانی لە (شیعرو پەخشان)داو کازانتزاکیش یەکێك بوو لەوانە کە بەئاستێیەکی زۆر فراوان و توانایەکی گەورە وەرۆمانەکانی خۆی ئاشکرا کردو خستیە روو کەئەمانەش شتێکی زۆریان خستە سەر زمان و ئەدەبی یۆنانیەوە .

گەرسەیری نوسینەکانی کازانتزاکیس بکەین بۆمان روون دەبێتەوە کە ئەلقەیەکە لە زنجیرە لەیەک نەپچراوەکەی ئەدەبی یۆنانی کۆن لە بەکارهێنانی (داستان و بیروباوەڕە غەیبیە کۆنەکان و گۆڕینیان بۆبیرێکی واقیعی لەنوێترین شێوەدا . لەوبسنەکانی کازانتزاکیس دا شەپۆلێك لەرەشبینی بەدیاردەکەوێ کە زۆرجار دەگاتە ڕادەی نەبوون (عدم)و بوون لەکن ئەودا دەبێتە شتێکی بێمانا .

لەگەل ئەوەشدا زۆر کەڕەت مرۆڤ لەلای ئەو دەبێتە هێزێکی گەورەو دەتوانێ بەسەر شتەکاندا زاڵ بێ کە لەدەرەوەی خودی خۆی گەف لەژیانی دەکەن . ئەم نووسەرە خسەکانی ناوەوەی زۆرانبازی و خیرو شەر، تێشکانە کانی دەربڕیوە .. بەنوانایەکی زۆرەوە لەلێك گرێدانی شتەکۆنەکان بەتنگەیشتنێکی نوێوە . ئەم نووسەرە هەموو ئاکارو هەلسوکەوتێکی یۆنانیانەیەو لە کەسایەتی کەلتووری یۆنانی وەرگیراوە ، لەچارەسەرکردنی مەسەلە کانیش مۆرکێکی جیهانیانە وەردەگرێ لەبەر ئەوە ئەدەبەکەی یۆنانی و جیهانیە لەیەک کاتدا .

لەگەل ئەوەشدا کازانتزاکی ڕێرەوێکی رەشبینی و عەدەمیانەی هەیە بەڵام خالی نیە لە یاخی بوون لەسەر یاسا نابەجێیەکان و بانگ کردن بۆژیان و سەرکەوتن بەسەر مردن و تێکوشانێکی بەردەوام. هەرچەندە لەو باوەڕەدایە کە مرۆڤ لەسەر رۆخی هەڵدێرێکی گەورەدایە کە (عەدەمە) کە هیچ کونێك لەسەر ئەو نەوەیەش پێوویستە نیە بۆ لێرزگار بونی ، بەڵام لەکن ئەودا هیوایەك لەدوای بێزاریەوە هەیە کە تێکۆشانە بۆ بەرزی و نەهێشتی ئەو هەڵدێرە ترسناکەو ، خۆشەوویستی و کارکردن تاکە ڕێگایە بۆ سەرکەوتن بەسەر هەموو دیاردە سلبیەکانەر ژیاندا .

کازانتزاکیس ، بۆ یۆنان ژیا ئەو یۆنانەی خۆشیەکی بێپایانی بۆدەبەخشی ، زۆری حۆشەوویستی بۆ مرۆڤ و سروشت و جوانی و کەلتوورە نەمرەکەی یۆنان بەجێهێشت لە - ١٨- ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٧دا لەو هەڵدێرو خەرەندەی هەرگێز لێ نەدەترسا کەوتە خواری و مرد .

ئەو گورتەباسە لەرۆمانی المسیح یصلب من جدید)موە وەرگیراوە

لە تووڕە بوونا یەکین

شیعری :
● خەبات عارف●

من و تۆ ، دوو کەسی زبندووین لە پێناوی نەمریدا .
یەك کەسین و بۆ سەربلندی ئەم خەلکە ،
پێکی مردن ئەخۆینەوە .
ئەمرین کاتێ ، کە بێدەنگی ئەبێتە چرا ،
بە دەستی ئەم خەلکەوە بۆ دۆزینەوەی تاریکی .
تووڕە ئەبین کە سەر لە نوێ خۆری دەنگێ ،
هەڵدێتەوە
من و تۆ : لە تووڕە بونا یەکین .
لە مردنا ، نەبینە دوو کەسی نەمر : لە ئاسمانی نەمریدا
باڵی ژیان لە سەرمانا : ئەکرێتەوە .
من و تۆ دوو کەسی مردووین لەپێناوی نەمریدا
یەك کەسین و بۆ سەربلندی ئەم خەلکە
پێکی ژیان ئەخۆینەوە .
من و تۆ لە دوا پلەی بێزاریشا ،
دەستی ژیان ماچ ئەکەین و ڕێزی ئەگرین .
بۆ کەسێکی نوێتر ئەمرین ! .

سەرەتایەك لەکێشەکانی ڕێ نووسی کوردی

رەئووفی ئەحمەد ئالانی

«٩- پیتی واو = / و /»
ماوەیەك لەمەوبەر لەڕۆژنامە ی هاوکاریداو پشت بە زمان دۆستان نێوبەنێو جەند وتارێکم لەم بەحسەم پێش کەش کردن .

لە کەموکووڕی ئەلفوبێیەکەمانەوە نیشانەو ڕەمزی / و / دوو نمرك دەبینێ :

١ - / و / ی دەنگدار :

باری ڕەسەنی ی ئەو دەنگە - لەکوردیدا - ئەوەیەکە لە کۆکردنیدا لچولێو بزووناسایی کۆناکرێنەوە ، وەك لە / و / ی عەرەبیدا دێتەبەرگوێ ، بەلکو لەکوردیدا لچولێو خونچاسا دەپشکوونو کەمێ پەخدەبنەوە ، وەك لە سەرەتای زەردەخەنەدا ... نزیك دەبێتەوە لەدەنگی / ف/ کە بۆ ئەویش بەئامەتم لچ دەدا لە ریزەددانی سەروو... سازگەی دەنگی / و / وا هەڵگەوتوە کە بەمەندی وتنەی لەسەر ناکرێ و هەناسەداره ، هەر لەبەر ئەو خاسیەتەیە کە بزوێنیشی لەگەڵدانەبێ پێی دەگوترێ نیمچەبزوێن لەخوێیدا ، لەبەرئەوە سەودای تایبەتی لەگەڵدا دەکرێ ، وەك دەنگەمەندەکانی دی نیە ، بگرە بەچەشنی دەنگی / ی / نەرم و نیانیەکی تایبەتی هەیە .

١ - لەبەرایی وشەوە :

هەمیشە دەنگدارەو بزوێنیشی لەبەواوە زەقنەبێتەوە حیسابی نیمچە بڕگەی بۆ دەکرێ ؟ چونکە لەباتی نیمچەژێر بۆرێك « ضمة قصیرة جدا » « کسرة مختلسة » نیچیە لەگەل خۆیدا دەسازێنێ . . بەوێستاوی لەسەرەتاوە گۆناکرێ وەك :

« وشە ، ورچ ، ورگ ..... »

هەرچە - دە لچولێو زەحمەتبەدین ناتوانین - بەنموونە - ئەوسێ وشەیە ، لەسەر کێشی (کشنە ، کرچ، زرك) کۆبکەین ، بەلکو لەسەرکێشی ، یان نزیك بەکێشی « گوشە ، گورج ، گورگ » کۆدەکرێن .

هەندێ کەسان زۆری لە لچولێوی خۆیان دەکەن ، کە دەبینن نووسراوە (ووشە) جووتە / .. وو / زەقبووەتەوە ، حیسابی درێژەبزوێنی بۆ دەکەن ، وەك لە (ڕووش)دا ئەو زەینترازانە لە هەڵبەزینەوەی روانینی جووتە نیشانەکەوەبەو هنمان مەلەکەیان بۆ بەبدانەبووە کە /و/ ی بەرایی دەنگدارە .

٢ - و / ی دەنگدار لەدوای نیمچە بڕگەوە :

واتەخۆی نیمچە بڕگەنەبێ - وەك لەخالی یەکەمدا باس کرا - ئەوسا لەپێش خۆیەوە نیمچەبۆر ، سازدەدا، وەك : -

« چـ / وار ، خـ / وار ، بـ / وار » یان لە دواوەی سازیبدا وەك لە (و / رچ) دا ، . کەواتە نووسینو نەسینی ئەو نیمچە/و/ وە یەکسانە بەچاو هەردوو نموونەکەوە ... کە بەراستزانرا بنووسرێ « ووریا » دەبێ ڕێگە لەوەش نەگیرێ کە بنووسرێ «خووا، چووار ... هتد » کەچی تائێستا نووسینی دۆخی یەکەمیان بە جووتە (وو) و دوەمیش بە تاکە (و) دەقی پێوەگیراوە ، کەواتە بەجێیە کە بنووسرێ : « وشە ، وریا ، ون » .

ئەنووسرێ : « ووشە ، ووریا ، وون » .

لەهەمان کاتدا دەبێتە مایەی بارسووکی بۆ کەلەکە- نەکردنی چەند واوێك ، وەك لەم رستەیەدا :

(چووو وون بوو) هەمان رستە بێتو لەسەر ئاخاوتنی ئەردەڵانی دەبیرین ، ئەوا بەم چەشنە دەبێ : (چوو و وو ن وو)

شتی لەوە سەمەرە تریش دێتەبەرەوە !! .

چەند جار ئەوەم دەربڕیوە کە هەموشتێك لەرێنووسی ئاساییدا بەشکڵ و نیگاری تایبەتی و سەرومڕ رەمزکێش ناکرێ ، زۆر لایەن بەدەستووری ڕێزمان دەسپێردرێن ، وەك بڵێین :

« هەموو / و / یەکی بەرایی وشەو سەرەتای بڕگە بەمەرجێ دەنگداری لەپێشەوە هەبێ نیمچە ژێر بە نیمچەبۆر دەشکێنێتەوە ، نبدی پێویست بە رەمزاکێشی ئەو بزوێنەمە فرەکورتە ناکا بەتایبەتی لەم ئەلفوبێیەی ئێستامانەدا .

٣ - بەم هاوکێشە - معادلة - بە، / و / هەمیشە دەنگدارە : « بزوێن + و ، یان / و / + بزوێن . » وەك - کەوەر ، کاو ، نوا - .

٤ - لەباری ناچاریەوەیە کە هەمان نیشانەی دەنگدار ، بووەتە نیشانەی بزوێنیش وەك لە « کەو ، کورد » دا . تارادەیەك ئەم گرفتە بەنووسینی لاتینی چارەکراوە، کە هەمان دوو وشە بنووسین :

« ... و »

ئەگەر بیرلەوەبکرێتەوە کە هەرچی پیتە - بزوێنە لە قالبی پیت دابێ و لە فزەمدا لەگەل دەنگدارەکان جیابکرێنەوە - ئەمە قسەیەکی نەزەریەو نەلەکێشی پیتە عەرەبیەکاندایەو نە لەکێشی لاتینیە تەقلیدیەکەشدایە . . . باری راهاتن و رای گشتیش لەوڵاوە بوەستێ !!

٥ - بۆری تیژو نیشانەی (.. وو) :

هەرچەندە لەرواڵەتدا بربتیە لە جووتە واو بەڵام تنکرانیشانەی یەك درێژەبۆرە، بە درێژایی قۆناغەکانی رۆتوسی کوردی ، دەمەقاڵی لەسەر ئەو جووتە واوە کراوە .. تاڕادەیەکی باشس زەینی زۆرینەی زمانەوانانی کوردی ترازانەوە ، لە وردەکاری دەنگسازیدا ، زۆر دەستووری وای سازاندوە ، دەبێ مەردوم ناوی بنێ : -

« گەمەی زمان !! »

جارێ پەنجە بۆ ئەو راناکێشم کە « و » ی کەشیدە بەسەربێ ، یان جووتەنی بێ ، وا دەخوازێ کە لەبەرایی و کۆتاییەوە کنەیەکی تیدا بکەم :

١ - لەمەرجێکدا قسەکەی لەمەوبەر نەسەلێنرێ کە لەبەرایی وشەوە پێویست بە جووتە واو ناکا ، مەگەر لەچەند وشەیەکدا کە / و / ی دەنگدارو / .. وو / ی بزوێنی تیژی بێ بەدوادا ، وەك « ووون = خوون - خوێن » لەسەر کێشی «بوون» بە حیسابی رێنووسی باو ، بۆ جیاکردنەوەی لە « وون » بە واتای (گوم) .

بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوەکەی من بەم رەنگە جیادبنەوە :

(ول = گوم ، وون - خوێن) . دیسان لەسەر باوی جووتە واو لەبەرایی وشەدا ، چەند واوێك جەڵەدەبن و دیمەنێکی سەیر دەخۆڵقێ ، وەك لەم رستەیەدا کە بە شێوەی : گۆزان و ئەردەڵان بگوترێ : « برینەکە خوێناو ووو و ووونی لێ پژیا » واتە - خوێناو بو و خوێنی لێ پژا - .

لێرەدا هەشت واو ریزبووە، ئەگەر ئەم رستەیە رێکەوت بێ ئەوا جەڵەی پێنج واو ، ئاساییە .

● ماویەتی ●

پلنگ و پەیکەر

شیرکو بێکەس

لەسگیانەڵاوی ئێوارەی پڕژێکتابوو گەیشتمە لات .. برینەکانم هەر لەبەر دەرگاکەوە .. خۆیان هاویشتە باوەشی ڕووبارەکەت گرتنیوەو بەدەم ماچی گریانەوە بردنیە شار « ئەمە تۆی مین لەناو خەوی چەند ساڵەمدا هەبوو شەوێ ئەمبینیت و دەستم ئەخستە کەمەرت بەیەکەو سەمامان بۆ : باران .. لووتکە .. هەتاو ئەکرد ، ئەمە منم .. (کۆرژەم بۆ تۆ هێناوەتە باڵ (زاوا -بووك) بە دوو قۆڵی سەرئەخەنە سەر شانمان و ئێمەش ورد ورد لەبەر خۆوە ئەوسرووەیان بۆ ئەڵێین کە یەکەم جار لێرە پشکوت بمکەرێنە نە شارەزای گەلێ شاری چاوی خۆمم ، لە دڵێ خۆمدا ون ئەبم .. گواچوارچرا !! ترسێ نیگای تروکانی .. بەنجەی ئاوڕت خستە سەر .. بێدەنگی یەك وەکوو کلووی بەفرێکی مات لە باپێچی ڕووخسارماندا ترووشکەی کرد کە ڕاوەستاین مێزوومان دی پاشەوپاش ئەکەڕایەوە .. ڕۆژژمێرێکی داینە دەس لە خۆرنشین هەڵکێشرابوو ! کەواتە من حەوت ساڵان بووم کە تۆبوویت و لێرەدابوو خۆرت هێناو ئەدا لەبەرۆکی ساباڵاغ لێرەدابوو شانۆیەکت لەگوڵاڵە دروست کردوو ئەستێرەت پیا هەڵئەواسی شایی نێرگز .. لە ناو بەفرا ئەیخابان و چراخانی مۆمی پەنجەی داگیرساوی درەختەکان ، نۆبەرێتی ڕووناکی بوون ، کەواتە من حەوت ساڵان بووم »

بەستەلەکی بێدەنگیمان
کە چەند زەرنەقووتەی ئاخێ
سەریان لەناو سنگمانەوە هێنایەدەر
بەبێ ئەوەی پێبزانین .. لە دڵێ ئاونگی ناو
ئەستێرەکانی پێڵویان ئەخواردەوە ..
وتت : بەڵام نیستە لە زێر هەردوو قاچی «بەیکەردا » شار ، پلنگێکە
ئەزنۆ شکاو .. تۆ بروانە چۆن لە نێوان هەردە پەنجەی پەیکەرەوە
هەتا ئەمڕۆش خوێنی هەڵز کوژراوەکان دێنەخواری و لە چەقی گشت
ڕێگەیەکدا ، وەرزێکی نوێ ناونووس ئەکەن ، تۆز بروانە
« محمد » چۆن لەناو نەڕەی شێرەکانی هەرچوارگۆشەی باخچەکەوە
دێتەدەرێ و هەتا نیستەش بەیکەرەکە ئەتۆقینێ !
گەڕاین .. گەڕاین .. لە پێچی هەر شەقامێکت و کۆڵانێکتا .. گەڵا
سەرنجەکانم ئەوەرین ، ناسیاوم و نەناسیاوم ، جلەکانم ، جامانەکەم
هەندێ وشەم .. پێناسن بوون ئەیانکردمە کۆڵی دایکی خۆشەویستیت
ئەیانبینیم کوێرەکانیم لە ناو گاولاشی دڵیاندا سەر لە نوێ ئەتەقانەوە
قوربانت بین سەرنوشتمان وا لە دەستی ئێوەدایە.. تو خوا باشین !؟
قوربانت بین !»
گەڕاین .. گەڕاین .. کچەکانت پۆلە گول بوون .. لە چارشێوی
ڕەنگاوڕەنگدا هەڵئەفڕین و لە سەر لقی هەردوو دەستی هەڵ لە رزیوم
ئەنیشتنەوە ، چرای مەمکیان ئەدا لە شەختەی ڕوخساری
وەریوی من توخوا خەلکی سلێمانیت !! بریا .. بریا سلێمانم بدیتایە
ئەی کچی جوان لەبەر بریاو خۆزگەی تۆیە .. سەرم داوە بەو شاخانەو
لەبەر بۆکروزی جەرگی تۆیە گیانم کردۆتە چراوگی دارستان و ئەشکەوتەکان
لەبەر ئەو ئیسکە سووکەتە ڕەنگم پەڕیوی ناو تەمی سەر ماڵانی
سلێمانی و سەر ئێرەیە ئەی کچی جوان !
لە گیانەڵاوی ئێوارەی پڕژێکتابوو گەیشتمە لات... برینەکانم هەر لەبەر
دەرگاکەوە خۆیان هاویشتە باوەشی ڕووبارەکەت.. گرتنیوەو
بەدەم ماچی گریانەوە بردنیە شار .

١ - زاوا -بووك : شاخێکە لە گوێژە نزمترو کەوتووتەسەرووی شاری مەهابادەوە .
٢ - پەیکەر : پەیکەری شا
٣ - محمد : پێشمە وافازی محمد

Institut Kurde de Paris

باشماوەی دەقی ئەوگفتوگۆی رۆژنامەگەریی بەریز صدام حسین کە بەیانیی گۆڤاری «المستقبل» لەگەڵیدا کردبوو

ناکۆکی‌یەك کەلەنێوان خۆی‌و ئەو فیکرەیە دا هەبێ لایبەرێ‌و کاتێك ناکۆکی لە نێوان خۆی‌وفیکرەکەو لە نێوان خۆی‌و ئەم شۆرشە دەردەکەوێ ... ئیسلامی دەبێ .. من وەك عەرەبێك‌بەم مانایە لە شۆرشی ئیسلامی دەگەم . . خۆ ئەگەر شورشێکی ئیسلامی بێت‌و هەست‌بە بوونی بکات لە نێوان خوۆو نێوان چوارچێوە بەربوتەکان لە هەر ریژیمێکی عەرەبدا ، ئەمە شتێکی سروشتی‌یە . ئەمە هەمان شتەکە شۆرشی عەرەب خۆی هەستی پێ دەکات ... ناکۆکی لەنێوان ئەوو لە نێوان چوارچێوەکانی هەندێ ریژیمی عەرەبدا هەیەو لە نێوان ئەوو دروستبوونی پێك‌هاتنی ریژیمەکەی .. لە نێوان هەنگاونانەکانیدا ولە نێوان سیاسەتەکانیدا . لە نێوان دروست بوونی پێك هاتنی ریژیمەکەی لە نێوان لە بەیوەندی ریژیمەکەی بەگەل .. بەڵام کە سەرنجێك لە شورش بدەین لە ئێراندا دەبینین کە چۆن لەگەل عەرەب رەفتاری کرد ... ئەو ئەگەر رایبگەینێ کە دژی هەموو شتێکی خراپی عەرەبە ئەوا دەڵێین ئەمە راستە چونکە ئەو شورشێکی ئیسلامی‌یەو پەیوەندی لەگەل شۆرشی عەرەبدا بەبەیوەندی‌یەکی دلسۆزانەیە .. بەڵام بۆ ئەوە بێت تاوەکو بەبۆ خراپە (فساد) دابنێ‌و هەندێکیان بکات بە دوسنی‌و هەر بە قسە باسی هەندێکی تریان بکات .. ئەم جۆرە شورشە ناکرێ ئیسلامی بێ .

● **بۆچی دوورگەکانی عەرەبیان نەدایەوە بە خاوەنەکانی**

دوای ئەوە دەپرسیں کەم‌وکورتی عیراق بەرامبەر بەم شۆرشە چی‌یە ... ئەگەر عیراق بەرامبەر بەم شۆرشە کەم‌وکورتی هەبێ ئەوا دەڵێین ئەم شۆرشە هەقیەتی کە لە شێوەیەکی وەختەکی یاخود هەتا هەتایە لە عیراق «دلگیرین» بەڵام عیراق کەم‌و کورتی بەرامبەر نەئواندوە ، بۆ ماوەی حەوت سال ئێمە یاردتی هەموو ئەو خەلکەمان‌دا کە لە ئێران لە ریزی پێشمەوە دەرکەوت‌و رابەراندنی دەورە تێکۆشانی‌یەکانمان دژی شاە بۆ ئاسان‌کردن .. تا وەکو بەرپابوونی شورشیش یارمەتی زورپەیانمان‌دەدا .. جا بۆیە کاتێك دژی شورش لە عیراق هێرش دێنن ، ئەوا دەبێ ئەم کارە سەرنجمان بۆ لای ئەو دەورە رابکێشێ کە پێیان سپێردراوە ... جا ئەمەیان لە هۆشەو ئاگاداری‌یەوە بێ یاخود نیوەگلانی هەندێ لایەن بێ کە لە نێو شۆرشی ئێران دان ... هەندێك لەوان بە ئاگاد هۆشە ئەم رەفتارە دەکات‌و هەندێکی تر بۆ ئەم جۆرە رەفتارە راکێشراوە با چەند نموونەیەك بێنینەوە :

شاە دژی گەلی ئێران‌و دژی گەلانی ناوچەکە رەفتاری کرد .. ئەوان ئەمە دەڵێن ... لەو کارانەی کردنی داگیرکردنی سێ دوورگەی عەرەب بوو لە خلیج .... ئەگەر شۆرشەکە ئیسلامی‌یە بۆچی دوورگە عەرەبی‌یەکانیان نەدایەوە بە خاوەنەکانی . ناکۆکی هەر بەوەنابێ کە وای دابنرێ ناکۆکی لە نێوان شورشی عەرەب‌و شورشی ئیسلامی‌دا هەیەو هیچ ناکۆکی لە نێوان شورشی عەرەب‌و شۆرشی ئیسلامی‌دا نی‌یە .. زۆرجار رێ‌وشوێنی دەربرین لە رێباز جیا دەبێ .

ئێمە وای دەڵێین کە شورشی ئیسلامی لە هەر ولاتێکی ناعەرەبی‌دا جێگیرکردن‌و پتەوکردنی شورشی عەرەب لە نیشتیمانی عەرەبدا بەکردەوە گیانی نەتەوە دەژێنێتەوەو سود لە هەموو پەیامەکانی وەرردگرێ‌و لە پێشەوە یان پەیامە ئیسلامی‌یەکای ... لەبەر ئەوەی شورشی عەرەب دەورە رەسەنە شارستانی‌یەکەی دەگێڕێ ، ئەوا هەست بەوەناکەین کە پیویستی‌مان بەرێ‌وشوێنی تر هەبێ بۆ تێکۆشانمان یاخود پیویستی‌مان‌بە دروشمی تر نی‌یە بۆ خەباتمان ،بەڵام ئێمە لەو باوەڕەداین کە هەموو شووشێکی رەسەنی ئیسلامی بەراستی ئیسلامی بێ لە هەر ولاتێکی عەرەبدا بێ لە ئیمەوە نزیکترە کەوا بروێتولستە ناکۆکی لە لای شورش عەرەب سەرنج رابکێشی .

ئەی بۆچی ئەم جۆرە ناکۆکی‌یە روو ئەدات ، ئێمە وای دانانێین کە دوژمنایەنی هەبێ‌و وای دانانێین کە ناکۆکی پێشەکی‌یانە هەبێ‌و دەوری ئێمە هەڵپەساردنی دیاردەکانە ئەو دیاردانە لەبەر دەممان وامان لێ ناگەن‌کە لەوەی لە ئێران‌دا روو ئەدات دلنیابین کە شورشێکی ئیسلامی‌یە بەهەموو پەیامی ئیسلام‌و بەهەموو گیانیەوەو بەوەوە کە (انا انزلناه قرآنا عربیا) و بەم گیانەوە کە خوا دەوری رابەرانەی لە ئیسلام‌دا بە عەرەب بەخشیوە .

هەروەها لێت ناشارمەوە کە لە مێشکی ئێمەدا نی‌یە کە ئەو سیاسەتانەی لە ئیسلامی‌وە سەرچاوە دەگرن لە دەرەوەی عەرەب راست بکرێنەوە .

المستقبل :

بەڵام شۆرش لە ئێراندا شورش بوو دژی خراپەو لە پێناوی یەدیهێنانی داد بەروەریی کۆمەڵایەتی .

● **ناتوانین بڵێین شۆرش لە ئێران ئیسلامی‌یە**

سەرۆکی بەرێز :

شۆرش لە یەکێتی سۆڤیەت شورشە دژی خراپەو شۆرشێکی کۆمۆنیستی‌یە وئیسلامی نی‌یە.. من نەموت ئەوەی لە ئێران رووبدا شورش نی‌یە .. ئەمە مەسەلەیەکە دوا حوکمان تێدا نەداوە ... سەختە ئێستا ئەمە بڵێین ، ئەمە پیویستی بە ماوەیەکی تەواو هەیە تاوەکو حوکمێکی مەوزوعی لە بارەوا بدەین .. ئەوەی وتم ئەوەیە ئێمە تا ئێستا ناتوانین لە بارەی شورش لە ئێران بڵێین ئەو شورشێکی ئیسلامی‌یە .. . چونکە بۆ ئەوەی ئەو حوکمە بدەین پێویستە پەیوەندی لەگەل شورشی عەرەبدا پێت‌و هەموو رۆژێك ئەمە دەبڕێ .

المستقبل :

ئایا هەڵویستی بەرامبەر فەلەستین هیچ ناگەیەنێ ؟

سەرۆکی بەرێز :

چی بۆ فەلەستین کردووە .. من لێت دەپرسم هەڵویستی چی‌یە بەرامبەر بە فەلەستین ، فەرەنسا داوای مافی دیاری کردنی چارەنووسی فەلەستین دەکات و دەڵێ کامپدیفید هەلەیەکە .. هتد . ئیسپانیا پەیوەندی لەگەل قەوارەی زایۆنیدا نی‌یە ... ئایا پەیوەندی پچراندن لەگەل قەوارەی زایۆنی بەسە بۆ ئەوەی شۆڕشەکە ئیسلامی بێ ... یەکێتی سۆڤیەت هیچ پەیوەندی‌یەکی لەگەل (ئیسرائیل)دا نی‌یەو لەگەل ئەمەشدا شۆرشی ئیسلامی تێدا نی‌یە ، ئایا دەولەتی ئیسلامی هەیە کە بەیوەندی لەگەل (ئیسرائیل) نەپچراندنی لە تورکیا بەرلاوە .

لەگەل ئەمەشدا هەموو دەولەتە ئیسلامەکان بە ئەگاتە ئەو خالانەی کە لە سەر ریگای رابەرین‌دا نیشا سەرنجی رژێمی ئەفغانستان بدە بە درێژایی تەمەنی خۆی بەرژێمی شورشی تەمەنی کە عەرەب شەڕی کردبێ ئەوەشدا بە درێژایی تەمەنی کە عەرەب شەڕی کردبێ، وتریەتی کە لەشکرەکەی ئامادەیە لەسەر عەرەب شەر بکات .. هەروەها تەکنیکی‌یە پاکستانیەکان بەردەوام لە ریزی لەشکرەکانی عەرەبدا شەریان کردوە .. کاتیك کە مەبان‌و وەرفەتی شەڕکردن دەبێ .

نابێ بەپچڕپچڕی حوکم بەسەر شتدا بدەین .. رێژیم لە ئەفغانستان کۆمۆنیستە لەگەل ئەوەشدا ئەوەی ئەو دەیلێ هەمان شتە کە رادیۆی تاران دەربارەی مەسەلەی فەلەستین دەیلێ ... لەوانەشە چوارچێوەی تر وەربکرێ ، بەڵام مەبەستم ئەوەیە کە هەڵویست بەرامبەر بە مەسەلەی فەلەستین ئەوە نی‌یە کە پیمان دەڵێ: ئەم شۆرشە ئیسلامی‌یە یاخود ئیسلامی نی‌یە . ئەمە هەڵەیەو راست نی‌یە چونکە مەسەلەی فەلەستین ئێستا مەسەلەیەکی نێودەولەتانەو تەنیا مەسەلەی موسلمان‌و غەیری موسلمان‌و عەرەب‌و غەیری عەرەب لە کۆنفرانسە نێو دەولەکاندا بەیەك دەگەن بۆ ئەوەی چەند هەڵویستێکی دیاری‌کراو بنوێنن کە ئێستا دەربارەی مەسەلەی فەلەستینە .. ئەوانەی لە هەمووان موسلمان‌ترن ئەوانەن کە عەرەبەکان خەریك ناکەن کاتێك رووددەکەنە جەنگ ... بە بۆ چوونی ئێمە هەر کەسێك بیەوێ عیراق خەریك بکات هەر ئەبی سەرنجمان راکێشێ .

المستقبل :

ئایا ئێوە لەو باوەڕەدان کە رووداوەکانی ئەم دوایە لە عیراقدا کارێکی رەنگ بۆ رێژراو بوو بۆلیدانی ئەو هەڵویستەی لە سەرەتاوە لە کونگرەی بەرزی بەغدا نوانەتان .. بە مانایەکی تر ئایا ئەمە لەو جۆرەیە کە ساڵی ١٩٦٧ بۆ عبدالناصر رووبدا بەڵام دوای ئەوەی لە کاتی گرجاودا لێی ناگاداربوون لە ناو برا ؟ !

سەرۆکی بەرێز :

نامەوێ بەراورد بکەم ... بەڵام بەیاننامەی سەرکردایەتی کە دەرمان کرد ئاشکراو روونە کە چەندین لایەن مەبەستی سەرەکیان ئەوە بوو کە شورشی عەرەبی وەك شۆرشێکی عەرەبی کۆتایی بێت‌و ئەو ئالایە هەلکراوە لە سەر ئەو رێگایە کە باست کردنەمێنێ .. بە یەگجاری لەناو بچی‌و ... خەتێکی تر بێت کە بە تەواوەتی لەو خەتە جیاواز بێ کە ئەو رێبازەی کە ناسراوە دەری بڕی بە هەموو خەباتی ساڵانی پێشەوەوە لە ناو حوکم یا خود لە پێشەوەی وبەو خەتەوە کە لە ١-١٠-١٩٧٨ و کۆنگرەی بەرزی بەغدا دەستی پێ کرد .

المستقبل :

دۆخی ئێستای نیشتیمانی عەرەب چۆن هەلدەسەنگێنن ... ئایا وا دەبینن کە نەتەوە لە ژان گرتنێکی شۆرشگێڕانەدا دەژی ... یاخود ئەوەی رووەدات وا دەردەکەوێ کە پێشەکی پەرش‌وبڵاو بوون‌و داخورانە لە ناخی عەرەبیداو لە قەوارەکانی نیشتمان‌و لەبەر ئەمە ئایا دەبینن کە رێ تێ چوونی سەرکەوتن لە ئارادایە بۆ دروست بوونی چەند دەولەتێکی تایەفەگەری لە نیشیتمانی عەرەبدا . ؟

بەرێز سەرۆك :-

پێویستە بڵێین کە کارکردەکانی خراپە کاریی بنەرەتدا هەیەو کارکردەکانی راستی‌و تەندروستی لە نەتەوەدا هەیە لە مەودای دواییدا ... هیچ شلیش لە وتنی ئەوە ناکەینەوە کە نەتەوە لەئاینەدشدا دروست دەبێ .

بەڵام چۆن نەتەوە لە سەر رێگای گۆڕان دووچاری لەرزین‌و سەختی‌و زەردروزیان دەبێ‌و چەندن‌و لە چ مەیدانێکدا ، ئەمە مەسەلەیەکی ترە ولەمانە چەند حالەتێکی پچڕپچڕی کە نیشانتدا ئەو لە نەتەوەدا دەردەکەوێ بەڵام بە بۆ چوونی ئێمە کاری هەست کردن بە بایەخی پەرەپیدان‌و کارکردن بە گونجاوی حالەتێکە ئێستا لە نەتەوەدا هەیەو زروف‌و تواناکانی بۆ پەرەپیدان هەن .

کە وابوو نەتەوە نە سەر رێگای پەرەسەندن‌و رابەرینداو بەردەوام دەبێ ، بەڵام چەندە زیانی لێدەکەوێ‌و چەندە لە مەیدانی کاردا دوا دەکەوێ تا هەست‌و سۆزو لە هەڵویستیاندا لەگەل عەرەبن . . دران ئەوا ئەمە مەسەلەیەکی ترە .

المستقبل :

مادامەکی لوبنانی رەسمی پابەندی بریارەکانی کۆنگرەی بەرزی بەغدایەو مادامەکی دۆخەکانی رێگای رەفز کردنی بریارێکی عەرەب نادەن کەوابوو چی رێگا لەوە دەگرێ کە بوونێکی چڕی سوریایی عەرەب لە ناوچەکانی خواودا هەبی جەنگی کوچ پێ کردن بە(ئیسرائیل) بەرای‌کردووە بوەستێنێ .

سەرۆکی بەرێز :

ئەوەی رێگا لەمە ئەگرێ هەر خۆشیەتی ئەبێتە کۆسپ لە بەردەم گەرم‌وگوڕ کردنی بەرەی سوریاو هەر خۆیشەتی نایەڵێ بەرەی ئەردەن گەرم‌وگوڕ بکرێ‌و هەر خۆیەتی نایەڵێ زیانی بەردەوام لە دوژمن بدرێ‌و ئەتەوە رابپەرێ لە جیاتی ئەوەی کە دوژمن‌زیانی‌لێ‌بدات لێ‌بدات ..

المستقبل :

بەڵام ئایا باوەڕەدا نین کە ئەوەی لە خواروی لوبنان روو ئەدات کار دەکاتە سەر راستی‌و دروستی هەڵویستی خۆراگرتن‌و بریارەکانی کۆنگرەی بەرزی بەغدا .

سەرۆکی بەرێز :

خواروی لوبنان حالەتێکی پچڕپچڕ نەکراوەو ناتوانرێ خواروی لوبنان بەدروشمی چۆن خواروی لوبنان چارەسەر دەکەین ، چارەسەر بکرێ .. مەبەستم چارەسەر کردنێکی بنچی‌و شەرەف مەندانەیە ... نابێ بە هەکە بچین‌و ... بڵێین چۆن خواروی لوبنان بەبێ سەرنجدانی سەرتاباگیرانەی مەسەلەکە چارەسەر دەکرین‌و ئەمەش وا ناگەیەنێ کە ئێمە پێویستە هەموو تەقەللایەك کە بۆ چارەکردنی وەستاندنی شیرزەیی خواردی لوبنان ئەدرێ پەك بخەین‌و چاوەڕێی کاری راەرین تەواوەتی بین ... هەر کاتێك تەقەللادان لە ئارادا نەبوو بۆ وەستاندنی زیان کەوتن لە هەرمەیانێکی بچوکدا .. پێویستە لە سەرمان کار بکەین ... بەڵام پێویستە لەم قۆناخەدا (تصور)ی ئەو مەیانە بچوکانە ئەکەین کە لە باری تەکنیکی‌یەوە دووچاری ئازارمان دەکەن‌و دوور لە مەیدانە فراونترەکان زیانمان پێ دەگەیەنن ... چونکە حاڵەتی بەیەکەوە بەستنەوە دەبی هەمیشە ئامادە بێ تەنانەت ئەو کاتەش کە ئێمە کاری هەرەس هێنان لە مەیدانێکی بچوك یا خود لە بەرەیەکی بچوکدا بوەستێنین .

المستقبل :

ئایا دەتوانین بڵێین کە چارەسەرکردنی مەسەلەی لوبنان ئیرادەیەکی عەرەبی‌یە ؟

● چۆن ویستی عەرەبی دابین دەبێ ؟

سەرۆکی بەرێز :

بێ‌گومان کاتێك ویستی عەرەبی لە ئارادادەبێ دەتوانێ کارەکەی بوەستێنێ‌و دەتوانێ هی‌تر بوەستێنێ‌و دەتوانێ کاری راپەڕاندن بەرا بکات بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە ... چۆن ئیرادەی عەرەبی دابین دەبێت . ؟ .

المستقبل ..

مادامەکی لە کۆنفرانسی بەغدا توانرا دەرونی عەرەبی رزگار بکرێ ، کە وا چی ئەبێتە کۆسپ لە بەردەم رزگار کردنی خواررو لوبنان بە ویستی عەرەبی ؟ !

سەرۆکی بەرێز : ویستی هەمە چەشنە پیویستی بە حالەتێکی دیاری کراو هەیە بۆ ئەوەی یەکبگرێ ، ویستی هەمە جۆر پێش کۆنفرانسی بەرزی بەغدا ، حالەتی بەکگرتوو یەکی خست .

المستقبل :

بە چ چاوێك سەرنج ئەوە ئەدەن کە لە نێوان مەراکیش‌و جەزایردا روو دەدات .

سەرۆکی بەرێز :

بی‌گومان هیوادارین کە پەیوەندی‌یەکانی نێوان مەراکیش‌و جەزایر نەگاتە رادەی شەڕ کە ششیان لاواز بکات‌و بە نالەباری کار بکاتە سەر نەتەوە چونکە دوژمنانی کۆنفرانسی بەرزی بەغدا هەوڵ دەدەن کە چەند حالەتێك لە نیوان عەرەبدا بەرپا بکەن کە ببنە مایەی ئەوەی لایەنە عەرەبەکان بێچەوانەوە گرد ببنەوەو ئەگەر شەڕی سوریایی لە نێو مەراکیش‌و جەزایر بەرپا بێ ئەوا رێژیمە عەرەبی‌یەکان لە دەوری ئەم رێژیمە یاخود ئەوی تریان گرد دەبنەوەو ئەمەش زیانێکی گەورەیەو ... کار دەکاتە سەر خواستە یەکگرتووەکەیان کە لە کۆنفرانسی بەرزی بەغداو بریارەکانی کۆنفرانسی بەرزی بەغدا خۆی نواند سەرەڕای ئەوەی ئێمە لە لایەنی مەبدەئی‌یەوە بە شێوەیەکی گشتی رەفزی رشتنی خوێنی عەرەب دەکەین لە رێگای عەرەبەوە جا رەنگی رژێمەکە هەرچۆنێك بێت .

المستقبل :

ئەوەی ئێستا لە خلیج رووەدات نارەحەتتان دەکات یان نا ؟

سەرۆکی بەرێز :

تارادەیەکی زۆر نا بەڵام جێگای بایەخ پێدانمانە .

المستقبل :

وەستانی میسر لە پشت بەحرینەوەو سەرسام بوونی بەحرینی‌یەکان لەم هەنوێستە ، ئەمە هەڵویستێکە سودوقازانجی بەحرینی تێدایە یاخود دژی عیراقە ؟ .

● ئێمە هەین :

سەرۆکی بەرێز :

ئێمە لەو باوەڕداین کە هەر هەڵویستێك سادات بینوێنێ هەڵویستێکی گومان لێ‌کراوەو ئێمە سەرزەنشتی ئەو کەسە دەکەین کە لە حالەتێکی تایبەتی‌دابێ‌و بە نیاز باشی‌بەوە بەرامبەر بە هەڵویستی سادات رەفتار بکات ، ئێمە بە هەلەی دادەنێین ئەو هەڵویستەی بەلای ئێمەوە سودو قازانجی ئەم هەڵویستەی تێدانیە .. مەسەلەکە مەسەمەی لە پێشەوە هەنگاو نان نی‌یە وئێمە نامانەوێ پێش کەس هەنگاو بنێین ... ئێمە دەمانەوێ بە برا عەرەبەکانمان بڵێین کە لە دۆخێکی نا سروشتی‌دا بن ، ئێمە هەین .

المستقبل :

ئەوەی سەرۆك سادات هەولێ بۆ دەدا کردنی کەلەبەرنکە لە بەرەی لونکەی بەغدا .. ئەمەی لەگەل مغربدا تاقیکردەوەو رایگەیاند کە ئامادەیە یارمەتی بۆ بنیرێ‌و ئێستاکە هەمان شت لەگەل بەحرینداا دەکات ..ئەو لەم کردەوەیدا ئەوەندە بەیەرۆشی عروبەی بەحرین‌و گەلی بەحرینەوە نی‌یە بەلکو مەبەستی تەنگە تاوکردنی عراقە .. بەرامبەر ئەوە چیتان کردوە .؟.

● **عراق بە شێوەیەکی روون‌و ئاشکرا مامەلە لەگەل دیاردەکان دەکات**

سەرۆکی بەرێز - ئەی ئەو رێککەوتنەی لەنێوان هەڵویستی سادات‌و هەڵویستی ئەوانی تردا سەرنجی رانەکێشای سادات خۆی‌لەم حالەتەدا گلاندلەوکاتەی‌کەلە بۆ ووتنەوەی گومان لێکراودا لە خلیج سەری هەڵداو وەتەوە ، عراق بە شێوەیەکی روون‌و ئاشکرا مامەلە لەگەل دیاردەکان دەکات ، کاتێك کە چووەلای برایان لە بەحرین بێیان ووت ئێمە برای ئێوەین‌و .. ئامادەین هەر کاتێك کە هەست بە هەر مەترسی‌یەکی دەرەوە بکەن‌و .. ئەم مامە لەیە هیچ بەیوە ندیەکی بە هێزێکی دەولەتانەوە نیەو لە هیچ دەولەتێکەوە هان نەدراوە بەڵام سادات ناکرێ بێ ئەوەی پەیوەندی بەهێزێکی دەولی‌یەوە نەبێت .. هەڵویستی روون‌و ئاشکراش هەلەی لێدانی لە ژێر بەردەوە لە دەست دددات بەڵام هاتنی سادات سەنگەردکان تێکدە حرژێ‌و والەهەڵویستی عراق دەکا کە بەرەی بۆچوونی گەلێك لاوە روون نەبێت .

المستقبل ..

لەوانەیە مەبەست بە کێش کردنی بەحرینە بۆ ئەو برۆژانەی کە ئێستا لە ئاراداان .. ئەو برۆژانە داخوازیان چی‌یە ؟

سەرۆکی بەرێز -

داخوازیان یان شێواندنی عروبەی خلیجە یاخود رێگە خۆشکردن بۆ ئەرکی برۆژە گومان لێکراوەکان کە کردەوەی ترساندن ئاسان دەکەن‌و ، شێواندنیشیش بەگەلا رنگەی جۆر بە جۆری تر دەبێت .

المستقبل ..

ئایا هیچ گونجاوبەك لە نێوان هەڵویستی عراق‌و هەڵویستی سعودیەدا هەیە بەرامبەر ئەو کردەوەیەی ئێستا لە ناوچەکەدا لە ئارادیە .؟!

● ئێمە تەنیالەگەل خۆمانا گونجاوین

سەرۆکی بەرێز -

قسەکردن دەرباری گونجانێك لە نێوان هەڵویستی‌عراق‌و هەر هەڵویستێکی ترداوورد نی‌یە .. چونکە هیچ گونجانێك لە نێوان هەڵویستی ئێمەو هیچ هەڵویستێکی تری عەرەب نی‌یە لە بەر ئەوەی هیچ رژێمێکی عەرەبی بەعسی نی‌یە .. لەبەر ئەمە ئێمە تەنیا لەگەل هەڵویستی خۆمانەوە گونجاوین .. بەڵام بە یەکگەشتن لە هەڵویستدا لە نێوان ئەو هەڵویستە یاخود ئەوی تر .. یان لە نێوان ئەو حالەتە یاخود ئەوی تر .. لەنێوان ئەو رژێمە یاخود رژێمی تر .. لەو قۆناغە یەکێکی تردا . . ئەمە مەسەلەیەکی ئاسایی‌و تەبیعی‌یە بەڵام لە لای ئێمەوە مەسەلەی گونجان نی‌یە .. بەڵام ئەوانەشە لەگەل جەماوەری عەرەبی یاخود لەگەل هێزە شۆڕشگێڕە نەتەوەیی‌یە عەرەبەکاندا لە لەبۆچوونی ستراتیژیدا سەر هەلبداتەوە

المستقبل ..

ئایا دەتوانین بڵێین کە ناکۆکی‌نێوان عراق‌وسودان قابیلی چارەسەرکردنەو؟ ئەم بارەیەوە چ داخوازیەك سودان دەکرێ‌و بۆچی سوود لە هەڵویستەکەی کەلە هەڵویستی کۆنگرەی بالای بەغدا نزیکترە تالە هەڵویستی سەرۆك سادات وەرناگرن ؟!

● **سودان لە ئیرادەتی عەرەب دەرچوو .**

سەرۆکی بەرێز -

کێ بەرانبەر ئەتەوە کەمتەرخەمی‌کردوە .. سودان یاخود عەرەب لە کۆنگرەی بالای بەغدادا ؟ سودان خۆی لەئیرادەی عەرەب دەرچووەو هەرکاتێکیش کە گەڕایەوە بۆ ئیرادەی عەرەب‌و هەڵویستێکی دژ بە هەڵویستی سادات وەستا نەك نێوان هەڵویستی کۆنگرەی بەغداو نێوان هەڵویستی سادات دژ بوەستێ لێرەدا شتێکی تەبیعی‌یە کە سودان گەڕاوەتەوە هەڵویستێکی راست‌و شوێنی راست ..مەبەستم ئەوەیە کە نوێنەرە رەسمی‌یەکانی سودان لە سەریانە بەهەڵویستی خۆیان بچنەوە کە نواندیان‌و بە دەرچوونیان لە ئیرادەی عەرەب وەکو کاربەدەستە رەسمی‌یەکان لەقەلەم دەدرێ .

المستقبل ..

پەیوەندی نێوان رژێمی میسرو سودان وا دەرناخات کە سەرۆك نمیری پشتگیری کردەوەکەی سادات دەکات .. تا ئەو رادەیە نمیری لەگەل ساداتا نەبوو کە جامعەی عەرەب لە قاهیرە هەبێ‌و ..

بڕوانە : ل : ٧

Institut Kurde de Paris

ئەمینداری کاروباری ئابووری و دارایی

دەربارەی بودجەی ساڵی داهاتوو بۆ هاوکاری دەدوێ

. بە بۆنەی کۆبوونەوەکانی سێهەم دەورەی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان و راسپاردنی ئەمینداریتی گشتی بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری و دارایی بۆ دانانی بودجەی ساڵی داهاتووی دەزگاو دایرەکانی ناوچەکە چوینە لای بەڕێز سیروان جاف ئەمینداری گشتی بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری و دارایی و ئەو چەند پرسیارەمان ئاراستە کرد .

ئایا ئەمە یەکەمجارە کە ئەمانەتی گشتی کاروباری دارایی بودجەی گشتی ناوچەکە دادەنرێ و بە پێی بۆچوونتان تا چەند سەردەکەوێت ؟!

ئەمانەتی گشتی بەڕێوەبردنی کاروباری ئابووری و دارایی گەلێ ئەرکی گرینگی گرتۆتە ئەستۆر ئەمەش ساڵی دووەمە کە ئەم ئەمانەتە بودجەی دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ڕێکدەخاو ئامادەی دەکات .. ئەم ئەرکەیەش لە ئاکامی پشتگیری کردنی سەرکردایەتی حزب و شۆڕش بۆ هاندانی دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و بەرەوپێش بردنیانەوە بوو .. سەرکردایەتی هەمیشە ئەم دەرفەتەمان دەداتێ بۆ ئەوەی بە چاکترین شێوە ئەرکی سەرشانمان بەرانبەر مسۆگەرکردنی هەموو جۆرە حزمەتگوزاریەک بۆ هاوولاتیان بەجێ بگەیەنین .

جیاوازی ئەم بودجەیە لەگەڵ بودجەکانی ساڵانی پێشوو تا چەند ئەم بودجەیە خزمەتی ناوچەکە دەکات ؟ !

دەربارەی ئەو گارەکانی بودجەی ئەمساڵەوە .. شتێکی پێویستە کە بایەخی بودجەکەتان بۆ روون بکەوە لە خزمەتکردنی هاوولاتیان و دەوری لە فەبانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا .. لەبەر ئەوەی ئەم خەمیناتی ئەمساڵ زیاتر بایەخی بەخزمەت گوزارییە تەندروستیەکانی هەموو ناوچەکەو دابین کردنی هەموو جۆرە پێداویستیەکی تەندروستیداوە .. هەروەها بایەخدان بە فروان کردنی بواری پەروەردەو فێرکردن بە شێوەیەك کە لەگەڵ بزچوونەکانی سەرکردایەتی سیاسی لە فراوان کردنی بەروەردە فێرکردن بە هەموو قۆناغەکانیەوە بگونجێت .. لەبەر ئەوەی کە خوێندن لە وڵاتدا بۆ هەموو هاوولاتیان بوو بە خۆرایی بایەخێکی زیاد لە پێویست بەم کەرتەیە دراوەلە لایەن دابین کردنی پێویستی یەکانی لە ڕووی کشتوکاڵەوە بۆ جێبەجێ کردنی مایەستی مەرکەزی بۆ پێشخستنی کشتوکاڵ و فراوان کردنی پەیوەندکاریە هەرەوەزیەکان لە دێهاتەکاندا .. دەبینین هەموو جۆرە پێوستیەك بۆ ئەم کەرتە ڕەخسێنراوە کە بە شێوەیەکی کاریگەرانە لە بواری بەرەوپێدانی کشتوکاڵدا دەوری خۆی ببینێ .. هەروەها ئەم بودجەیە پێویستیەکانی ئەمانەتی ئەوقاف لەبەر چاو گرتوە بۆ جێبەجێ کردنی بۆچوونەکانی حزب و شۆڕش کە دەبێ هەموو پێویستی یەك بۆ مزگەوت و تەکیەکانی ناوچەکە بڕەخسێ .. چونکە بایەخدانی و چاودێری کردنی کاروباری ئاینی لە لایەن حزب و شۆڕشەوە زۆرەو بەردەوامە .

دەبارەی کەرتی لاوان .. لاوان کە کۆلەکەی پاشە ڕۆژی نەتەوەن ئەویش بایەخێکی هێجگار زۆر پێدراوە بۆ خوڵقاندنی نەوەیەکی هۆشیار بۆ بیناکردنی کۆمەڵگا تازەکەمان کە خۆشی و شادی تیا بەدی دێت .

ئێمە هەمیشەو بەردەوام ئاگاداری پەرەپێدەدات بۆ ئاوەدان کردن و بیناکارین لە ناوچەکەداو دەبینین دەوڵەت بابەخێکی گەورەی پێدەدات بۆ پرکردنەوەی ئەو زیانانەی کە بەرلەمەیێ کەوتووەو ، ودەڵێکێك لە ئەنداماتی ئەنجومەنی یاسادانان .. ئایا ئەو بەڵێنانەی کە لەم ڕووەوە داودتانە جێبەجێ کراوەو .. ئاکامەکانی چین ؟!

لە ساڵانی ئەم دوایەداو لە دوای گەڕانەوەی ئاسایش و جێگیربوونی ئاشتی لە ناوچەکەدا . دەزگاکانی دەوڵەت بە هەموو جۆرەکانیانەوە کەوتنە جموجووڵێکی ئاساییی بۆ پرکردنەوەی ئەو زیانانەی کە بەر لەمەو بەرچەند هۆیەکی ئاساییی بەرناوچەکە کەوتبوو . بۆیە دەبینین ئەم جموجووڵانە پشتگیریەکی گەورەو پیاچوونەوەیەکی بەردەوام لە لایەن سەرکردایەتی حزب و شۆڕشەوە کراوەو هەموو توانایەك و پێویستیەکی بۆ ئامادەکراوە بۆ جێبەجێ کردنی پڕۆژەکانی بناوکردنەوەی ڕێگاو بینای قوتابخانەو کارگەو گەلێ لایەنی ترکە خزمەتی هاوولاتیانی ناوچەکە دەکات .. ئەمانەتە کەشمان بەهەموو توانایەکەوە تێدە کۆشێت بۆ جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی سەرشانی بە چاکترین شێوەو بەرئەرکێکی ئاساییی بۆ وەدەهێنانی ئاواتەکانی سەرکردایەتی حزب و شۆڕش لە خزمەت کردنی ڕۆڵەکانی وڵاتەکەمان بەگشتی و ڕۆڵەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە شێوەیەکی تایبەتی .

ئامادەکردنی : زادوق آدم
سرگول تیمور
وێنەگرتنی : غازی

لە نووسینی ڕابردوودا کە بە « ١٢ » قەوانی (٣) کومپانییا بیستو چووار ئۆرانیی مەلا کەریم ئاشکراتر بوو . پەنجەشمان بۆ « ٢٠ » قەوانی تری کاك محەممد شەریف ڕەسوولی نانەوا برد . ئەم قەوانانە دەبن بە « ٢ » بەشەوە .

یەکەم :

قەوانی گۆرانیی بێژی نەناسراو .

دووەم :

قەوانی گۆرانیی بێژی ناسراو .

گرنگیی ئەم قەوانانەش - کە زیاتر ڕوون دەبێتەوە - لەوەدایە کە بەڵگەیێکی ماددیی و مێژوویی و هونەریین بە تایبەتیی کە پەردە لە سەر چەند ڕۆژگارێکی هونەری فەرامۆش کراوی هەندێ ئۆرانیی بێژ لادەدا کە تەنانەت هەندێکیان - دەشێ بگوترێ - ناویان و یادگاریان کوێر بووەتەوە . لە لایێکی ترەوە .

ناویان ساڵی هەندی گۆرانیی و گۆرانیی بێژمان بۆ ئاشکرا دەبێ کە هەر وەکو قەوانەکان لە لای هیچ دەزگایێکی تۆمارخووازیی ناسراو نین و نە **پارێزراوون** هەروەها نزیکیی هۆنراوو ئاوازی فۆلکلۆریی بۆ گۆڕنگەرەکانی ڕۆژگارەکانیان وەکو گێڕانەوەی هەندێ شیعری شاعیران ئاشکرا دەبێتەوە . لە لایێکی ترەوە بۆ پێ هەڵگرانی کاروانی مۆسیقاو گۆرانیی ئەوەش ڕۆشنا دەبێ کە چۆن هەر یەکە تووانای هەبووبێ و ئارەزایی ئەو کومپانییا بازرگانییانە باوەشیان بۆ کردوونەتەوە ئەگەرچی قەوانیکیشیان تۆمار کردبێ ، ئەمە لە کاتێکدا هەر ئەم باسە لایێکی بروونەوەی هونەری گۆرانیی و مۆسیقا لە لای خەڵکی شارستان ساغ دەکاتەوە کە ئەوە سەردەمە هیچ تیپێکی مۆسیقاو دەزگایێکی هونەریی نەبووە . گرنگیی یێکی تری ئەم قەوانانە لەوەدایە کە بە بەڵگەی ماددیی دەر دەکەوێ کە « چەند ؟ » کومپانییای قەوان بەیوەندیی یان بە گەشە بوونی **ئارەزووی** مۆسیقی کوردەواری یەوە هەبووە و ئەو دەستە گۆرانیی بێژە چەند کومپانیایی بە خۆیەوە دیوە . دووا جار ئەم قەوانانە بانگەوازیشن بۆ هەموومان کە بە پەلە هەر یەکەمان لە لای خۆیەوە چاو بگێڕێ و کۆیان بکاتەوەو نهێنیی یێکانیان ئاشکرا بکا بە تایبەتیی کە ئێمە دەزگایێکی تۆمار خوازیی یادگار پارێزمان نی یە !

● **بەشی یەکەم : -**

قەوانی گۆرانیی بێژی نەناسراو ؟

١ - محەممەد ئەمین : لە لای دوکومیانییا «٢» قەوانی دیبارە .

یەکەم :

بەیزافۆن : (ئەڵەمانیی) .

● **دیبوی یەکەم :** لە سەری نووسراوە (ای خودای قطر = قەتار-ئەی خودای؟) ژمارەیشی :

● **دیبوی دووەم :** لە سەری نووسراوە (سیدارە بستە = بەستەیێکە ؟) ژمارەیشی

دووەم :

کۆلۆمبیا : (ئینگلیزیی)

● **دیبوی یەکەم :**

لە سەری نووسراوە (مقام کوکا = مەقامی خاوکەر) . ژمارەیشی : سی ، ئۆ ، ١٧٤ - جەی ، ئەی ، ئای ، ١٤ .

● **دیبوی دووەم :**

لە سەری نووسراوە (باشا برانی بستە = یاشا یارانێ : بەستە) . ژمارەیشی :

تێبیینی (١) :

قەوانی یەکەم هەرچەندە زۆر کۆن و بریندارە لە نیوەیدا کەل بووەو نەلووا بەیتەکان بنووسینەوە ، بەڵام دیبارە کوردیی یە . ناوی خۆیشی و گۆرانییێکە بە پیتی ئینگلیزیی نورسراوە . لە بیریشم نەچێ کە ئەم کومپانییایە لە نیوەی ساڵی ١٩٢٠ بەدواوە ئەم کارەی کردووە .

تێبیینی (٢) :

قەوانی دووەم . لەوە دەچی دیبوی یەکەم تورکی و کوردیی بێ . بەڵام دیبوی دووەم کوردییە . ناوی خۆی و گۆرانییێکەش بە پیتی عەرەبیی و ئینگلیزیی نووسراوە .

تێبیینی (٣) :

محەممەد ئەمین کی یە ؟

مامۆستا عەلی مەردان لە دانیشتنێکی دوو قۆلیی دا ١٣-٧-١٩٧٩ گوتی محەممەد ئەمین هاوڕێم بوو . خەڵکی هەفتەغار بوو . ئەو کاتە چایخانەی هەبوو لە ناو دارتاشەکانی کەرکووکدا . ئەو کاتە لاو بوو . من وەکو بزانم هەر ئەو «٢» قەوانەی هەبوو . لەقەبیشی هەبوو پێیان دەگوت : حەمەمیین کۆتەرەمل . وە چەیشی هەیەو

بزانم کوڕێکی لە بەغدایە . وەکو مامۆستا عەلی مەردانیش لێی گوت : ئەو زاتە مردووە !؟ .

٢ - عەبدوڵلاە سەعید : بەك قەوانی هەیە .

یەك : بەیزافۆن .

★ **دیبوی یەکەم :** لە سەری نووسراوە (اللە ویسی = ئەڵلاوەیسی) ژمارەیشی بی /٩٢١٤٨ .

★ **دیبوی دووەم :** لە سەری نووسراوە (قاطر - قەتار) ژمارەیشی بی ٩٢١٤٩ .

تێبیینی (١) :

بە پیتی عەرەبیی و ئینگلیزیی ناوی و ناوی گۆرانییێکە نووسراوە کە نەمان توانیی بیینووسینەوە . دەنگێ لە سەری قەوانەکەدا پێشکەشی کردووەو لەوە دەچێ بێ : عەبدوڵلاو سەعید کەریوچی - یان - پاپوچی .

تێبیینی «٢»: ئەم زاتە کێ یە ؟ . دۆستمان کاك شێخ حەسەن شێخ محییەددین بەرزنجیی - فەرمانبەر لە دایرەی ئەوقافی سلێمانیی دا گوتی (خەڵکی ناوچەی جەباریی بووە . ئەو کاتە تەمەنی پەنجا ساڵێ بووە . دەبێ لە سەرەتای ساڵی ١٩٣٠دا ئەو قەوانەی تۆمار کردبێ پێم وایە لە پێش عەلی مەردانیدا ئەو ئەڵلاوەیسی و قەتارەی لە سەر قەوان تۆمار کردبێ «؟» .) . هەمان زات لە سەر محەممەد ئەمین گوتی کە : لە ناو ئاسنگەرەکانیدا لە کەرکووك جایخانەی هەبووەو ئەم دووانە ئێستا مردوون . (ئەو قسانەی ئەو دۆستەمان لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٩دا وەر گرتووە) .

٣ - مەولوود زادە محەممەد سەعید : یەك قەوانی هەیە .

یەك : ئۆدیۆن . «ئەڵەمانیی »

★ **دیبوی یەکەم :** نووسینی پینیتی عەرەبیی لە سەر نی یە . هەر بە ئینگلیزیی ناوەکەی و ژمارە نووسراوە ٣٥٤٩٦/ ٥٥٧ .

★ **دیبوی دووەم :** هەروەها . تێبیینی (١) : دەنگێ لە سەر قەوانە کەدەڵێ : محەممەد سەعید مەولوود زادە . دیبوی یەکەم کوردییە . دیبوی دووەم فارسییەو مەقامە ، بەڵام دیبوی یەکەم بەستەیە . لە بەر کۆنیی قەوانەکە بەیتکمان پێ نەنوسرایەوە .

تێبیینی «٢»: ئەم زاتە کێ یە؟ مامۆستا عەلی مەردان هەروەها گوتی (لە گەڵ من قەوانی خوێندووە . خەڵکی سابلاخ بوو . لە بەغدا قۆنەرەچیی بوو . لاوێك بوو گالتە نەبوو . جوانیی دەخوێند . هاوڕێی برام بوو . عەمریی خودای کرد . برای هەبو . زۆر درەنگ دووای دە پازدە ساڵ بەمردنیم زانییوە .) .

تێبیینی (٣) : ئەم پرسیارە سەر هەڵدەدا: ئەم قۆنەرەچی بووە . عەبدۆڵلاە عیدیش - وەکو پێشکەشکەری قەوانەکە ناوی هێناوە : کورپووچی «یان» پاپوچی ، ئایا ئەم دووانە یەکێ نین ؟.

٤ - السیدە شیرین خانم: یەك قەوانی هەیە .

یەك : بەیزافۆن .

★ **دیبوی یەکەم :** لە سەری نووسراوە (امین امین کردی = ئامین ئامین .« کە دەڵێ» ئامین و ئامین هەر تۆی دیناو دینم . قۆڵەکەت بێتە بیکە بە سەرینم « هتد») . ژمارەیشی :

★ **دیبوی دووەم :** لە سەری نووسراوە (هی بینی مأسنك = هەی بێنن بێنن «کە دەڵێ» ئای بێنن بێنن گالیتسکان بینن . یارم منداڵە دڵی مەشکینن . یاخودا هەر شەو بێو ڕۆژ نەبێتەوە . دەستم لە یاخەی یار نەبێتەوە «هتد» .) ژمارەیشی :

تێبیینی (١) : لەسەر هەردوو دیبوی قەوانەکە بە پیینی عەرەبیی و ئینگلیزیی ناوی و ناوی گۆرانییێکە نووسراوە . دەنگی ئەوە کۆتوویەتی : اسطوانات بیضافون: شیرین خانم

تێبینی «٢» : السیدە شیرین خانم کێ یە ؟ لە کاتێکدا ئەمە یەك ئەم دوو گۆرانییەشی بەدۆزینەوە - بە دڵنیایی یەوە دەڵێین کە ئەم ئافرەتە هەر (دایکی جەمال) سەو دەنگەکەی لە گەڵ دەنگی گۆرانییێکانی تردا تەواو دیبارە . جگە لەوە لە ناو قەوانەکەدا گوتراوە - هەر بۆی کورد . کاك قەزاز لە خۆی وەکو لێمان پرسییوە ، دەڵێ ئەوەم نایەتەوە یاد ، بەڵام دەنگی خۆیشی لەوێدا تۆمارە کە گوتوویەتی هەر بۆی کورد . کاك قەزاز لە (١١-٥-١٧٩)دا بۆی گێڕاینەوە کە ئەو کاتە دایکی جەمالی ناسییوەو ئاگای لە تۆمار کردنی قەوانی هەبووە.

٥ - دایکی جەمال : دوو قەوانی ئۆدیۆن و یەکێکی بەیزافۆنی هەیە .

یەکەم : ئۆدیۆن .

١ -

★ **دیبوی یەکەم :** لە سەری نووسراوە (سوزە مرو = سەوزە مەڕۆ «کە دەڵێ..» سەوزە مەڕۆ سەوزەکە سەوەزکەی مالم . نەخۆشی نەکەوی گیانە نەشکێنی بالم. «هتد» ژمارەیشی :

ماویەتی

لە سەر کردنەوەی هونەری کوردیی زنجیرە گوتارو لێکۆڵینەوە

گۆڕانی قەوانی بەنرخ

کمال رؤوف محمد

گەلە ئەوەی کردوە کە لەو ڕێبورتاجەدا ئیشارەت بە کەموو کورتیەکانی عەبابەیلێ ئەدراوە تا لێپرسراوان لەبەرچاویان بێو هەوڵی چارەسەری بدەن ، ئێمە بەم برایە دەڵێین ڕێبورتاجەکە تەنیا لایەنی میزوویی گونەکەی گرتبووەو بۆ ئەو مەبەستە دیارکرابوو ، ئەوا ئێمە بۆ دڵنیایی ئەو کە کەفنرخمی ناکە ین لەبەر چاوخستنی کەمو گوندی پێویستیەکانی گوندی عەبابەیلێ دەخەینە بەرچاو بەئومیدی ئەوەی کاربەدەستان ئاوڕی دلسۆزانەی لێ بدەنەوە :

١ - لەگوندی عەبایەیلێ ڕێگایەکی باش بۆ هاتووچۆی ئوتومبیل نیە .

٢ - برین پێچێ بۆ گوندەکە دانراوە ، کەچی تائێستا بەرچاو نەبینراوە !

٣ - ئەو قوتابخانەیەی منداڵانی گوندەکە تیا دەخوێنن، زۆر لە گوندەکەوە دوورە ، بەرادەی هیلاك کردنی ماددیی و مانەوی ئەومنداڵانە .

هاوکاری و کۆمەڵایەتی خەڵك

● رازانەوەی شارەکانمان بە پەیکەری نەمرەکان

● **نامەکەی کاك سامی جمال محمد لە سلیمانی گەرەکی ناشتی ئەم پێشنیارەی تیایەو ئێمەش بەرچاوی لێپرسراوانی ئەمانەتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوانی دەخەین :**

بەکێك لەدیاردەکانی سلیمانی زۆر ناوداری وای یادکردنەوەی نەمرو ناوداراني بەرێ کردوە ، کە خزمەتی گەلی ، ئەوەیە ، پەیکەریان گەورەی ڕۆشنبیری و لابەنەکانی تری ژیانی گەلەکەیان کردوە ، خۆزگە دەکەن و ئەمە کاریکی ئاوڕێکی دلسۆزانە لەم لایەنە دلسۆزانەیە بەرامبەر دەدرایەوەو پەیکەر بۆ بەیادکردنەوەی ئەو خزمەتەی نەمرەکانمان لە شاعیرو ئەو نەمرانە پێشکەشی ئەدیبە ناسراوەکانمان گەلەکەیان کردوە ، شاری لەشاردا دروستدەکرا .

عەبابەیلێ و پێویستیەکانی

● **دوای ئەو ڕیبورتاجە کورتەی پەیامنێرمان کاك فریا عبدالله لە لاپەڕە هەشتی « هاوکاری »دا بڵاوی کردەوە بەناونیشانی (گوندی عەبابەیلێ پیرۆز) هاوولاتە بەلێین عەبابەیلێ نامەیەکی نووسیوە ،**

تیپی وەرزشی عەربەتاو چەند داواکاریەك

حمە سعید حمە کریم — پ . هاوکاری لە سلیمانی

● **سەرپەرشتی کردنی تیپە وەرزشیەکان لە قەزاو ناحیەکاندا بۆ نەشونما کردنی لێهاتن و زۆر کردنی چالاکیە وەرزشیەکانیان کارێکی پیرۆزەو هۆیەکی گرنگە بۆ بەدی هێنانی ئاواتەکانی ئەو تەمەنەی ئەوەو وەندشەوانانەی لەو تیپەگەلیانەدا کۆ بونەتەوەو ئەمە ئەبێتە هۆی ئەوەی لاودخوێن گەرمەکانمان هەست بکەن کە دووا ڕۆژی ڕوناکیان هەیەو لێپرسراوانێك هەن کە لێیان ئەپرسنەوەو ڕەتەنگ لایەنەکانی ژیانیانەوەن ،**

بێگەیاندنی لاوان و گەنجەکان و پەروەردە کردنیان بە گوێرەی پەیڕەوی پەروەردەی تازەی ئەم سەردەمە باشترین هۆیە بۆ بنیات نانی بناغەی نەوەیەکی دلسۆزی چالاك بە نەتەوەکەمان و هەوڵدان بۆ پێك هێنانی دوارۆژێکی ڕووناکی ئەم نەتەوەیە کە چاوەڕوانی هەوڵی لاوو گەنجەکانمانەو ئەم سەردەمەش خۆی سەردەمی گرنگی دانە پەروەردەی لاوو گەنج لە هەموو سەرانسەری جیهانداو هەموو نەتەوەکان متمانەیان کردۆتە سەر دووا ڕۆژی ئەو جگەرگۆشانەو وا بزانم نەتەوەی کوردیش ئەمڕۆ لە هەنگاو نان دایە بەرەو پێش و پێویستی زۆری بەو مەسەلەیە هەیە وا ئێمەش حەز ئەکەین لە هەموو سەرانسەری وڵاتدا ئەم مەسەلەیە بایەخی پێبدرێت و بۆ شارەزا بوونی پرسی نیشوکاری تیپە گەلیەکانی ناحیەی عەربەت بە سەردانێکی ڕۆژنامەنووسی چونیە لایان و هەندێ گفتوگۆمان لە گەڵدا کردن .

● **سەرەتا وەرزشەوان کاك بختیار حمە سعید قادر سەرۆکی تیپەکە دەربارەی تیپەکەیان بە شێوەیەکی گشتی وتی :-**

× تیپەکەمان تیپی وەرزشی تانجەرۆ کە بە ناوی ڕووباری تانجەرۆوە ناومان ناوە ، ساڵی ١٩٧٧ دامەزراو بەردەوام لە خۆرسکیەوە ڕاهێنان و چالاکی و فێربوونی یاری تۆپی پێین و هەمیشە لە باربگاکەماندایە کە گەلێك ناتەواوی هەیە ، ئێستا ژمارەی ئەندامانی تیپەکەمان ١٢ یاری کەرن .

هەروەها هەر لە عەربەتدا یەکیەتی لاوان - لیژنەی ناوخۆیی عەربەتیش تیپێکی تۆپی پێیان هەیەو ژمارەیان ١٢ کەسن و کاك کریم کاکە حمە مارف سەرۆك و بەڕێوەبەریانەو ئەتوانم بڵێم بەوەندی یەکی باشمان هەیەو گەلێ یارمەتی یەکتری ئەدەین و لە نێوان خۆماندا کێبرکێ و ڕاهێنان ئەکەین ..

● **لێرەدا قسەکەمان پێ بڕی و لێمان پرسی : ئەی کاتەکە لێرەی ناوخۆیی یەکیەتی لاوان هیچ یارمەتیەکتان نادات ، لە وەڵامدا وتی :-**

× بەرەوەڵلا یارمەتی داوین ، بەڵام ئەوە نیە کە ئێمەی پێ پێش بکەوین و بگەینە ئەنجام و ئامانجەکانمان بەرەو بەدی هێنانی دووا ڕۆژێکی باشی وەرزش لە ناحیەکەداو گرنگترین یارمەتیش ئەوە بو کە سیمشێکو شەبەکەیەکی گۆلیان داوینەتێ ، قاتێ جل بە پانتۆڵو فانیلەوە ، سێ تۆپی پێو ، وابزانم ئەم ئەم شتانە ناتوانین کە گیروگرفتی ئێمە جێبەجێ بکات ، بەڵام ئێمە هەر سوپاسیان ئەکەین و هیوادارین لەمەودوا زیاتر یارمەتیمان بدەن و هەمووشمان مەبەستمان گاشە کردن و پێگەیشتنی لاوانەو باشیان خو نەیبڕێ دەسەڵاتی باشیان هەبەو ئێمە هەر بە تەماین .

دواجاریش هیوادارین ئەم لاوە خوێن گەرمانە ئەوەندە گرێ نەدەنە گیروگرفتو خۆیان سارد نەبنەوە لەو خۆرسکیەی خۆیان و هەوڵێ بێش خستنی تیپەکەیان بدەن هەتا لێیان ئەپرسنەوە .

● **لە کۆتاییدا سوپاسی ڕۆژنامەی هاوکاریان کرد کە بە تەنگیانەوەیەو گیروگرفتەکانیان ئەگەیەنێت بە لێپرسراوان و بە خوێنەرانیان ئەناسێنێ .**

بانگینەکا دلسۆز

پشتا سنۆ

زەردەشت

پاشی ئەز ب کورتی ل سەر دو کرنێت (فعلێت) هاریکار (مساعد) (بوین) و (هەبوین) ئاخڤێم ، دێ بیر و باوەرێت خو ل سەر هندە دەنگێت کوردی و رێنڤیسێ ل بەر چاڤێت خویندەڤانێت هاوکاری دانین ب هیڤی‌یا خویوبندنا وان هویرك ول سەرخودگەل بەرسڤدانێ دایارکرنا بیر و رایێت پەسندنەکەر یان جودا ژ یێت ئەم بەر روی دکەن داکو ب گێنگەشا مە ، ئەم بگەهین ئەنجامەکێ ، ئەم هەمی پێڤە بەند ببین و وەکی ئێك بنڤیسین .

نەراست زارکردن و دەنگدێرا واوا درێژ (وو) کو ب زارێ کرمانجی‌یا . بەهدینا و هندە لایێت هەکاری و موشێ و لوری دبتە (ئوی) و ب زارێ سورانی نەمازە سولەیمانیێ و کەرکولێ دبتە (ئوێ) وەك :

گووز گویز گوێز
خوون خوین خوێن
گوور کویر قوول ئەڤە جودایە ب لوری قویل .
ستوور ستویر ستوێر
شوون شوین شوێن

کو ب زارێ کرمانجی‌یا بەهینا تێلجار گەلەك ل کارە وەکی :

دوور دویر
خەسوو خەستوی دوون
دوین
بووك بویك ستوور
ستویر
بوون بوین هوور
هویر

ئەڤ دەنگدێرە ڤاولە ب لەنگی لی نك هژمارەکا نەیا کێم دبتە دەنگدێرار(ئی) کو ل شوینا خوون خوین (خین) دنڤیسین و دخوینن :

هەر وەسا خووندن خویندن دگەنە (خیندن) ، دوور دویر دکەنە (دیر) ، خەسوو خەستوی دگەنە خەستی . دویکێل دگەنە (دیکێل) بووك - بویك دکەنە بیك هتد. بجویك دکەنە بچیك هتد . ناهێتە هزرا وان کو دەنگدێرا (ئی) د زمانێ کوردی‌دا جودایە و جهێ خو هەیە ، هەر وەکی د ڤان بێژەیاندا دیارە : دین ، شیر تیر ،سیر ، شین ، ئەڤین ، شەرمین ، کەڤی ، شەڤی ، نەڤی دەڤی ، وی ، تی ، کی ، ڤیر لیر هتد . ژبەر هندێ خویندەڤانێت هێژا راست نینە بێتە گۆتن یان نڤیسین : شی - شیکرن ل شوینا شوی - شویکرن ، هەر وەسا تیر ل شوینا تویر یا تویرك . ل فێرە رامان و پەژن ئانکو مەعنا ژی دهێتە گهورین ژبەرکو تیر ئالافەکێ شەری‌یە ، بەلی تیر نامانێ پەرتالی‌یە تشتی دەکەنێ . وەکی وێ (سویر) نام خوێ‌یە ، لێ بەلێ (سیر) جۆرەکێ درامەتی‌یە دکەنە گراری . خوشتفی بێت نڤیسەڤان هایداری خو بسن ڤی دەنگی یان ب (واوا) درێژ کو بهزرا من بنیاتی‌یە بنڤیسن وەك (هوور) یان ژی (هویر) بەلێ (هیر) راست نینە ، هەر وەکی وێ شوونی یان شوین ، بەلێ شین راست نینە ژبەرکو ژ بلی نەراستیێ ژی شین ردنگەکە ژ رەنگان د زمانێ کوردی‌دا نەکو ژ بۆ جهێ لێ بوینێ . هندە کەس هەتا بێژەیا خوێ ب(خێ)دنڤیسن و زار ژی دکەن ب وێ لەنگێ کو ژ سەرهاتیادا دیارە : مژێ بگرن خوێ بکەنێ . مژ رونا هیێ بەرزەدکەت و ئەردی تاری دکەت هەکە خوێ کرێ ئانکو هەلاڤێتێ دێ ئەو هەلما شهێ بیتە رێژی و باریت .

ژ لایێ رێزمانێ‌ڤە هەمی پارێت (پشکێت) ئاخفتنێ دڤێ جودا بێتە نڤیسین ئەو پشك ژی ئەڤەنە :

ا - ناڤ دڤێ جودا بێتە نڤیسین وەك : سەرداری ئازا رەڤاند . دگۆڤەند گرێدایە زبەرکو دەنگێ دەهول و زورنا ب سەر واری‌ڤە دەنگ ڤەددەت .

ب - جهناڤ (زەمیر) : د کرمانجی‌دا جهناڤ د هەڤەکی‌دا هەرێ جودایە زبەر هندێ دڤێ جودا بێتە نڤیسین چ کورتکری یان ژی ب درستی بیت . وەك : م گوت ئەز لێ ڤەنابم . من و وی خو ل هێزۆکێ دادا . من شوینەکر ، من ب گۆتنا دەیکا خو کر ، ، من شویکێ خو ب دلێ خوکر . هاڤینێ رەز و پەز ، زڤستانێ ئاگر و ئەز . نانێ خو بخو ب ئاڤێ منەتا خەلکی پاڤێ .

ج - هەڤالناڤ (صفة)، دیسا دڤێ جودا بێتە نڤیسین هەکە خوری (ساده) ژی بیت ، بەلێ هەکە لێکدایی (مرکب) بیت هەر دو پارت (پشکێت) ب‌لێکدایی دڤێ جودا بێتە نڤیسین . وەك : رەزێ بجویك دەبارا رەزڤانی ژێ ناهێت دەشتا فرەھ جهێ لەیزتن و یاریانە. بەژن بەژنێت (درێژن ، رەش روحان کاتا تاڤێژن ، ب بەژن کورتا گلێشتی دریژن . ستور دستۆتینە ، سپی دپوینی‌نە ، رەش نەسمەرن پێ‌گۆتینە. سورگولا گەردەن کێل و پەژنزراڤا جاڤ بەلەك تۆلاز کوژە .

دەکرن (فعل)دیسا چ خوڕی (ساده) یان ژی لێکدایی بیت دڤێ جهێ وێ جودا بیت ئانکو د هەڤەکی (جوملة)دا جودا بێتە نڤیسین .

وەك : جۆن ب دەستێ مرۆڤی‌یە ئەگەریان نە . کارکەرێ خوبە ، خوشتفی یێ خەلکێ بە . هندیکە خیارە ژ تویتکی دیارە .

رابە تو دوستێ ژیارێ ، ئەڤرو ڤەوژێرن دیێ
دا ب رێکێڤە نەگیرو بیت بچیت گەروان دل .

دا ژبیرکەین دەرد و ئاها ، جۆشی مە پر بیت و هەوەس
ئو ل مەیخانا ژیارێ پر ببیت فنجان دل .

لێ هاتن جێترە ژ ژێهاتنێ . مای تێ‌کەری خولیا سەری‌یە .

چاڤ پێرا نەبوینێ چو دەرمان نینن .

هـ - پێربەست (حرف) : پێربەست ب کرمانجی دڤێ جودا د هەڤەکی‌دا بێتە نڤیسین . نە ب ناڤی ، نە ب جهناڤی، نەژی ب کرنێڤە.

ا - من هەڤال مال دیت ڤێ سپێدی . ب من وەرە هزر و بیرێت تو ل سەر دچی نە دجهێ خودا بن . ژ خالا دزاڤە هەمی کەس دژن . هەکە ب من ه

بۆ من ه . هەرە بەر سیبەرا شیرا بلا تە بحون . چ بکەیە کوواری ئەو دێ هێتە خارێ . وی بەرەك ب من دادا ئەز درێژکرمە ... گا دکولینێرا برە سەربانی ، هندی کر و کر چو ب دەستڤە نەهات. سەرمەزنا پێ بجویك خوزیکێت وێ مالێ یا تو لێ بویە بویك . سەر بچویکا پێ مەزن نەخوزیێت وێ مالێ یا لێ دبیتە ژن . ب من ڤە ناهێت ئەز بچویکا خودان‌کەم ، بەلی ب من ڤەلێت ئەز کارێت وەکی جوتیاری ، رەزڤانیێ بکەم . تشتێ پێ‌ڤی گۆتن ئەڤەیە ئەو (ب) بێت کو ب کرنا (فعلا)ڤە وەك ، بکەم ، بدەم ، بکەن ، بدەن ، بانێژن ، بافێژن ب کرنێ ڤە بەلەن ژبەرکو جۆرەکێ کرنێ‌نە .

و - (ئو -) یا پێوەند (عطف) دڤێ جودا بێتە نڤیسین وەك :

ئەز و ئەو پێکڤە چۆن مال . دوهی من نان و پێ‌خارن کرین . سەروەر و هەڤال هەر دو دوختورن . هەکە هات و هژمارەکا کەسان ، جانەوەران یان ئامێتان دەهەڤەکی (جوملة)دا بێتە دەست نیشانکرن ، ناڤێ دویماهیێ ب تنێ دێ (ئو) یا پێوەند ل پێشیێ هێتە دانان وەك . دوهی ل بازاری من شەکەر ، توڤی چایێ ، کرین . ئەڤ هەڤالنە ئازا ، گوشت ، سەبزە و مێوە ناڤخۆشی ، سەربەست ، سەردار و دلۆڤان د جڤاتێدا بەر هەڤ بون . دمینت ئەڤ پێوەند ب سفکی تێتە زارن و ب درستی ، هەکە ب سفکی بیت وەك : دار و بار ژ تێهنادا ئەڤ سالە هشکبو . بەلێ ب درستی هەکە دویماهی‌یا بێژەیێ تیبەکا (حەرفەکا) دەنگدێر (صائت)بێت وەکی (ئا -) ، ئە -) ، ئێ ، ئی ، ئۆ وەك : زانا ئو بویك بەختیارن . شەرێ خەسوییێ ئو بویکێ ناڤدارە . حەمانێلێ ئو ئاندەلی هەرو شەڕ و هنگامەیە . جۆ ئو جوبارا وەلات رەنگین کریە. ژبلی هندێ ژی گەلەك ژ نڤیسەڤانێت زاری کرمانجی دەمێ دەست ب نڤیسینێ دکەن ، ناهێتە هزرێ کو بیرێت وان ل سەر بابەتێ دنڤیسن بریتینە ژ هژمارەکا هەڤەکان چ کورت یادرێژ . باشی هەر هەڤەکی جوملەکی نوفتە دانان پێ‌ڤی‌یە . هەر وەسا درێژکرنا هەڤەکی ژی ب رێکا دانەکاری‌یا نیشانان وەك ڤان (، : دچیتە سەری . ب ئانەهیا خودێ پاشی ل سەر نەراستی‌یا هندە زارڤان د ئاخفین دێ ل سەر بابەتی نوفتکرنێ (تنقیط -) ئاخفم ب درێژی.

کاپەمانی

نزاربەزاز

بوهار بی چۆمە بەر خابیری ئێڤارێ
من دیت جانەك رینشتیە بنیادارێ
بسك بەردای بو برج ترێدای بو ب ئیشارێ
ژ هەردوو چاڤا وێ روندك تینانە خارێ

من گوت ئۆ چاڤا ئەڤە راستە یا دبینم
ئەگەر خەونە من نەڤێت ڤەد لێ بمینم
بەلێ ئەز نە نفستیمە یێ هشیارم
روندکێت وێ یێ وکەڤنە ئەردی ئەزێ دبینم

من گوتێ جانێ بۆ من بێژە تە خێرە
ئەڤرو جەژنا بوهارە تو ب خەمی لڤێرە
بەختیتەمە بو مە بێژە وبەس بهێزاە
دلێ من‌و خەما خو لمن نە ئەشیرە

ئینا ئاخینکەك هاڤێت ئێش پێ ئینا من
تو خو دبێژی‌ی ئاگر یان تیرەك بەردامن
ب دوو چاڤێت بەلەك یێ ب گری‌بەرخودامن
ئوگوتی تاری و تەحل‌و خانە ژینامن

چاڤ ناگرین ئەگەر خودانێ بخەم نەبت
دل ناتێشت ئەگەر تژی برین نەبت
بەری وەختی گول لبوهارێ ناوەریت
ئەگەر بێ ئەردو ئاڤ‌وئاڤ با نەبت

بەختێتە حەلیا دلێ من دل برینێ
دێ کا بۆ من بێژە خەماخو حەیرانێ
ب خودێ ئەز نابینم ج ئەردا حەویانێ
ئەگەر ئەز نەزانم کاتە چیە جانێ

گوتی ئەزم ئێخسیرا کوفان‌و خەما
گول جان بینم .. نوکەبهن‌و رەوشێ لێ‌نەما
رۆژێت من هەمی ئاخ‌و ئاخینکن چما ..؟!
دل خوش نابم وەکی ئێ عالەمێ هەما
گوتی ئەز گوریا کرینب‌باب‌و برامە
ئەز بۆوادەرگهێ خێری‌وچەند خۆشیامە
ئۆ ئەز ژوان خێر وخۆشیار ژدیرامە
گوت ئەز پێ گوهورکا بابێ چاڤ کورەمە

نافکرناتە خەماتەیە

... ئاڤاهیێ لسەرشوول دەت ... کیسکێ نایلونی بنان‌و حەلاوەڤە .. . رۆتمبێلێ «خەمو» دەرکەفت.. لهەمبەر پالان راوەسیا دنێ‌وان هندەبو چ قامـا- ناگریت ، هندەك بەزینە «خەموی» و خوێ وەرکر . «خەمو» هندی هاتی کو ئەو تشتەکی ژپالارا بێژیت ، نەکاری ، ئیناگرنژی‌و رۆندك دجاڤادا زیق‌بون .

دەمی قەرەبالغ ڤەرەڤی «خەموی » ئەو پێلاڤا قێریا بەنا ئەدری لدویڤ‌خو خشاند ، بەردیوارو بەردیوار کەتەڕی ڤەستا مالکر . لناف سویکا راوەستیا چاڤێت خو هاڤێتە نەینکەکا هەلاویستی لدەرێ دکانەکێ ، تەقنەکا رەشا بسویرەتیڤە هشکبوی ، خوبنەکا سۆرا شپشت گوهی فباتکیدا تێتەخار ، چاڤ ژنەبنکێ کێشان‌و برێکەت ، لفکا دەرسوکێ چەند جارەکا فباتکاخورا ئیناوبر .

لسەری‌کولانا رۆژێ تەڤنی خو لێ‌راچاندی ،دیت قەرەبالغەکا لبەر دەرێ‌وان ، لگەل دینێ ، دل ژپشتێ ئەرەست کەتەهنافا ، لنگ لێ سستوخافبون. لبەر دەرگەهی ژنکەکێ ژناف ژنکان گووتێ :

-« خەمو» ، قیچکە ... مزگینیا من بینە.

- سەرچاڤێت‌خو . . . کانوکە هوین ریکا من بکەن خوبدەنە پاش ؟ دشیشکێت بەنجەرێرا چاڤێت خو بناف ئۆدبدا بەردان ، چەند ژنکەکێ لبەر خلمەتا «بەسێ » راوستیاینە ، بیچولکەکا بدەخفە ئاوازان دخوینیت .

رۆژا پاشتر لتاری گەورکێ «خەمو» دنیڤا هندە پالادابو لپشتا تۆمبێلەکێ ، لفکا دەرسوکاوی مینا غالای باینێ ئەتەژینیت . هەفسایەکێ وی ژێراگوو :کەکو تودزانی چەند کەیفا بچویکا یاهاتی .. ژی درێژبێت ... بدەیباب مەزنبیت . لسەرخێرێ تەبو چ‌ناڤ دیت .

تبشکێ «خەمویە» چ پێ نەڤبت ، لێ من‌باوەریا هەی ئیدی کەسەك نافێ «خەمو» نەراکەت ، ئەجا نافکرنا وی خەماوی دمینیت . مائەز بوئەچ بێژم ، دەواری‌باشـ- ئالیکاخو زێدەدکەت .

نزار محمد سعید

هێ چ باسێ بانگی نەبو ، چاخێ « خەموێ بەسێ » پشتە دەربوی‌و خو بکولانێدا بەردای . ژنا لسەر پوژێت خو هێلا پشتخو .« خەموی» بێنگاڤ ڕانان وێ تاریێ شەق دکەت . لکولانێ زفری نەزفری‌و چەند زەلامەك شنشکڤە کەتنە بەرسینگی ، بێهنامەی بسەر دڤێت وی دگرت ، نەزکەکا گەرم ئلەشیدا کرەغار . بکەرب تویرکێ خوێ نایلونی ژبەن کەفشێ خو ئیناخار . زەلامەکی ژزەلاما بدەڤەکێ گران گووتێ :

- پسمام جگارە فتەنینن ؟ مە نەمابنە .

-کیسکە ... دێ تێکەن .

دێ کا بینەنێ ئەم سۆتین. بەهۆرا خولکیسکی‌دان ، هەر ئێکی دڤێت ملێ‌خو بێخیتە یێ‌هەڤالێ خودا نەڤە هەژێت‌و بکاریت جگارێ بیچیت .« ڤێ نیڤاشەڤێ ، ئەنان هوسەرێت خو پێکڤەناین ، هەر تشتەکێ هەی یێ‌تە گبیرەکێ دکەن !» ئێك نێزیکی وان‌بو ، ئەڤ هزرە ددلێ‌خودا دکر ، بسەر گەرمی وی دەنگێ‌خو شەقاند:

- چ دکەن لڤێرێ ڤێ نبڤاشەڤێ ، ماوە چ کلێس- نینن؟ هەمی ڤەجڤین ، ئێکی شوان خو گیف‌کروگوو :

- هەرە خالوهەرە ، بخو نیڤە ئەم نەئەوین یێ دکەڤنە دوکانا ، توێ‌خەلەتی .

دێ‌هەرن ... هەرن ، عەربانا خوبکێشن ... ناڤێ‌خو نە ئێخنە دەفتەرامن. لفکا دەرسوکاخو ڤپشت کوهێت ئنگلیزیا کورتڤە هاڤێت‌و رێکا خوگرت . «خەموی» برێڤە هزر ژئینەسەرك جاڤێن‌خو ئبخستنە ستیراکانێ ژهەمیان کیژگەشترە ، بەلکی پی ئەنا هزران پەرئڤیتن ، لپیش‌چاڤا نەهێلیتن « من ئەگووتە خو «خەمو» تو دێ چاوا «بەسێ» دڤی کراسیدا هێلی .

نالین‌و قیژێنێن تە ،خودێ هەبە نەژخوەنە . تڤیا ئەز بزڤرم ... بزڤرم نەزڤرم ..... نەخێ نازڤرم. ماهەکە زڤریمژی دی چ‌کەم گەهەشتە مەیدانا پالا ، روینشتەخارێ ، پشتدا دبوارێ دوکانەکێ ، پشتی بیستەکێ ، چاڤێت وی کەفتنە سەرك‌و چوتیلابنی . چاخێ چاڤ ژسەرك راکرین ، ستیرا خاڤر ژئەسمانی‌خاستبو . دوورو رەخێت وی مشت بالەبون راست رابوسەرخو ، تۆز ژشەلی داڤوتا . ملێ- خونئخستە ستوینکا کەهرەبێ لبەر لتفاجهێ . چ تۆمبێلەکاتێت یا لبەر ستوینکێ دراوستیت ، چەندەکێ لێ‌سیاردبنو یاسەر نشیڤ دبیت . دیتناوی دیتی ، تۆمبێلەکا لسەرێ جەهلێ دگنڤێشیت ، پالەژبەر بربون ، جەهدە بەردا ، وێ سویریەکا هندابسەهم راهێلاو دجهدا کەرپو ، بەدکێ هزرێت «خەموی » بچاند ..تێك‌هاتو تێك‌چو وی دەست ژستوینکێ‌ڤەبون .. دەڤ درێژبو دجوێداوگەژی، گازیەکا دودەنگ ..برویسبانی ئێکی ڤەدا:«کوشتو وللارەڤکر لەرەڤیت بگەهنێ !» چەند خولیافەتێ لبەر دەرێ نانگەها شوێرێ وێڤە ، بجارەکێ ببەز داجریانە سەرکەلەخی ،هندەکا راکر ... درێژکرە سەرلێڤا جەهدێ ... هێژێ دەستو پیا راڤاڤیت کەفا بەر دەڤی دکەڤیت .... زەلامەکی چاڤێت وی دبن دەستێ‌خو ڤەکرن بدەرسوکا وێڤە . . . ئێکێ دی کەفیکا خوراجەشاندە دەدڤیرا ... دەنگەکێ تیژ بلندبو :

- دەستێ خو پلکێشەخال دێ مێشاوی بری؟ ئێکەر ئێکی بەرسڤا وی‌دا :

- ماینخو لێ‌نەکەن .هوین تشتەکی دزانن ئەوتشتەکی ، نانی بدەنەڤنان پێژا بلانێ ئێکا زێدەبیت .

حەشامەتەکا هندا کەفتیە مەیدانکێ ، دەنگێ تێکوەردبن: زەبەتبگرن ... ئاڤێ‌بدەنێ.. ...ساکوی زبەبکەن . . . شوینکا وی ڤەکەن . . . زەبت بگرن ... خوبدەنەپاش هەبامەکێ کیم بسەر ڤەجو ئەو «خەمو» یێ خو هێڤە راتاڤیت هوفەراتاڤیت ، بوئاشەکێ ئاڤ ژسەر گرتی . متیێ کوینێ خوڤەدا ، رۆندکا خو نەگرت دچاڤێن گەلەکادا .

دەست ژ«خەموی» هاتنە بەردان ، دەرسوك رابو ژسەرچاڤان کەفیك ژدەڤی هاتە هلکێشان ، هەر ئێك‌ژ حازرا دجهدا مازوها. خودانێ ئنگلیزیا کورت یێ‌کو وێ گاڤێ بسەر قەرەبالغێ هلبوی ستوینێت کوینی ژبن‌کێشان :

«ئەرێ ماهوین گونەهناکەن خودانێت ترمبێلا .. چار پنج تۆمبێل برێز لڤێرێ .. ئێك نابێژیتەخو دافی قەلەندەری بگەهینینەخەستێ بەلکی هێژ رحتێ‌مابیت . » مروڤەکی لێ‌ڤەگێرا :

-سەر بەختێ من توراست دبێژی ئێکی ئەڤ ئاقلەخەرچ نەکر ، هەکە داوەت با نوکە بیانیت تیتاوان چ پێ نەڤێت ! خودانێ تۆمبێلەکێ کەرەمکر خودبەرراکر ، نینا هندەك دبن کەلەخی چون‌کرە دتۆمبێلێداو بو خەستێ ڤەبرن . لنیڤارێ «خەموی » ستۆیێ پێڤە ئەتەژیا راکر ، چاڤ زل کرن .. سەرێ خو ڤەلەقاندا چەند جارەکا . . نێری شوفێری‌و ئەویـن لگەل‌و هەردوو رەخێمن جادێ ... پاش بدەنگەکێ کەلی گووتی : دێ من کیڤە بەن برا شوولێ من نەنهوڤەیە ، دەولەت سەرێ‌خو هوین من بزڤرینن . شوفێری گووتی : چو نەبو کەکو چەپا بویکێ بو نوکە هائاها دێ ژڤرینەڤە فجهێ‌خو .

برێڤە هزرا جارەکادی خو بەردادا : بەسێ ... تۆمبێل

Institut kurde de Paris

ئاڤابوون

گورتەو کرمانج

- مۆید طیب -

دەمێ ئاڤا
رەشەکێت وێ شەڤا تاری
روژا زەلال ،
دخوینێ وەردکەن . .
بەرێ ڤەدکەن . . دچیتە ئاڤا
(روژ پەرێسیت) گوندکێ مە
گەریا بەهێز گرێنادەن
جل‌و بەرگێت خۆ رەش ئاکەن
چنکی خرێ .. لوێ باودرێ
هەر روژەکا ئاڤا بیت
سبە .. دگەل بانگێ دیکلا
روژەکا ئەشترا ل‌دویف
روژەکا خوشترا ل دویف

وتەی سەرۆکی فەرمانده بۆ گۆڤاری «المستقبل» پاشماوە

لە کۆنگرەی بالای ئەفەریقا لە لیبیریا کاتێك کە سەرۆك سادات دەستی کردبە خوێندنەوەی وتارەکەی سەرۆك نمیری کشایەوەو .. لەگەل ئەوەشدا ئایا تایبەتێتی پەیوەندی میسر - سودان لە سەر ئاستی گەلوهەندێ خەمو خەفەتی ئەمنی سەرۆك نمیری لە بەرچاوناگرن .؟

سەرۆکی بەڕێز -

پێویستە ئێمەی عەرەب جیاوازی لە نێوان هەلوێستێكو هەلوێستێکی دیکە بکەینو .. هەروەهاش لە سەرمانە لە نێوان ئەوەی کە هەزار میل دەبڕێو شەری دوژمن دەکاو لەنوان ئەوەی خاکەکەی داگیرکراوەوشەڕیدوژمن دەکا جیاوازی بکەین .. هەلوێستی یەکەم بە هەلوێستی ئەتەوەیی ناودەبەینو بەلام هەلوێستی دووەم بە هەلوێستی نیشتمانیەروەری ناودەبەین تاوەکو ئەوەی دووەم ئەو بەشە داگیرکراوە وەربگرێتەوە ولە دواییدا هەلوێستەکەی بە هەلوێستێکی ئەتەوەیی ناو دەبەین .. پێویستە جیاوازی بکەین لە نێوان ئەوەی کە لە هەموو جێگایەکدا گەمارۆی کردن لە خۆی هەلاتنی نادەینو ئەویش بۆ بەرگری کردن لە خۆی شەر دەکا ، لە نێوان ئەوەی کە هەلوێستێك دەنوێنی بۆ لە قەلای خۆی دەردەکەوێو بۆ سەرخستنی حەق شەر دەکا ، لە نێوان ئەوەی کە هەلوێستێك دەنوێنی بۆ یاراستنی قەوارەی خۆیو ، لە نێوان ئەوەی کە هەلوێستێك دەنوێنی قەوارەکەی خۆی دەخاتە مەترسییەوە ، یاخود قەوارەکەی دەخاتە بەر تاقیکردنەوەیەکی سەخت .. لە سەرمانە جیاوازیی بکەین لە نێوان ئەمەو ئەودا .. ئێمە بۆ ئەوەی لە هەلوێستی سودان بگەین کە هەلوێستێکی راستە ،لەسەریەتی کە هەلوێستێکی وا نەبێ بۆ چارەسەرکردنی هەرەس هێنانو تەنگو چەلەمەکانی نەبێت کە روو بەرووی بووە بەلکو هەلوێستەکەی دەبێ لەسەر بناغەی هەلوێستی عەرەبی بێتو نەك لەسەر ئەو بناغەیەی کە چارەسەری هەلوێستی ناوەوەی سودان بکات .

المستقبل ..

ئایا لە توانماندا هەیە بزانین ئێوە چۆن بارودۆخی ئێستای شۆڕشی فەلەستین هەلدەسەنگێنن ..لە دوایینشدا هێزی چی بوو کە لەکاتی بەستنی کۆنگرەی بالای بەغدا .. رنگە لەوەبگرێداوا لە دەستەکانی ئەو شۆڕشە بکاتکە یەك بگرێت پێش ئەوەی بڕیاری بەردەوامبوونی وەکو شۆڕشێك بدرێت؟!

● هەلسەنگاندنی واقعی ئێستای شۆڕشی فەلەستین

سەرۆکی بەڕێز -

ریرەوی گشتی شۆڕشی فەلەستین بە هەموو دەستەکانیەوە ئەوەیە کە هەموویان پیاوی شۆڕشگێڕی دلسۆزن لە کردەوەکانیاندا یاخود لەوشتەی کە دەیانەوێ بیکەنەوە یا باوەڕیان پێوەهەیە. بەلام ئەوەی کە ئەوانی‌یەتیان‌نەتەوەش نی‌یە .دەبینی چەند سەرکردایەتیەك هەیە لە جیاتی یەك‌سەرکردایەتی .. چەند ستراتیژیەتێك لە جیاتی یەك ستراتیژیەتو چەندهابەیرەندی لە جیاتی یەیوەندیەکو . جۆرەها عەقیدە لە جیاتی یەك عەقیدە .. ئەمەیە واقعی شۆڕشی فەلەستین .. بەلام کاتێك کە دەچنە لای یەکێ لە رۆژنامەکانی عەرەب داوایان لێ دەکەن کە یەك‌بگرن .. بێ ئەوەی داو لە خۆیانەوە بکەن کە یەك‌بین .. بە واتایەکی تر داوا لە رژێمەکان دەکەن کە یەك‌بین بەلام داوا لەو دەستە شۆڕشگێڕیانە ناکەن کە لەیەك مەیداندا شەر دەکەن یەك بگرن ئەم تەنگرچە لەمانەش مەحالە چارەسەرکردنی مەگەر لە رێگای مەیدانێکی کراوەدا نەبێتو ..زۆرانبازیەکی درێژخایەنیش تاقە توانایە کە یەك سەرکردایەتیو یەك عەقیدە بخولقێنێ بێ ئەوەی پشت بە تەلەکەبازی دەولەتان وەیاخود عەرەب ببەستێت .. لە سەر شۆڕشی فەلەستین پێویستە کە سەرکردەیەکی دان‌پیانراو لە نێوان رۆلەکانی خۆیدا بخولقێنێ .

المستقبل ..

چەند رۆژێك لەمەوبەر بەرەی رزگاریخوازی عەرەبی کە لەلایەن عراقەوەبارمەتی دەدرێ کردەوەیەکی فیدائیانەی نەبەردی لە قودسا بەجێ هێنا .. ئایا ئەمە ئەوە دەگەیەنی کە سەرەتای دەستوەشاندنی بەرەکەیەو ئایا ئەم کردەوەیە کردەوەی تری بەدوایەو ئایا هیچ ئامادە بوونێك لە ئارادایە بۆ روو بە رووبوونی هەموو هێرشێکی ئیسرائیلی بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو کردەوەیە لە عراقدا .. ئایا بەرای ئێوە ئیسرائیل لە سالانی داهاتوودا لەفراوان بووندا بەردەوام دەبێ تا بگاتە سنووری ئێوە یاخود ئێوە گەیشتوە نەتە سنووری ئەوا ؟

● پشتگیری هەموو دەستەکانی بەرگری فەلەستینی دەکەین ..

سەرۆکی بەڕێز -

بەرەی رزگاریخوازی عەرەبی ئەم کردەوەیەی لە ژووری کردەوەی خۆیدا رەنگ رێژی کردوە نەك لە ژووری کردەوەکانی ئێمە ، بەلام بەنسبەت پەیوەندی عراق بەپشگیری کردنی بەرەی رزگاریخوازی عەرەبی ئەمەی خوارەوە دەڵێم .. راستە بەرەی رزگاریخوازی عەرەبی نزیکترین بەرەیە لە ئێمەوەو ئەمەش ئاشکرایە بەلام لەبیرشت نەچێ کە هیچ تۆپێکی فەلەستینی چەرخێکی عراقی تێدا نەبێو هیچ جۆرە رەنجێك نی‌یە دژی (ئیسرائیل) ئاراستە بکرێ بێ ئەوەی بە جۆرێك بەشداری تێدا نەکەین .. ئێمە پشتگیری هەموو دەستەکانی بەرگری فەلەستینی دەکەین لەروی مەعنەوی‌و سیاسی‌ومادیەوە .. بەلام (ئیسرائیل) چۆن رەفتار دەکا ئەمە مەسەلەیەکی‌ترە بەلام شتێکی تەبیعی‌یەکە دەستەشۆڕشگێڕیەکان هەمیشەو بەردەوام لە جوولانەوەدان بۆ رووبەروو بوونی دوژمنان .

المستقبل ..

ئایا ئێوە لەو باوەڕدان کە ئەردەن تا دوایی خۆرادەگرێ بە شێوەیەك کە بۆچوونەکانی سادات بەهاتنی مەلیك حسین‌ەوە بۆ نەخشەی ئەو دێتەدی‌و ..ئایا ئێوە وەکو عراق لە لایەکو وەکو دەولەتێك لە کۆنگرەی بالای بەغدادا لەلایەکی‌ترەوە یارمەتی دەدەن لە خۆراگرتنی بەردەوامیێت .؟

● ئامادەین هەموو جۆرە یارمەتیەك پێشکەش بە ئەردەنا یکەین .

سەرۆکی بەڕێز -

ئەوەی لەمەلیك «حسین»ەوە دەبینینو بەرگوێمان دەکەوێ ئەوەیەکە مەلیك حسین بەردەوامە لە ئیلتزامیەوە بە بڕیارەکانی کۆنگرەی بەغداو ئەمەیەکە بەردەوام دووپات دەکاتەوە .. بە پێی بڕیارەکانی کۆنگرەی بالای بەغدا پشتگیری ئەردەن دەکەین هەروەك چۆن پشتگیری سوریا دەکەین‌و .. ئامادەین هەموو جۆرە یارمەتیك پێشکەشی ئەردەن بکەین کە لە هەموو حالەتێك لە حالەتەکانی زەبوونی‌یەوە دوور بخاتەوە .

المستقبل ..

ئایا لەو باوەڕەدان کە ئێستا پێویستی بە کۆنگرەیەکی بالای سوود بەخشی عەرەبەوە هەیە . ؟

● هەر بەیەك گەیشتنێکی عەرەبی سوود بەخشە .. بەلام

سەرۆکی بەڕێز .. ئەمە پەیوەندی بە ئامادەبوونی نەفسی‌و ئامانجەوە هەیەو .. پێشئەوەی بڵێین شتی سوود بەخش چی‌یە دەبینین هەر بە یەك گەیشتنێکی عەرەبی بێگومان سوود بەخشە بەلام قازانجەکەی چەندە ئەوە بەستراوە بە تەبیعەتی نیازو تەبیعەتی خۆمادەکردنو تەبیعەتی ئامانجەوە .

المستقبل ..

هەتا کەی پەیوەندی لەگەل وڵاتە یەکگرتوەکاندا بە بڕاوی‌و لەگەل بەریتانیا لاوازو لەگەل پەکێتی سۆڤیەتدا سەرو شوێن نادبار دەمێنێتەوە .. وئایا هیچ نەخشەیەك لە ئارادا هەیەکە بۆ پێشخستنی هاوکاری کەکێکی وسوپایی لەگەل قەرەنسەدا ؟

● پەیوەندیمان لەگەل دەولەتە گەورەکاندا

سەرۆکی بەڕێز -

پەیوەندی لەگەل یەکێتی سۆڤیەتدا تا رادەی درێژایی سەرو شوێنی زانراوە .. هەروەها ئەم پەیوەندی‌یە ، پەیوەندی دۆستایەتیەکی راستەقینەیە نەك شکلی یانە بەند بە کاو ساتێکی زانراوەوە ، بەلکو پەیوەندی هەیە بە مەوداو سروشتی تێکۆشانی عەرەبەوە و بەو مەودایەوە کە یەکێتی سۆڤیەت دەتوانێ لە مەیدانی یارمەتی‌دانی ئەتەوەدا بیکات بە پێك‌ەیشتنی ستراتیژی یان بەژەوەندیەکانی هەر دولا یان بە هەردوکیان .. ئەمەش وەزعێکی دەست نیشان کراوە . چونکە سۆڤیتیەکان بە تەواوەتی لە بیروڕای ئێمە دەگەن‌و ئێمەش بە تەواوەتی لە بیرەرای ئەوان دەگەین . واتە لە بواری پەیوەندی دولایەنەی نێوان ئێمەو ئەواندا ، ئێمە شکات لە گرێیەك یان وەزعێکی تایبەتی ناکەین .

بەلام سەبارەت بە بریطانیا ، ئەو ساردیەی کە جارجارە لە پەیوەندی‌مان لەگەلیدا روو دەدا هۆیەکەی ئەورابردووی ئیستیعماری بەریتانیایە .. چونکە عراق یەکێك بوو لە گەوهەرە گرنگەکانی تاجی بەریتانیا بەلام ئێستا ، عراق بێ گومان وەکو جاران نەماوە .. هەروەها مێژوو هەندێ کردار دەکەن کەپەیوەندی بە رابردوەوە هەیە ، بۆیە ئێمەش بەرامبەر بەم کردارانە کاردانە وەمان دەبێو هەلس‌وکەوت کردنی سروشتی‌و ئاسایی لەگەل بەریتانیادا تێك دەچێ ، هەر ئەم هەلوێستە هەموو ئەو دەولەتە رۆژ ئاوایی یانەش دەگرێتەوە کە جار جارە هەلس‌وکەوت کردنی سروشتی‌یان لەگەلدا دەنەقێ .

بەلام سەبارەت بە وڵاتە یەکگرتووەکان ، پەیوەندیەکان هەر بە ساوی دەمێنێنەوە تا ئەو کاتەی دەکەوێتە سەر ئەو رایەی کە گەڕاندنەوەی زیاتر سوودی بۆ نەتەوەی عەرەب‌و عراق هەیەو بێ ئەم شێوارە پەیوەندیەکان هەر ساوی دەمێنێتەوە .

المستقبل :

ئەم هەلوێستە لەگەل ئەوەدا رێك ناکەوێ کە بەردەوام لە بارەی نەرمایەنی شۆڕشگێڕانەوە نەوە دەبڵێن .

سەرۆکی بەڕێز :

بێگومان ئەم وەڵامەم ئەم نەر مایەتی یەشم دەگرێتەوە .

المستقبل :

فەرەنسا دەمێنێتەوەو ئەو پەیوەندیە جیایەی کە لەگەلیدا هەتانە ..

سەرۆکی بەڕێز :

پەیوەندیمان لەگەل فەرەنسە دالەگەل پەیوەندیمان لەگەل بریطانیا دابەراورد ناکرێ .. واتە ئەویان جێگەیەکی جیای هەیە . وپەیوەندیمان لەگەلیدا باشە ..ولەم مەسەلەیەدا هیچ گومانێك نیە .. ئێمە هەندێ جەك لەوان دەکڕین هەروەها هەندێ ئەلقەش کە بە بیرەرای ئێمە بۆ چەکدارکردنی سوپای عراق بەسوودن .. وکە بارودۆخی چەك کڕین لە یەکێتی سۆڤیەت هەلی بۆ دابین‌کردنی بۆمان نەڕەخساندوە .. لە چوارچێوەی حیساباتماندا ئەوەیە هەر ئەلقەیەك لە فەرەنسە داوا بکەین کە بە بەسوودی بزانین‌و خزمەتی عراق ونەتەوەی عەرەب بکا ئەوانیش لەو سنوورەدا کە وای تێدەگەن بە سوودی ولاتەکەمانی تێدایە لەگەلماندا دێن .

المستقبل :

چەکە ستراتیژیەکانیش ؟

سەرۆکی بەڕێز :

مەبەست لە چەکە ستراتیژیەکان چی‌یە ، ئەگەر کیشوەر بڕ بن ئەمە مەسەلەیەکی گرانە بیداتە عراق چ بە نیسبەت فەرەنساوە بان خەلکی‌تر ..

المستقبل :

بەر لە سێ مانگ بە سەردان لە هلسنکی بووم ولەوێ چاوم سەرۆك وەزیرانو سەرۆکی پەرلەمان ووەزیری دەرەوەو بەڕێوەبەری بانکی ناوەندی رژمارەیەکی زۆر لە بەڕێوەبەرانی دایرەو ئابووریەکان کەوت .. هەموو ئەوان بێ بواردن بە بایەخێکی زۆرەوە باسی عراق خۆی ودەوریان کرد .. ئایا لە لایەن عراقەوو هیچ بایەخێك بەم وڵاتانە دەدرێ کە بە خاوەنی تەکنۆلۆجیایەکی بێ لایەن یان شتی وا دەناسرێ ؟

● پەیوەندیەکی باش لەگەل دەولەتە بچووکە بێ لایەنەکان ئەوروپادا .

سەرۆکی بەڕێز :

هێلەکانی ئەم رووکردە لە ساڵی (٩٧٥)ەوە دانرا لە سەر بنەڕەتی ئەوەی پەیوەندیەکی باش لەگەل دەولەتە بچووکە بێ لایەنەکانی ئەو روپادا وەکو سویدو فنلندا‌و نرویجو دنمارك وهی تر ، دابمەزرێ .

المستقبل ::

ئایا هیچ ئارەزوویەك بۆ بەردەوامی ئەم پەیوەندیا ئەو پێشخستیانو بەرزکردنەوەی ئاستیان هەیە ؟

سەرۆکی بەڕێز : بەلێ .

المستقبل ::

بیستمان ئامادەکردنێکی یەکجار گرنگ بۆ کۆنگرەی بالای بێ لایەنی دەکرێ کە ساڵی ١٩٨٢ لە بەغدا دەگێڕێ ـئایا دەستی وا چاوەڕوان بکرێ کەبۆ چالاك کردنی بزوتنەوەی بێ لایەنی کار دەکەن ، یان پێکەوە گونجانی سوفیەت ـ ئەمەریکا بەو خاوبوونەوەیەی کەودەی هێنا بەر لەهەموو چالاك کردنێك دەگرێ .. بەم بۆنەیەشەوە بەگشتی چۆن بزوتنەوەی بێلایەنی ، ئەوەی کە بوەو ئەوەی کە دەبێ ببێ ، هەلدەسەنگینی !

● دەسپاندنی دەوری بی لایەنی

سەرۆکی بەڕێز :

وا سەیری بزوتنەوەی بێ لایەنی ناکەین کە دۆی ئەم دەولەت نەك ئەو دەولەت ئاراست کراوە .. یان خزمەتی ئەم کۆمەلە دەولەتانە دەکا نەك ئەو‌و کۆمەلە .. بەلکو رێو شوێنی زانراوی خۆی هەیە کە لە کۆنفرانسی باندونگەوە بۆی دانراوە ولەم سەرچاوانەوو لەمەسەلەکە دەگەین . بۆیە ئارەزوومان هەیە ئەم رتیازە بێلایەنە قوول‌بکەین تا لەگەل هەلوێستی لە هەق نزیکدا .. یان لەگەل هەلوێستی عادلانەدا لە بواری نێودەولەتادا بەکاربگرێ.. هەول دەدەین ئەم رتیازە قوول بکەین لە بزوتنەوەی بێلایەتدا چونکە ئەو بنەڕەتەیە کە بزوتنەوە کەلە سەر دامەزرا .. ئەم ئارەزوەش لە دلی زۆربەی دەولەتە بێ لایەنەکاندا هەیە .. وهیوادارین ئەم رتیازە دەوری خۆی وەربگرێو رتیازی بێ لایەنانەی دژ بە ئیمپریالزمو پشتگیری هەقو تێکۆشەر دژی ستەم بچەسپێ .

المستقبل :

ئایا شوێنەواری بلانەکەی ئەم دوایی‌یە لادرا وودزعی ئێستای ناو حزب چۆنە .

● وەزعی ناوخۆ

من هەمان بڕسیارت لێ دەکەم .. ئایا هیچ شوێنەوارێکی بیلانەکەی ئەم دوایی‌یەت بەرچاو دەکەوێ ..

تۆ عەرەبێکی‌وله عراقدایت وئەم ماوەیەت تێیدا رابوردوە ، جیت کەوتە بەرچاو .. وەزعێکی ناخۆش رووی‌داو هەر جۆرێك بووبێت ، بۆیەبڕکرا .

المستقبل :

ئەوانەی کە لە وڵات دەرچوون بانگیان کردن بگەڕێنەوە ، ئایا ئەوان بەو رادەیەی کە ئێوە دەتانەوێ هاتنە پشەوە .. وشیوعیەکانتان بۆ گفتوگۆکردن لە چوار چێوەی بەردا بانگ کرد ، ئایا هاتنە پشەوە.. وئایا نەهاتنە پشەوە ئەوە دەگەیەنێ کە بەشێوەیەکی رەق رەفتاریان لەگەلدا دەکەن .. وراتان گەیانەدا پەرلەمان دادەنرێ .. ئایا ئەمە بەشێوەی تەقلیدی دەکرێ ، یان پەرلەمانەکە پەرلەمانی بەعسی دەبێ .. وتیشکی هیوای دامەزراندنی بارو دوخێکی دیموکراتیانەی نوێتان پژاند ، ئایا چ جۆرە دیموکراتیەك بەکار دەهێنرێ .. وئایا فکرەی وەدی هێنانی ئەم خاو بوونەوانە لە ئاکامی بیلانەکەدا هاتە کایەوە یان بەر لەوە بڕیار بوو بێتە کایەوە ؟

سەرۆکی بەڕێز :

راستە هەر وەزعێك کە رووەدا ، ئابێ لە لایەن شۆڕشگێڕانەوە بخرێتە پشت گوێ ، بەلام ئەو شۆڕشگێڕەی کە هەلوێستەکەی لە سەر ئەساسی کاردانەوە بنیات دەنێ ، دەبێ بە ناشۆڕشگێڕ ، ئەمەش وا دەگەیەنی کە باك گرایەتێکی مەبدەئی نیە کە ستراتیژیەکی بەردەوامی بەسەردا بسەپێنێ بۆیە ئەقل نایکرێ حزبی بەعسی ئەم مەسەلە گەورانە بێتە لاوە چونکە بیلانێك رووی داوە .. بیلانگێڕەکان لە وەزعی گومڕا بوون دا بوون ونەو رێو شوێنانەی کە باسمان کردن لە وەزعی شۆڕشدان .. پێکەوە ئەنجومەنی نیشتیمانی دەمێکە راگەیەنراوە .. وهەندێ ناگونجێن تا وا بیربکەینەوە کە پاش بیلانەکە دانراون.. لە پیلانگێڕەکان لەوانە بوون کە ئامادەکردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی‌یان خرابوە ئەستۆو ودروست بوونیان راگیر کردبوو ، ئەمە هەشت مانگ لەمەوبەر راگەیەنرا بەلام لەبارەی مەسەلەی شیوعیەکانەوە ، بەر لەماوەیەك لەلایەن سەرکردایەتی قوتری‌یەوە نامەیەکیان بۆ نێررا‌و تێیدا داوای نی کردن کە بۆ گفتو گۆیەك بێن بۆ ئەوەی بەیوەندی‌یەکان بخرێنە چوار چێوەیەکەوە کە لەلایەن هەردولاوە پەسندبکرێ .. ئەوە بوو نامەیەکیان نارد کە سەرکردایەتی قوتری بەوەی ئیکدایەوە کە هەلوێستی پێویست رانەگەیەنێ .. واتە لەوە نزیك بوو کە بەشێوەیەکی راکشاوو ئازایانەو راستەوخۆ وەلامی دەست پێشخەریەکەی سەرکردایەتی نەداوەتەوە .. ئەمەش وەزعێکی کۆنە بەلام ئێستا شتی‌تازەمان لابیە ، هەر کاتێك بگەڕێنەوە ژێر خێوەتی شۆڕش‌و ئامادە بن هەلس کەوتی لەگەلدا بکەن .. لەگەلیاندا دەچینە گفتوگۆوە .. بەلام بێ ئەم رێو شوێنە ، نا .. شۆڕش بە رێبازی خۆیدا دەڕوا ، چونکە حزبی شیوعی عراقی دروستی نەکردوە وکە حزبی شیوعی عراقی لەژێر خێوەتەکەیدا نەبێ نامرێ .. شۆڕش بەردەوامە .. وهەر کاتێك حزبی شیوعی عراقی بیەوێ بگەڕێتەوە ژێر خێوەتی شۆڕش ، سەرکردایەتی لەمە دەکۆلێتەوەو هەلوێستی پێویستی لەسەر دادەنێ .

المستقبل :

ئایا بەتەمان کەرتی تایبەتی لە عراقدا بەرە پێ بدەن ؟

سەرۆکی بەڕێز :

ئێمە لە رێبازە سوشیالیستیەکەماندا گیروگرفتی ستراتیژیمان نیە ، چونکە رێبازە سوشیالیستیەکەمان چ لە فیکرو چ لە بەجێ هێناندا راستە .. ولە رێگای بە جێهێنانی ستراتیژی ئەم رێبازەدا ، شێوەکان لەم مەیدانە یان لە مەیدانێکی نردا .. بەم شێوەیە دەگونجێنردرێ یان بەشێوەیەکی‌تر .. وگونجاندنمانای هەست کردن بە گیروگرفت نیە ، چونکە ئێمە لە لە بەجێهێنانی پنای سوشیالیستی‌دا ونە لە رێبازی پنای سۆشیالیستی‌دا هەست بە گیروگرفت ناکەین .

المستقبل :

بیستم بایەخدانێکی شەخسی لە لایەن خۆتانەوە بۆ چاپ کردنی قورئانی پیرۆز بە شێوەیەکی یەکجار ناباب هەیەو هەر جار ناجارە لە بارەی پێشکەوتنی پرۆژەکەوە دەپرسن ئایا ئەمە مانای سەرەتای هەڵگاونانێکی ئاینیە کە تازە لاتان هاتبێتە دی وئایا هەنگاو نانێك هەیە لە ئارادا لە چوارچێوەی ئایین بلاوکردنەوە لە ئەفریقیاو ئاسیادا کە هاوشانی بلاوکردنەوەی بەعسی بێت لە وڵاتە عەرەبەکاندا ؟ ئەمە لە سەر ئەو موسلمانانەی دەڵێم کە زۆربەی ئەم قورئانانە ، وەکو ئێم وترا ، دەنێررێ بۆ ئەو موسلمانانەی جیهان کە عەرەب نین ؟

● لە نێوان گیانی ئاینی‌و بەعسدا جیا بوونەوە نیە .

سەرۆکی بەڕێز :

وت ئایا ئەمە سەرەتای هەنگاو نانی بەعسی‌یە.. ئێمە هەستمان بەوە نەکردوە کە لێك جیا بوونەوەیەك لە نێوان گیانی ئاین‌و گیانی بەعسدا هەیە .. حزبیشمان هەمیشە ئەمەش بە هۆی ئەوانەوە کە بەر لەئێمە رێبازی بەعسیان داناوە واتی تی‌دەگا کە بەعسی بریتیە لە ئیلهام گیری گیانی ئەتەوە بەشێوەو ئارەزوەکانی ئەتەوە بە سەر ئەم رێبازەدا دەگرێتە خۆ .. ئایا قورئانی پیرۆر بەکێك نیە لە شتە هەر پیرۆزەکانی ئەتەوەکە باڵەوانانی ئەتەوە بۆ دورترین نوختەی سەرزەمین بردبان‌و خوێنی پاکی لە پێناودا رژا کە بە هەموو دلسۆزی‌و فیداکاریەکەوە ئاوێنەی هەر پێتێك بوون لە ئەتەکانی قورئان . شتێکی زۆر سروشتی‌یە بایەخ بدرێتە قورئان چونکە رەنگدەرەوەی هەموو ئەو شتانەیە و ئەمەش لەو بایەخەوە دێ کە دەدەین بە ئاینی ئەتەوەو ئاینی ئینسانیەت ، بەلکو ئاینی ئینسانیەتە بە بشەوایەتی ئەتەوە .

● باوکی فەرمانده احمد حسن البکر نێرراوی گۆڤاری

المستقبل :

خەریك بووم خوا حافیزیم لە سەرۆك صدام حسین دەکرد لە بارەی دوا هەوالی سەرۆك احمد حسن البکرەوە ولەبارەی دوا دیدارباەوە لێم پرسی . . بەرێز سەرۆك صدام حسین وەلامی دامەوەو تەندروستی باشە ، بگرە لەو کاتەش باشترە کە لە فەرمانڕەوایی دابوو ..باش هاتنەوشم لە کۆنفرانسی بالای هافانا حاڵم پێی کەوتو بە درێژە لە بارەی ئەو شتانەوە ئاگادارم کرد کە لەوێ رووبان دا .

ئا. د. ع.

وتەی سەرۆکی فەرمانده (پاشماوە)

عەرەبدا وە لە هەر کوێەکدازۆر لێکردن هەبێ لە ئەوەی دەدەین .

ئەی برایان لە هەموو جێگایەکدا بە شیری ئیمام علی سلاوی خزای لێ بێت وەبە شیری گەورەمان حسین خالدی کوڕی وەلید سەلاحەدینی ئەیوبی وبە شیری هەموو تێکۆشەرێکی عەرەب وەبەوەهەموو سەرکردەکانی مسولمانان لە سەر خاکی‌عەرەب ئەوانەی خۆیتی‌و توانای خۆیان ئەوەندە بەخشی کە خاکی عەرەب‌و پەیامەکەی شایستەیەتی لە ، زۆرلێکردن دەدەین ، وەئێمە زۆر دلنیاین کە سەر دەکەوین چونکە ئێمە باوەڕمان بەخوا هەیە وە باوەڕمان بە ئێوەهەیە .

تکامان وایە سلاومان بگەیەنن بە هەموو مالیك‌و هەموو کارگەیەك‌و هەموو کێڵگەو قوتابخانەیەك .. بۆ پیرەمیردەکان‌و بۆ منداڵە بچوکەکان .. کە سلاوی سەرکردا یەتی مزبو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بگەیەنن سلاوی خواتان لێ بێت .

بڕیاری ئەنجومەنی «پاشماوە»

بەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتیمانی‌و ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی کوردستان کە ئۆتۆنومی هەیە ، گەلاڵەو ئامادە دەکات، دوای دانانی قانونی هەردوو ئەنجومەنە ناوبراوەکە .

٢ - ئەو لیژنەیەی بەپێی بڕگە (١)ی سەرەوەو دامەزراوە ، دەسەلاتی دەبێ کە بڕیار بدات‌وو هەنگاوی پێویست بۆ ئەم مەبەستە بهاوێژێ لە سنوری دەسەلاتی ئەندامەکانیدا لە چوارچێوەی وەزارەتەکانیات داو ئەو بڕیارانەی کە داوای دەرکردنیان دەکات بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بەرز دەکرێنەوە .

٣ - وەزیری خاوەن بەیوەندی‌یەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش

Institut kurde de Paris

لەمەڵبەندی لاوانی شەش شاعیر وەلەسەنگاندنێك

ئێوارەی پێنجشەممە ریکەوتی ٤-١٠-١٩٧٩ لیژنەی رۆشنبیری مەلبەندی لاوانی سلێمانی ئۆرگێکی بۆ شەش شاعیری لاو لە هۆلی یانەی وەرزشی یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی پارێزگای سلێمانی سازکردو لە لایەن کاك حسین بەفرینەوە بەرهەمەکان هەڵسەنگێنران ...

سەرەتا لە لایەن جەمال شەمبارەوە کە کۆرەکەی بەڕێوە دەبرد پاش بەخێر هاتنی میوانەکان وتی : هەڵبەت ئەو رۆشنبیری و هۆشمەندییەی کە لاوانی ئەمڕۆ میشکی خۆیان پێ پاراو دەکەن سەرئەنجام کارێکی چواك بەسوودەو پوختەیی لێ دەوەشێتەوە ... دەستگرتن و هاندانیش دەوری سەرەکی خۆیان دەگێڕن و تەفەللای گوێر نەبونەوەو نەپوکانەوەی ئەو دەنگە نوێیانە دەدەن کە بەراستی پاشە ڕۆژی ئەدەب و ژیانی ئەم میللەتە چاوی لە دەستو خامەی ڕەنگینیانە ...

ئینجا شاعیرەکان دەستیان کرد بە پێشکەش کردنی بەرهەمەکانیان کە سەرەتا کاك ابو بکر قەرەداغی پارچە شیعرەکەی خۆی بەناونیشانی (چوار پارچە جنگەرم) خوێندەوە کە ئەمەش کۆبلەیەکی یەتی :

وەك هەناسەم تێکەڵ بە خوێنەکەم بوویت
بۆیە ئەوەی هەر بۆ ساتێ گوێی لە کلپەی شەو سوتانی
خەرمانی هەناسەم بووە بە بۆنی عیشقە سپی یەکەی تۆ ، کەوتووە !!)

دووەم شاعیر کاك هدایت عبدالله حیران بو کە بەناونیشانی (ئاگر بازەکان یاری لەسەر خەرمانەکەی ئێمە ئەکەن) پارچە شیعرەکەی خۆی خوێندەوەو کە تیا دەڵێ :

(لە خەمێکی قولاونم
خۆشەویستێکم پێ ئەگاو
خۆشەویستێکم کۆچ ئەکا
ناچار منیش بە دوای کۆچار
یەکەم خۆشەویست جێدێڵم
لەگەڵ مێژووی عەشقی تەنیام !!)

هەروەها خوشکی شاعیر شەوبۆ حمە مراد هاوبەشی کۆڕی ئەم جارەی کردو (تیشکێك لە زامێکی لە زامێکی سەرکەشەوە)ی کرد بەسەر ناوی شیعرەکەیی و وتی :

یادەکانم تاریکی دائەگیرسێنن
ئەستێرەکان ڕووگرژ ئەگەن !
فریشتەکان
گیان بەبەری کۆرپەی ساوای ئازارێکی ترما ئەکەن!)

لەم کۆڕەدا بڕیار بو کە کاك عبدالقادر سەرچناری خۆی ئامادە بێت بەڵام بە ماوەیەکی زۆر کەم پێش دەستپێکردنی کۆڕ لیژنەکەی ئاگادار کرد کە ئەرکی خوێندنەوەی بەرهەمەکەی بە کاك شاعیرمان بۆی خوێندەوە .

دوای ئەمەش کاك عبدول شارباژێری بە نێوی (کۆلەوژ) ەود خۆی خوێندەوەو

دواجار کاك ئاراس عزیز بە شیعری (ڕێژگە) هاوبەشی کردو دەیوت :

(بێترس بکشێ
شەو لە ژێر پێی ئەو
هەنگاوە قورسانەتدا کۆتای کۆتای دێ !
شەو بە سوورە کۆتەوژی رقەکانت
دەسوتێتو
لەم کیشوەرە سەر هەڵدەگرێت !)

ب. هاوکاری لە سلێمانی

لەیەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلیمانی یەوە

یەکێتی نووسەرانی کورد لقی سلیمانی هەموو ئەندامەکانی دەستە ی گشتی بانگ دەکا بۆ ئەوەی ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ٢٥-١٠-٧٩ سەعات چواری پاشنیوەڕۆ لەبارەگای یەکێتی ئامادە بن بۆ هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەری نوێی یەکێتی . بەمبۆنەیەشەوە داوا لەو ئەندامانە دەکا کە ئابوونەی ئەمسال ١٩٧٩ یان نەداوە ، ئابوونەکانیان بدەن بۆ ئەوەی مافی دەنگدانیان لە هەڵبژاردندا هەبێ .

بانگەوازی لە یەکێتی نووسەرانی کوردەوە

بۆتەندامانی یەکێتی لەبەغدا

یەکێتی نووسەرانی کورد ، داوا لە هەموو ئەندامەکانی یەکێتی دەکا کە لەبەغدا نبشتەجێن ، خۆیان بۆ ئەندامیەتی یەکی لەو لیژنانە ناونووس بکەن کە لەپەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی‌دان ، ئەویش لای سکرتیری ڕۆشنبیری .

لیژنەکان :

١ - لیژنەی وەرگێڕان‌ودانان‌و بلاوکردنەوە .
٢ - لیژنەی ڕۆشنبیری
٣ - لیژنەی چالاکی کۆمەلایەتی .
٤ - لیژنەی بەبوەندیەکان.

لە چالاکیەکانی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی

کۆڕێکی ئەدەبی دەربارەی شیخ ڕەزایی تالەبانی

ئێوارەی ڕۆژی ٨-١١-٧٩، لیژنەی ڕۆشنبیری کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێر کۆڕێکی ئەدەبی فراوان لە هۆلی ئینی مستەوفی ساز دەکاو لەم کۆڕەدا مامۆستا عبدالله محمد حداد باسێك بەناونیشانی (ڕەنگدانەوەی ژیانی شیخ ڕەزای تالەبانی لە شیعرەکانیدا) پێشکەش دەکاو بانگ کردن بۆ هەمووانە .

شتە بچوکەکان

بچوك ترین ئەکتەر لە تەلەفزیون

بچوك‌ترین ئەکتەری کچ لەجیهان ، منداڵێکە نناوی « نانی »یەو تەمەنی چوار ساڵەو یەکێك لە دەرهێنەرەکانی تەلەفزیونی بەریتانیا دەوری پاڵەوانی داوەتێ لە زنجیرەیەکی سی ئەلقەییدا بۆ منداڵان‌و «نانی » تیایدا دەوری ئافرەتێکی چل ساڵی بەویەری لێهاتویی‌و سەرکەوتنەوە دەبینێ.

● **بچوك ترین مەیمون !**

کە لە وێنەکە ورد دەبێتەوە ، وادەزانی ئەو یاریانەیە بە پلاستیك بۆ منداڵ دروست‌کراوە ، کەچی لەڕاستیدا مەیمونی ڕاستەقینەیە ، بچوك‌ترین مەیمون لەدنیادا، درێژی ٦ سانتیمەترە ، هەموو لەشی ٣سم‌و کلکی بەتەنیا ٣سم ، لەگەڵ ئەم بچوکیەیدا وەك دایك‌و باوکی دەخوات‌و دەخواتەوەو دەنوێ‌و یاری دەکا ، ئەم مەیمونە لە ناوچەی ئەمازۆن لە بەرازیل دۆزراوەتەوە !



رمز تەجاوزی ئاسایی‌و گۆتەکاریە !

ئەمەیان بە تەنها نا بەلکو تێکڕای ئەدەب تەجاوزی‌زمانی ئاسایی ڕۆژانەو گۆتەکاری‌یە، واتە دەبێ سنورێك هەبێت لە نێوانی ئەم دوولایەنە ئەگینا بەجی ئەدەب‌و گۆتەکاری لە یەکتر جیا دەکەینەوە؟

ڕەمزیش هەروا ، بەڵام کە دەڵێن ئەم بەرهەمە بە زمانی ئاسایی ڕسکاوە لە هەمان کاتیشا داهێنانیکی مەزنە مانای ئەوە نیە بە تەنها زمانە ئاسایی‌یەکە دروستی کردوە ، نەخێر بەلکو گرنگی دەگەڕێتەوە بۆ زیرەکی لە بەکارهێنانی زمانە ئاسایی‌یەکە ، واتە جۆرە تایبەتیەك «حصوصیە» دراوەتە زمانەکەی ڕۆژانە بۆیە لە فۆرمە ئاسایی‌یەکە دە خزاووتە ژێر ڕکێض زمانێکی ئاسایی‌ی لە هونەرکاری ،

ئەو سیماو ئاکارانەچین - نمیەری شیرین لە ناشیرین ، ڕەسەن لە نارەسەن جیا دەکەنەوە ؟

هەڵبەتە ئەو بەرهەمە شیعریانەی لە جۆگەلەی تەنکی وشەکانی خۆیانەوە خەمی زەوی هەلدەگرن‌و بەشوێن- گوڵونان‌و عەشق‌دا شۆر دەبنەوە ، دیارە خاوەنەکانیان لە دوو کۆی ڕستەکانی خۆیانەوە خاوەن هەڵوێستی مرۆڤایەتین‌و خۆشەویستی دەچێنن ، واتە هاتنەکایەوەیان ڕەنگدانەوەی ئامانجی ڕەسەنی مرۆڤایەتین بۆیە شیرین‌و خۆشەویستن ، کەواتە هۆنراوەی ڕەسەن ئەو ماندووە بەردەوامەیە کە بە دڕای خورپەی ئاواتی مەزن‌و ئێکدانەوەی پیرۆزەوە دەرژێتە دەریای ئەم بوونە بەرفراوانە،

● **سعدالله پەرۆژش**
ئامادەی کردوە ●

موسیقای کوردی و هەنگاوی ڕەسەنایەتی



چاوەڕان بە مامۆستا (باکوری) هونەرمەند کەوت کە ماوەیەکی دوورە خەریکە بەخزمەتی مۆسیقای کوردی‌و لە پێنەکی لێدوانەکەدا وتی :

× وتراوە کە مۆسیقا زمانی جیهانە ! من بەش بەحالی خۆم بڕوام بەم بۆ چونە هەیە، چونکە هونەر دۆستێك کاتێ گوێ شل‌ئەکا بۆ مۆسیقایەك ، ئەگەر چی ئەو مۆسیقایە مولکی نەتەوەکەی خۆشی نەبێ ، بەڵام، چێژولەزەتێکی تەواوی لێ وەرئەگرێ‌و لەگەڵیا مێشکی زاخاو ئەدرێ ،هەڵبەتە مۆسیقاش وەك هەموو بەشەکانی تری ژیان ، بەردەوام لە تەکان‌و بەرەو پێشەوە چوندایە ، تەنانەت هونەردۆ ستامی مۆسیقا لە ژۆربوندان‌و ڕۆژ بەڕۆژ خەڵك تاسەی بەرامبەربە سیمفۆنیا قوولتر ئەبێتەوە .. چونکە پێشکەوتنی مۆسیقای تازە بەندە بە پێشکەوتنی سەردەم‌و گەشەسەندنی شارستانیەتی. جا مادامەکی ژیان لە گۆڕین‌دایە‌و ناچێتەوە ، مۆسیقاش کە زمانێکی گەورەی ژیان‌و خۆشەویستی مرۆڤە هەر لە هەنگاونان ئەبێ‌و دەبێتە پارچەیەك لە هەست‌و دەروونی خەڵك .

× **ئەی مۆسیقاو گۆرانی کوردی ؟**

× من بەبێ هیچ گومانێك زۆرجار ووتومەو لێرەشدا دوپاتی دەکەمەوە کە بەکەم هەنگاومان‌دەبێ لە کەلەپوورەوە دەست پێ بکاو کەلك لەم هەموو بەرهەمە ڕەسەنە ودربگرین کە بەداخەوە دەستمان‌نایان گاتێ لە مەترسی ڕوچون ڕزگاریان کەین ، دوپاتی دەکەمەوە کە بەر لە هەموو شتێك ئەبێ هونەرمەندە تازەکان دڵیان بەم چەشنە ئاوازو گۆرانی‌یانە ڕەسەن‌و پڕ لە چەشە کوردیانە ئاوبدەن بۆ ئەوەی بتوانین لەو ڕێگەوە هونەری کوردی بەرەو پێشەوە بەرین‌و مۆرکی ڕەسەنایەتی لە کارە هونەریەکانمان‌دا خۆی بنوێنێ‌و ئەو هەموو تاسەو خۆشەویستی‌یە فراوانە دەربڕێ کە لە گۆرانی کوردی‌دا هەیە ، هەڵبەتە خزمەتی ڕاستەقینەش ئەوەیە کە بەتەنگ ئەو بەرهەمە ڕەنگینانەوە بچین‌و زیاتر لە ئێستا هەوڵی ئەوە بدەین کەلك لە بەرهەمی زیندووی میللی وەربگرین .

● شێرزاد عبدالڕحمن ●

چەندخۆشە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا ڕاستبێ چەند خۆشە، مرۆڤ ،بەرامبەر بەڵێنی لەتەڵ کەسانی تردا ، بەوەفابێ

مرۆڤ ، بەبێ ڕاستگویی‌و بەبێ‌وەفا ، وەك میردەزمەیەنی پەستو فارس‌کەر وایە .. ، ئیمە ، کەلەتاقی کردنەوەی دیموکراتیانەدا لەوڵاتەکەمانا دەژین ، کەچی کەسانێ هەن هیشتا هەر سەبەر کەرنو بەپێی توانای تیا هەڵناسوڕێن ، زۆرجار بەناسانی‌و سادەیی دەڵێین «بەڵێ»و بەهەمان شێوەش (نەی) دەردەبڕین ، هیچ شتێ وەك ساختەو ناڕاستی‌و بێ‌وەفایی دیموکراتیەت لەنا و ئاباتا ، هاتا لە ماڵەکانیشماناو دەربارەی دیموکاری تایبەتیمان، بڕیاری بەبەلەو کوت‌وپڕ دەدەین ، بەبێ وردبوونەوەیەکی هێمنانە دەربارەی ئەنجامی چاك یان خراپی ئەوەی دەمانەوێ ، لەهەندێ جاردا خۆمان بە بەڵێنێکەوە دەبەستینەوە بەبێ قەناعەتێکی دیاری‌کراوو زانینی ئەهمیەتی ، لەکاتی ڕابەراندنی بەڵێنەکەدا هەرکە دەلاقەیەك ڕووی‌دا دەمانەوێ هەڵبێین‌و بە بروبیانوش دەمانەوێ کەسانی تری تێ‌ئالێت ، جارانی تر حوکم بەسەر کاریکا دەدەین بەبێ ئەوەی کارمان بەسەربەوە هەبێ‌و ئەوەی زیاتر سزام دەدازوهەڵچونەو زوو ڕێکەوتنە ، جا هەڵەشەیی‌و پەلە زورتر توشی بیروڕای نائینسافانەمان دەکا ، ئەگەر بیری ڕووناك بەڕێوەی بیردنیایەو تەفەللای تێوەگلانی کەسانی ترمان نەدایەو هەڵس‌و کەوتمان لەگەڵ شتەکان‌و بە ئینساف بوایەو بەوردبینی سەرنجمان بدایە ئیستا گەلێکی پێشکەوتوتر دەبوین ؛ نموونەیەکی زۆر ساکار: هەندێ جار لەدائرەکاندا ڕووەدا نووسراوێ دێت بۆ ئیمزاکردن ، زۆربان هەر بەبێ خوێندنەوە ئیمزای دەکەن ، هەندێکی تریان تا بەوردی نەیخوێنتەوە، ئیمزای ناکا ، نموونەی دووەم ، نموونەی هەست کردنە مەسئولیەت بەرامبەر کارو پاشەڕۆژ چونکە نموونەی وردبینیە . کە ئەم جۆرانە ئەساسی بتەوی ولات دادەمەزرێنن

نموونەیەکی تر : لە دانیشتنیکا هاوڕێیەکم بیرورای پرسیم دەربارەی تابلۆیەکی ڕەنگاورەنگ بەجۆرێکی وا ئالۆز لەتابلۆی سەرەو خواری دەکرد ،پێم وت حەز لەو جۆرە ڕەسمانە ناکەم ، چاکتر لای من ڕەسمێکە ناوەڕۆکی دیاری هەبێ‌و ئەی تێبگەم دیسان حەز لە موسیقای هوسەناکەم ، موسیقای هیمنم لاخۆشترە ، بەم یاری‌سەرنجەم زۆر قەوما ، گوناهبارکرام بە نەزان‌و بێ‌زەوق ، دەمتوانی بڵێم ڕەسمێکی‌جوانەو حەزیش لە موسیقای هوسەی شێتانە دەکەم‌و ناوی دەیانی بۆ هەڵدەم تا جێگای ڕێزو سەرسوڕمانی بم ، بەڵام سوربووم لەسەر ئەوەی لەگەڵ خۆم ڕاستبم جا بەم جۆرە ، خوێنەری ئازیز گەشینە دڕو بیروڕای لێك جیا ، بەکورتی من حەز دەکەم هەموو لەگەڵ خۆمان ڕاست بین لەژیانی ڕۆژانەدا ، ئەم پێگەیشتوییەش تەنیا بەزانستەوە پەیوست نیە :چونکە ڕۆشنبیر ئەنیا ئەوەنیە خوێندن‌و نووسین بزانێ ، بەڵام ، تۆ بڵێی ئێمە توشی دوا کەوتوی بیر بوبین ؟ هەر چۆنێبێ لەسەرتاوە وتم : چەند خۆشە مرۆڤ لەگەڵ خۆیدا ڕاست بێ ، چەند خۆشە مرۆڤ بەرامبەر بەڵێن لەگەڵ کەسانی تردا بەوەفابی .

ئاکرم محمود

چاپکراوی نوێ

کوانی شەوانی بێئاگر کۆمەڵە شیعریکی کاك عبدول شارباژێری‌یە لەم‌دوایەدا دەرچوەو لە ئامبلکەیەکی ٧٢ لاپەڕەیی فەراوان گەورەدا کە هەژدە پارچە شیعری بەرهەمی خۆیی تیابلاوکراوەتەوە .

گرەوی جیهانی منداڵان :

چیرۆك بۆ منداڵان

بۆ زاخاوی مێشك

لەم وێنەیەدا (١٦) بازنەهەیە ، لە هەریەکی لەو بازنانەدا ژمارەیەك لەژمارەکانی لە (١هەتا ١٦)ی تیا دابنێ ، بەمەرجێ ئەنجامی کۆکردنەوەی ژمارەکان لە چوار بازنەدا بکاتە «٣٤» ..



- تاقی‌بکەرەوە ، بزانە زیری .. ئەگەر وابوو بە بڕکراوەی ئەنجامەکەمانی بۆ بنێرەو پاداشتی خۆت وەربگرە .

توونی

توونی‌یەك لە سەر دارێك وەستابوو ڕەی‌روانی‌یە گیاندارەکانی تر .. کەروێشکێك لە کێڵگەدا کاری دەکرد ، بە کوڕەکەی دەووت **ئەو پاچەم بدەرێ ڕۆلە ..**

توونی دەستی کرد بە بێکەنین‌و لاسایی کەرۆیشکەکەی کردەوە :

ئەو پاچەم بدەرێ ڕۆلە .. ها .. ها .

ئەمجا ئەسپ هات ، لە تەنیشت کەرۆیشکەکەوە وەستاو ووتی :

یارمەتیت ناوێ گیانە .

توونی خۆی پف داولاسایی ئەسپەکەشی کردەوە :

یارمەتیت ناوێ گیانە .. ها .. ها .. ها ..

دوای تۆزێك ڕیوی فێڵباز هات‌و ووتی :

نیوە ڕۆژەتان کردووە ؟

توونی دەستی کرد بەپێکەنین‌و ووتی :

نیوەڕۆژەتان کردووە ؟

مام ڕیوی مۆڕەی لێ کردو گوتی :

خواردنی ئەمڕۆمان توونی‌یەکی گەوجە .

مام ڕیوی خۆی ئامادە کرد ، ئەو دەمەدا پەلاماری دا . . توونی هەڵفڕی . هەموو کەبانی لە ترسان‌دا دەلەرزی‌و هێشتاش هەر ئەمەی دووبارە دەکردەوە :

خواردنی ئەمڕۆمان توونی‌یەکی گەوجە .. سەرگول محمد امین کردویەتی بەکوردی

شیعر بۆمنداڵان

قوتابخانە بەهەشتە

عوسمان هەورامی

قوتابخانە ئاهەنگە
ئێمەش سازی ئاهەنگین
پوورەی جەنجاڵی هەنگە
ئێمەش کۆمەڵی هەنگین
قوتابخانە بەهارە
ئێمەش دڵۆپەی شەستین
گەشت و سەیر و گوڵزارە
ئێمەش خونچەی بەهەشتین ،
قوتابخاتە باراتە
ئێمەش هیوا ئەڕوێنین
تین و وزەی ژیانە
ئێمەش پەپوولەی ژینین ،
قوتابخانە هەتاوە
ئێمەش لە دڵیا ئەژین

بەسەرهات

ڕیوی‌و قلەڕەشەکە

- قەلەڕەشکەیێ پارچە گۆشتێکی فڕاند و فڕی‌یە سەر دارێ و بە دەنووکەوەی گرت ، دەیوویست بیخوات ، بەڵام ڕیوێ چاوی پێ کەوت‌و لە دارەکە نزیك کەوتەوە . ڕیوی دەیوویست پارچە گۆشتەکەی قەلەڕەشکە بزێ ، پێی دوت :

ئای قەلەڕەشکە تۆ دەنگت چەند خۆشە ، لەو بڕوایەدام دەنگت وەکو ڕووخسارت جوانە .

قەلەڕەشکە وای زانی فسەکانی‌ڕیوی ڕاستن دەمی کردەوە و گۆرانی بڵێت ، پارچە گۆشتەکەی لە دەم کەوتە خوارەوەو بە بێ ئەوەی تامی کرد بێت ڕیوی‌یەکەش پارچە گۆشتەکەی هەڵگرتەوەو تێی تەقاندو ، دەیووت : عەیب لە دەنگەکەی تۆزە نیە

عەیب لە بیرکردنەوەتە .

محسن ئاوارە کردویەتی بە کوردی

فاروق محمد

عزیز توفیق

مظفر توفیق

ماهر عمر

خسرەو بیربال

تانیا خلیل

فەرهاد خلیل

مەبەست عمر

Institut kurde de Paris

هاوکاری

« التضامن »

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
سەفامی « الجمهورية »
مەیدانی الخلانی
تەلەفۆن ٨٨٧٥٧٩٥/٥خەت
هاوکاری رۆژنامەیەکی حەفتانەیە
ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە
٨ لاپەڕە ٢٥ فلسە

سەرنووسەر اسماعیل رسول

● دوو شەممە ٢٩ی تشرینی یەکەم ١٩٧٩ ژمارە ٤٩٨ ●

● الاثنين ٢٩ تشرين الاول ١٩٧٩ العدد ٤٩٨ ●

گەلی عیراق بەسەدان ساڵ دانی بەخۆیدا گرت و عیراقی‌یەکان بەسەدان ساڵ ئارامیان گرت تاوەکو منداڵ دانی نەتەوەو منداڵ دانی عیراق ژان بیگری و بەسەختی منداڵیکی ببێ بەڵام ڕەسەن بێ و ڕۆژی ١٧-٣٠ تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ دەستی پێ کرد .

سەرۆکی فەرمانده
صدام حسین

سەرۆکی فەرمانده صدام حسین : سوورین لەسەر بنیاتنانی عیراقێکی بەهێزی گەشەکردووی بەتوانا

باوەڕێکی زیندوو و ڕاست و ڕێکخستنێکی بەهێز و سەرکردایەتیەکی دڵسۆز و سامانێکی ڕاستەقینە

بەڕێز سەرۆکی فەرمانده صدام حسین ئەوەی دووپات کردەوە کە گەلی عیراقمان گشتی‌یان بەعسین ، ئەوەی لەحزبدا ڕێکخراوە یاریکنەخراوە ، بەڵام ئەوەی دەمانەوێت و داوای دەکەین بە پەرۆشی‌یەك نی‌یە بۆ هەڵگرتنی چەك لە بەرگریی خاك و شەرەف و بیر و باوەڕداچونکە ئێمە لەوە دڵنیاین .

بەڕێز سەرۆك وتی .. بەڵام ئەوەی داوای دەکەین دڵسۆزیە لە کار کردن داو وردیە لە ئیش کردنداو ڕێز گرتنی ئەرکی سەرشانمان بادروشمان بێتە « ئەوەی ورد تربێ لە کارداو زیاتر هەوڵدات لە کەسانی تر پێش کەسانی تر دەکەوێت »

● سوورین لە سەر بنیاتنانی عیراقێکی بە هێزی گەشە کردوو

هەروەها بەڕێز سەرۆکی فەرمانده لەو وتارەیدا کە لە سەردانەکەی قەزای بەلەدا سەعات شەش و نیوی سەر لە بەیانی ڕۆژی پێنج شەممەی ڕابوردوو لە بەر دەم جەماوەرێکی فراوانی ئەو شارەدا دابووی وتوویەتی کام کەسەی زیاتر دڵسۆزی بیشتمان و نەتەوەو کەل بێت پێش کەسانی تردەکەوێت و ئەوەی ئەمین بێت پێش کەسانی تر دەکەوێت وە لەناو ڕیزکانی ئێمە جێگای ئاشمین و تەمەڵ و تەوەزەلی تیادا نابێتەوە و جێگای ئەوانەی تیدا نابێتەوەکە بەوە قایل بێت لە لایەن بێگانەوە ڕێنمایی بکرێت و بیتە کۆیلەی . هەروەهاوتی .. ئێمە سوورین لە سەر ئەوەی عیراقێکی بە هێزی گەشە کردووی بە هێز بنیات بنێین کە هەموو بە بەختیاری تیایدا بژین و حەندە بە سەر لێوی هەموو منداڵیکەوە ببینرێت هەرگیز ناوەرگیز زۆر لێکردنی لێ برابێت .

ئەسەش دەقی ووتارەکەی سەرۆکی فەرمانده ئەی گەلی مەزن برایانی تێکۆشەر خەلکی بەلەد .

سلاوتان لێ دەکەم و سلاو لە تێکۆشانتان دەکەم و سلاو لە سۆزە ڕاست کۆبەکەتان دەکەم کە بەرامبەر بە شۆڕشەکەتان و بەرامبەر بە حزبەکەتان و بەرامبەر بە بیرباوەڕکانتان هەتانە .. ئەوە ئەو شتێکی سەیرو لە ناکاو نی‌یە چونکە ئەم سۆزە بە ڕەسەنی‌ی مانای پەیوەندی زیندووی نێوان عیراقی‌ی ئازیزو نێوان شۆڕشی مەزنەکەی شۆڕشی ١٧ی تەموز دەردەبڕێ ..

برایانی خۆشەویست شتێکی سەیر نی‌یە کە بیبینین و ببینین ، چونکە مانای ڕاستی ئەو کاروانە مەزنە دەردەبڕێ کە لە ڕۆژی ١٧/٣٠ تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ دەستی پێ کرد ، ئەم کاروان و ئەم بیروباوەڕانە کە سەرکردایەتی‌یان دەکات و کە لە چەندین ساڵەوە گەلی عەرەبمان لە هەموو شوێنێك و گەلی نەبەزی عیراقمان بە درێژایی چەندین ساڵ لێی بێ‌پەش بوون .

لەو ڕۆژەوە کە دوا ئەلقەی بەهێزی دەوڵەتی عەباسی‌یەکان کوتایی هات کاتێك کە بەغدا بایتەختیان بوو ، عیراق لەوە بێ‌بەش بوو کە بە سەربەرزی‌و بەختیاری‌و بێ ماڵ وێرانی‌ی‌و زۆرو جەورو بەکەم زانین ئەم وڵاتە بنیات بنێ .

گەلی عیراق بە سەدان ساڵ دانی بەخۆیدا گرت و عیراقی‌یەکان بەسەدان ساڵ ئارامیان گرت تاوەکو منداڵ دانی نەتەوەو منداڵدانی عیراق ژان بیگری و بە سەختی‌ی منداڵیکی ببێ بەڵام ڕەسەن بێ و ڕۆژی ١٧/٣٠ تەمووزی ساڵی ١٩٦٨ دەستی پێ کرد .

وڵاتەکەتان عیراقی مەزن وڵاتی شارستانیەتە ناسراوەکان ئەو وڵاتەی لە پێنج هەزار ساڵەوە بەکەم شارستانیەتی مرۆڤایەتی لە مێژووی ئادەمیزاددا تێیدا دەستی پێ کرد . پێش شۆڕش وڵاتێك بوو بەرێزەوە سەبەری نەدەکراو ، هەر بە خراپە باسی دەکرا لە نێشتمانی عەرەب و لە جیهانداو هیچ بایەخی پێ نەدەدراو لە جیهان یاخود لە نێشتمانی عەرەبی بایەخێکی زۆری نەدەدرایەو هەر لە کتێبی مێژوودا باسی دەکرا کە پێش پێنج هەزار ساڵ بەکەم وڵات بووە کە شارستانیەتی مرۆڤایەتی بنیات نا ، ئێمە ئەو کاتە لە خەباتی نهێنی‌دا بەربەرەکانی زۆرو جەورمان دەکردو ئەوپەڕی نارەحەت دەبووین‌و ئازارمان پێ دەگەیشت چونکە عیراق شوێن‌و قورسایی پێویستی نەبوو ، بەڵام ئێستا وێنەکە گۆڕاوە ، دەزانن کە وێنەکە گۆڕاوەو عیراق وای لێ هاتووە کە لە سەر نەتەوەی مێژووی کۆن ناوی نابرێ بەڵکو عیراق وای لێ هاتووە ئالایەکی بەرز چاوو بەرزە لە گشت جیهان .

ئەم بەیانی‌یە لە ڕێگامدا نە بەغداوە بۆ بەلەد بینیم تەنانەت زەویش گۆڕاوە ، تەنانەت خاکەکەشمان گۆڕاوە ئێمە پێش شۆڕش ، ئێوە دەزانن‌و پیرە بە ساڵا چوەکانتان ئەمەیان لە بیرەو بۆیستە لە سەریان جیرۆك بۆ منداڵەکان بگێڕنەوە ، کرێکار بۆ ئەوەی کار بکات پێویست بوو واسیتە لە لای ئەو کەسە بکات کە دەستی لە سوڵتەدا

بڕوانە ل٢

سەرۆکی زامبیا ستایشی ئەو یارمەتیانەی کردووە کە عیراق پێشکەشی مسوڵمانانی ئەفەریقاو جیهانی دەکات

سەرۆکی زامبیا کنیت کاوەندا ستایشی ئەو یارمەتیانەی کردووە کە عیراق بەشێوەیەکی تایبەتی پێشکەشی مسوڵمانانی ئەفەریقای دەکات وبەشێوەیەکی گشتی‌و مسوڵمانانی دنیا .

سەرۆکی زامبیایی لە حاوێکەوتنەکەی شێخ یونس ابراهیمدا کە ئەندامی ئیراوانی حەجی عیراقە ستایشی ئەوەی کردووە کە سەرکردایەتی حزب‌و شۆڕش‌و لە پێشیش هەموو لایەکەوە سەرۆك صدام حسین کە بایەخێکی تەواو بە جێگاپیرۆزەکان‌و هەستی ئایینی دەدەن .

● هەڵبژاردنی عیراق بۆ لێژنەیەکی جیهانی

کۆمەڵەی ئاسیایی لە ڕێکخراوی دەوڵەتاندا قایل بووە بە هەڵبژاردنی عیراق بۆ بوون بە ئەندامێ لە لیژنەی یاسای بازرگانی دەوڵەتان لە نەتەوە یەکگرتوکاندا .

وا چاوەڕوان دەکرێت کە مانگی داهاتوو لە نەتەوە یەکگرتوکاندا بۆ بوونە ئەندامی عیراق لەو لیژنەیەدا دەنگ بدرێتە .

● تاوانبار کردنی کردارە نارەواکانی زایونیەت کە دژی هاوولاتیانی عەرەب دەکات

لیژنە هەمیشەیەکەی بەرگری کردن لە مافی مرۆڤ‌و سەربەستی پەنجینەیەکان لە وڵاتانی عەرەبدا لە بەیاننامەیەکدا کە ئەمینداریتی لیژنەکە ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردوو دەری کردووە ئەو کارە ناڕەوایانەی تاوانبار کردووە کە دەسەڵاتی زایونی دوژمن بەرامبەر بەندە سیاسیکان‌و هاوولاتیانی عەرەبی ڕەچاوی دەکات .

● پرچەك کردنەوەی ٢٥٠ پیلان لە ئەفغانستاندا

سەرۆکی ئەفغانستان حەفیزەئەڵا ئەمین لە هەواڵەی ڕاگەیاندووە کە تاودکو ئێستا ٢٥٠ تەقەللای پیلان گێڕی لە ئەفغانستاندا پووچەڵ کراوەتەوە .. ئەم هەواڵە لەو قسانەوە کە ئێژگەی ڕادیوی کابل بڵاوی کردۆتەوەو دوێنی شەو لە ڕادیۆکەی وەرگیراوە ، لە هەمان ئەو قسانەدا ئەوەش دووپات کراوەتەوە کە سلیمان بایاد لە لیژنەی ڕاپەڕاندنی بارنی گەل دوور خراوەتەوە ، ئەویش لە بەر ئەو چالاکیانەی دژی پارتەکە دەینوێنێت .

سەرۆکی بەڕێز صدام حسین چاوی بەعەرەفات دەکەوێ

پێری ئێوارە لە کوشکی کۆماری سەرۆکی بەڕێز صدام حسین لە مەکتەبی ڕەسمی خۆی چاوی کەوت بە بەڕێز یاسر عەرەفات سەرۆکی لیژنەی ڕاپەڕاندنی ڕێکخراوی ڕزگاریخوازی فەلەستین .

لەم چاو پێکەوتنەدا باسی دوا گۆڕانەکانی باری ناوچەی عەرەبی‌و ئەو بارەی ئێستا پیا تێدەپەڕێ‌و هەلویستی نەتەوەی عەرەب لە بەرپەچدانەوەی ڕێکەوتنە خیانەتکاریەکانەدا کە مەبەستیان لێدانی بزوتنەوەی شۆڕشی عەرەبە گرا .

دیسان باس لە چۆنیەتی پتەو کردنی تێکوشانی گەلی عەرەب کرا بەو جۆرەی خزمەتی نەتەوەی عەرەب‌و گاروبارە چارەنووسیەکانی دەکا لە ڕزگاری‌و بنیات نان‌و پشکەوتندا .

لەم چاو پێکەوتنەدا کە زیاتر لە چوار سەعات‌و نیوی خایاند هاوڕێ نعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لێپرسراوی بەکتەبی فەلەستین‌و خەباتی چەکداری لە سەرکردایەتی نەتەوەیی‌و داوڕێ عبدالرحیم احمد ئەمینداری گشتی بەرەی ڕزگاریخوازی عەرەب‌و بەڕێز محمد ابو میزر لێپرسراوی دائرەی پەیوەندیەکانی دەرەوە لە یزوتەوەی فتح ئامادە بوون .

ئ . د . ع

ڕای گشتی جیهانی تاوانەکانی ڕژێمی تاوان دژی گەلی کورد ڕیسوا دەکا

تاران : ئاژانسەکان :

بەدرێژایی هەفتەی ڕابوردوو ئاژانسەکانی دەنگوباسی هەندەران‌و پەیامنێری ڕادیۆو تەلەفزیۆنەکانی جیهان بەیتا پەیتا هەواڵی دۆخی ئاڵۆزو شێواوی ئێران بەگشتی‌و کوردستانی ئێران بەتایبەتی‌یان بڵاوکردەوە .. بەپێی ئەم هەواڵانە ، کە هەندێکیان پەیامنێرەکانیان بەچاوی خۆیان ڕوداوەکانیان دیووە ، زوربەی شارەکانی کوردەواری (ئازربایجانی ڕۆژئاوا ، سنە ، کرماشان و ناوچەکانی دەوروپشتیان) وشاری ئەهوازو محمرەلە خوزستان بەڕۆژ تەقینەوەی نارنجۆك و بەشەو شەڕی دەستەویەخەیان تێداکراوەو هێزی براوەنە سەر باسگاو مەلبەندو بارەگاکانی پاسەوانانی خومەینی کە ناوی پاسەوانانی شۆڕشیان لە خۆیان ناوە ..

بەیاننامەی حزبی دیموکراتی کوردستان

هەر هەفتەی ڕابوردوو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەیاننامەیەکی دەرکرد تێیدا بەوردی دۆخی شپرزەو نالەباری ئێستای کوردستانی ئێرانی شی کردۆتەوەو داوای لە دەوڵەتان‌و هێزە دیموکراتی‌و ئاشتیخوازەکانی جیهان کردوە کە بەدەنگ بێن بۆ ڕزگارکردنی گەلی کورد لە دەست قات‌و قڕی‌و برسێتی‌و ئەو کوشتارە ناهەموارەی کاربەدەستانی ڕژێمی سەر تەختی تاران لێی دەکەن .

بەیاننامەکەی حزبی دیموکراتی کوردستان دەڵێ : وا بۆ هەفتەیەك دەچێ‌و شارەکانی مەهابادو سەقز و بانەو سەردەشت‌و پاوە بە دەست کەم‌بوونی خۆراك‌و ئاڵۆزقەی ئابوری‌یەوە گیریان خواردووە . هەروەها بەیاننامەکە سەرنجی خەلك‌و ڕای گشتی بۆ لای درۆودەلەسەو فیشاڵەکانی سازمانی ڕادیۆو تەلەفزیونی ئێران ڕاکێشاوە کە ڕۆژ نیە چاووڕاو لە بارەی گوایە ئاسودەیی‌و هیمنی ناوچەکە بڵاو نەکەنەوە ..

بەیاننامەکە وتویە لە ١٦ی ئەم مانگەدا فرۆکەی هەلیکۆپتەرە جەنگی‌یەکانی ئەرتەشی ڕژێمی بەرەبەری ئاگرو بۆمباو موسەلسەل گوندێ (نەستان) یان لە نزیك سەردەشتەوە کاول کردەو خەڵکە بێگوناهەکەشیان لەناو بردووە ... ئا ئەمە ڕاستی‌ی کاربەدەستانی خومەینی‌و ڕژێمەکەی .. جا بۆیە سەیر نی‌یە کە بڵێین لەم ڕژێمەدا تەنیا هەر شا گوڕاوە ..

لە لایەکی ترەوە ئاژانسی دەنگوباسی ڕژێمی تاران (پارس) دانی بەوەدانا کە هەفتەی ڕابوردوو قوتابی‌و خوێندکارانی قوتابخانە دەبیرستانەکانی تاران خۆپیشاندانێکی گەورەیان ساز کردووەو داوایان کردوە کە باجی خوێندن هەڵگیرێ‌و خوێندن بەخۆڕایی بێت‌و سەربەستی بەرێ بە خوێندکاران و باری دەرفەتی کارکردنی سیاسیان لێنەگیرێ ..

لەلایەکی ترەوە ڕۆژی ٢٥-١٠ئاگر لە فروکەخانەی ئۆ دەوڵەتی میهرئاباد بەربوو دوای پێنج سەعات ئاتەش بەستکرا . هەروەها هەفتەی ڕابوردوو گۆڤاری « باری ماچ » ی فەرەنسا هەواڵێکی بڵاوکردەوە کە صادق خلخالی سەرۆکی ئەو دادگایەی بۆ کوشتنی کوردەکان دانراوە .. دوو منداڵی کوردی نەخۆش کە شەپۆلەیان بووە تیرەبارانی کردوون ... کۆمەڵەی حقوقی‌یەکانی ئێران داوایان کردوە کە سەرۆك‌و ئەندامانی ئەو دادگایەی ناوی دادگای (ئیسلامی!!) لێ‌نراوە محاکەمە بکرێن چونکە لەشاری مهشهر کچێکی بێگوناهی نەباڵقیان کوشتوە .

Institut Kurde de Paris

بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش: خزمەتی سەربازی بۆ کرێکاران حساب دەکرێ

هەفتەی رابوردوو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بڕیارێکی دەرکردو بەپێی ئەم بڕیارە خزمەتی سەربازیی ئەو کرێکارانەی لەسوپا تەسریح کراون بۆمەبەستی (عەلاوە)و پاداشت پێدان لەکاتی دامەزراندندا حیساب دەکرێ ئەمەش تەواوی بڕیارەکەیە :

بەپێی ناوەرۆکی بڕگە (أ) لە بەندی چلو دووی دەستوری وەختەکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لەکۆبونەوەی رۆژی ١١-١٠-١٩٧٩ بڕیاری‌دا :

١ - وشەی « کرێکارانیش» لەدوای وشەی «فەرمانبەرانەوە » دادەنرێ کە لە پێشەوەی بڕگە (٩ - ٠)ی بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش ژمارە (١٠١٤) دایەکەلە ١٦-٩-١٩٧٦ بلاوکرایەوە ، پێشەکی بڕگە ناوبراوە کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە .

د - ئەحکامی ئەم بڕیارە تێکڕای ئەو فەرمانبەرو کرێکارانە دەگرێتەوە کە لە خزمەت دان .

٢ - هەموو ئەو هەنگاوانەی کە ، پێش دەرچوونی ئەم بڕیارە ، هاویژراون‌و تایبەتین‌بە حیساب کردنی ماوەی خزمەتی سەربازیی راستەو کاریان پێدەکرێ .

٣ - ئەم بڕیارە لە رۆژنامەی رەسمیدا بلاودەکرێتەوە و وەزیرەکان جێبەجێی دەکەن .

صدام حسین
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش

پاشماوەی دەقی وتارەکەی سەرۆکی فەرماندە لە قەزای «بلد»

دەڕوشت بەڵام ئەمڕۆ سوڵتە راسیتە دەکات بۆ ئەوەی کرێکار کار بکات ، ئەو خەلکەی کە زیانێکی راستەقینە دەژیان زۆر کەم بوون ، بگرە خەریکم بڵێم تانە عیراقی‌یەك نەبوو کە لەپێش شورش هەستی بە مافای بەختەوەری بکردبایەو لەو بەختەوەری‌یە راستەقینەدا ژیابێ کە خەلك تێیدا دەژیان . چونکە وڵات بە سوکی سەیر دەکراو کاربەدەستان کۆنە پەرست بوون‌و خاین‌وئۆکەری بێگانە بوون ، بەڵام ئەمڕۆ ئەو خەلکەی سەرۆکایەتیان دەکەن خەلکێکن لە ئێوەن‌و دروشمی بنەڕەتیان لە سەرکردایەتی کردندا ئەمەیە .. بە توانا‌وە سەرکردایەتی گەل دەکەین‌و بە لە خۆبایی بوون خزمەتی گەل دەکەین ، ئائەمەیە دروشمی بنەڕەتیمان لە سەرکردایەتیدا

بڕیارەکە :

لە خزمەتی گەلدا بین‌و لە هەمان کاتدا بە ئیهاتوییەوە سەرکردایەتی گەل بکەین‌و ، ئەو رۆژە رەشانە رابوردن .

دەبێ بە وردیی‌و بڕواوە بڵێم برایینە شتێکی وا ئەماوە کەئێستا لە عیراق بێتە مایەی نارەحەتی‌و پەژارە بۆمان ، مەعراق رۆیشت‌و ژیانی پرشنگدار هات‌و پاشەرۆژی دەرگا لە سەر پشت لە بەردەم عراقی‌یەکان هاتە کایەوە بۆ ئەوەی دەرفەتە مێژوویەکەیان بنیات بنێن ، بەڵام ئێوە دەزانن کە سامانی عیراق سامانێکی راستەقینەیەو لە ژێر زەوی‌دا هەبووە .

ژێرزەوی شتێکی نوێی لێ لە دایك نەبووە ، پیترۆل‌و کانەکانی تر لە ژێر زەوی‌و خاکی عیراقدا هەبوون ، بەڵام پێویستی‌یان بە حاکم یاخود سەرکردەی دڵسۆزی خاکی نیشتیمان‌و هەوای عیراق‌و ئاوی دیجلە‌و فورات هەبوو ، بۆ ئەوەی ئێوەو بە تایبەتی لاوان وێنەکی ساڵی ١٩٦٩تان لە مێشکدا پەیدا بێ چونکە پیاوە پیرەکان وێنەی عیراقی کۆنیان لە مێشکدایە ، دوای شۆرش بە ساڵێك دۆخی دارایی‌مان تا بڵێی خراپ بوو ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشمان نارد بۆ لای برایانمان لە وڵاتانی خەلیج چونکە پارەیان لە ئێمە پتر هەبوو ، داوامان لێ کردن کە پارەمان بە قەرز بدەنی بۆ ئەوەی لەم دۆخە قورسە دارایە تێبپەڕێین‌و پێنج ملیۆن دۆلاریان بە قەرز دایێ‌و ئێمە بەختەوەر بووین .

وەفدەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش قەرزێکی پێنج ملیۆن دۆلاریی دەست کەوت ، برایینە بەڵام ئێستا ئێمە پێنج ملیۆن دۆلار دەدەین بە بزوتنەوەیەکی بچوك لە بزوتنەوەکانی رزگاریخوازی عەرەب‌و جیهان

لە ساڵی ١٩٧٠ و لە زستانی ساڵی ١٩٧٠دا سەرم لە وڵاتێکی دۆست داو راسپێردرابووم کە لە گەل ئەم دەولەتە دۆستە باسی مەسەلەیەك بکەم‌و ئەو ساڵە ١٧ ملیۆن دیناری لە سەرمان بوو ، و داوای وزگرتنی دەکردو بە سەرۆکایەتی وەفدێك چووم بۆ لایان‌و تکام لێ کردن کە قەرز دانەوەکە دوا بخەن‌و لە حیاتی ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٠دا (١٧) ملیۆن دینارەکەیان بدەینەوە ، لە ساڵی ١٩٧١دا دەیان دەینەوە بەڵام رەفزیان کرد ، خولەکە سورایەوەو بالیۆزی هەمان دەولەتی دۆست ساڵی ١٩٧٠ یاخود ١٩٧٦ هاتە لامو داوای کەرەسەی عیراقی کرد بایی پتر لە (٢٠٠)ملیۆن دۆلار داوای کرد کە لێیان رابوەستین‌و هەمان ساڵ ناو بەلکو ساڵی ئایندە پارەکەی بدەن.. قابل بووین .. ئەم قسەیە دەکەین‌وو لە ساڵی ١٩٦٩ لە ئۆردوگایەکمان لە ناوەراستی بەغدا لە ناوچەی کرخ هەموو ئێستاکە ئەم ئۆردوگایە بووە بە باخچەی (الزوراء) ، بڕیاری ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ئەو کاتە ئەوە بوو کە ئۆردوگاکە بەپارچە پارچە بە خەلکی بفرۆشرێ بۆ ئەوەی هەندێك پارە دەستگیر بێ‌و بودجەی بێ راست بکەینەوە ، لە کاتی خۆیدا پێشنیارم بۆ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش کرد کە ئەم زەوی‌یە لە دەست ئەدەین‌و ئەم خاکە بۆ هاوولاتی‌یان بکەین بە باخچەو جێگای سەیران‌و ئەم توانی رازی بوونی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بەدەست بێنم‌و زوربەی دەنگەکانیم دەستگیر نەبوو ئێوەش دەزانن کە بڕیارەکان لە ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورشدا لە سەر بنەرەتی زوربە دەبێ‌و دەستمان پێ کردو بەشێکمان لە خاکی ئۆردوگاکە فرۆشت بۆ ئەوەی بەشێك لە پیویستی‌یەکانی دەولەتی پێ دابین بکەین . جارێکی ترو دوای شەش مانگ کە لە ساڵی ١٩٧١ نزیك بوو بوینەوە هەمان مەسەلەم خستەوە بەردەم .

بڕیارێکم بەدەست هێنا بۆ بەك خستنی بڕیاری فرۆشتنەکەو بۆ ئەوەی خاکەکە بکرێ بە سەیران‌گاو ئەو کاتە خەملاندنە دارایی‌یەکان وایان نیشان دەدا کە لەم ئۆردوگایە تەنیا سێ ملیون دینارمان دەستگیر دەبوو کە وابوو برایینە ئەدەی وای لە سامانی عیراق کرد کە ئێستا بە ملیار بێ ئێوە بوون ، بازوە دڵسۆزو ئەقڵە دڵسۆزەکان بوون ، بەڵام لەم سامانە ، خاکی عیراق ، لە کاتێکدا کە خەڵك ئێستا لە دەست کەمی‌ی پێتەرۆل شکایەت دەکەن خاکەکەتان خاکی خێروبێر لە زاخۆوە تاوەکو فاو دەریایەك نەوتی لە ژێردایە ئەمەش نهێنی درکاندن نی‌یە کە ئەمە بڵێن ، چونکە ئێمە لەوەدا نەماوین کە لە درکاندنی نهێنی بترسین چونکە عیراقی‌یەکان دەتوانن داکۆکی لە دەریایە نەوتەکە بکەن‌و دەتوانن هەموو دەست درێژی‌کارێك کۆربکەن کە بەوێ دەست درێژی بکاتە سەر سنوریان .

لە سەدان ساڵەوە ،برایینە عیراق‌و لە دوای ئەوەوە ئەنەوەی عەرەب بە تەواوەتی لەوە بێبەش بوون کە سامان‌و سەرکردایەتی دڵسۆزو بە توانا‌و بڕۆاوباوەڕی زیندوو یەك بگرن‌و بگەنە یەك ، دوای سەدان ساڵ ئەو کاتەهات کە بیروباوەڕێکی سەرەف مەندانەتان هەبێ‌و حزبە مەزنەکەتان‌و بڕوایەکەیتان هەبێ‌و سەرکردایەتی‌یەکتان هەبێ کە لە حەتان عیراقی‌یەکی دڵسۆزو عەرەبەیەکی بە ئەمەکە ... برایە عیراقی‌یەکان لە هەموو جێگایەك ئەم سێ وشە ئورتەیە .. بیروباوەری زیندوو راست ، رێکخستنی بە هێزو ، سەرکردایەتی دڵسۆز لە وڵاتەکەودو خۆی‌و یسامانی راستەقینە .

بەم وشە ئورتانە مانای هێزی ئێوە لیك دەدەینەوە ، وەمانای ئەو هیرشەی دوژمن لێك‌دەدەینەوە کە دەیکاتە سەرتان ، وەمانای وەرەبوونی ئەمەریکا دەڵەتە گەورەکە لێك دەدەینەوە ، یەکێك لەو دوو دەولەتە بەهێزەکەی جیهان ، یەکێك لە بەهێزترین دوو دەولەتی جیهان لە شۆرشەکەتان وەپەز بووە ، شۆرشەکەتان دیوروژێنێ ، ئەمەیە هەڵی میژوویتان ، دوای سەدان ساڵ میژوو خولی خواردەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر لە عیراقدا جێگیر بێت ، بۆ ئەوەی ژانی ئەم شۆرشە

بڕوانە : ل : ٧

جەژنە پیرۆزەو... تێبینی..

بەبۆنەی داهاتنی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە ، دەستەی نووسەرانی «هاوکاری» پیرۆزبایی ئەوم لە تشت خوێنەرانی خۆشەویستدەکات ، بەئومیدی ئەوەی هەموو رۆژانی داهاتوشمان ،رۆژانی دەستکەوتەو بەرەوپێشکەوتنی زیاتربێ لەسایەی یەکیتی‌و برایەتی عراقی خۆشەویستماناو پێنکەوتنی زیاتری گەلەکەمان لەسەر رێگای بنیاتنانی کۆمەڵێکی نوێ .

بەم بۆنەیەشەوە خوێنەرانی بەرێز ئاگادار دەکەین کە لەبەر ئەوەی لەم هەفتەیەدا چوار رۆژ رێکەوتی پشوی جەژن دەکا ژمارەی داهاتوی «هاوکاری» دەرناچێ‌و دوایی ئەوە ئاسایی دەست دەکاتەوە بەدەرچون‌و ... سوپاس

(دەستەی نووسەران)

گەلانی ئێران دەست لە تێکوشان وقوربانیەکانیان هەڵناگرن

● ئێران : ئاژانسەکان :

حکومەت دان بەوەدا دەنێ کە توانای دەستەلاتی بەسەر باری ناوچەی کوردستانیدا نەماوەو جەنگاوەرە کوردەکان ، مانەو مال لەگەل یاساوڵەکانی خومەینی لە مەهاباد شەڕ دەکەن ، هەروەها جەنگاوەرەکانی عەرەبستان شەمەندەفەرێکی حکومەتیان لەرێگای موحەمەرە تاران تەقاندۆتەوە .

گومان لەوەدا نیە ، پشتگیری هەموو هێزە پێشکەوتنخوازەکانی دینیا بەگشتی‌و گەلانی جیهانی سێیەم بەتایبەتی بۆ شۆڕشی راپەڕیوی گەلانی ئێران ، لەسەر بنەڕەتی ئەوراستیە بوو ، گەلانی ئێران لەپێناوی هەقی رەوای خۆیاندا راپەریون ، دژی رژێمێکی دیکتاتۆری کۆنەپەرست ، کە نەك بە تەنیا لەناو ئێراندا گەلانی ئێرانی دەچەوساندەوەو رەش‌و رووت و برسی کرد بوون ، بەڵکو بوە یاساوڵی پاراستنی دەستەلاتی ئیمپریالیشت لەناوچەکەداو هەڵویستی نارەوای بەرامبەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی ناوچەکە لەلای هەموان ئاشکرا بوو ، لەبەر ئەوە ، روون‌و دیاربوو، کە روخاندنی رژێمی شا ، روخانی کۆلەکەیەکی پتەوی ئیمپریالی جیهانی بوو لە ناوچەکەدا بۆ جێبەجێکردنی مەبەستی جاویرسیەتی خۆی متمانەی پێ دەکرد ، بەم جۆرە ، گەلانی ئازادیخوازی ئێران‌و ئازادیخوازی دنیا ، روخاندنی ئەو رژێمەیان بە مژدەی پاشەرۆژی بەختیاری خۆیان دەزانی ، کەچی رۆژی پێنە چوو ، ئەوانەی لەسەر حسابی قوربانی‌دانی گەلانی رەش‌و رووتی ئێران بازیان‌دایە سەر حوکم لەئێراندا ، رۆژ لەدوای رۆژ بەکردەوەو بە قسە بەردەیان لەرووی ناشیرینی خۆیان هەڵماڵی‌و ئەنجام ئەو رووانە کە دەرکەوتن ، دەوریان لەدەوری شای رەوخاو جوێ نیە ، جارێ ماوەیەکی زۆر بەسەر روخاندنی شای ئێراندا گەلانی ئێرانی دەچەوساندەوەو رەش‌و رووت و برسی کرد بوون ، بەڵکو بوە یاساوڵی پاراستنی دەستەلاتی ئیمپریالیشت لەناوچەکەداو هەڵویستی نارەوای بەرامبەر بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلانی ناوچەکە لەلای هەموان ئاشکرا بوو ، لەبەر ئەوە ، روون‌و دیاربوو، کە روخاندنی رژێمی شا ، روخانی کۆلەکەیەکی پتەوی ئیمپریالی جیهانی بوو لە ناوچەکەدا بۆ جێبەجێکردنی مەبەستی جاویرسیەتی خۆی متمانەی پێ دەکرد ، بەم جۆرە ، گەلانی ئازادیخوازی ئێران‌و ئازادیخوازی دنیا ، روخاندنی ئەو رژێمەیان بە مژدەی پاشەرۆژی بەختیاری خۆیان دەزانی ، کەچی رۆژی پێنە چوو ، ئەوانەی لەسەر حسابی قوربانی‌دانی گەلانی رەش‌و رووتی ئێران بازیان‌دایە سەر حوکم لەئێراندا ، رۆژ لەدوای رۆژ بەکردەوەو بە قسە بەردەیان لەرووی ناشیرینی خۆیان هەڵماڵی‌و ئەنجام ئەو رووانە کە دەرکەوتن ، دەوریان لەدەوری شای رەوخاو جوێ نیە ، جارێ ماوەیەکی زۆر بەسەر روخاندنی شای ئێراندا رابەبوورد حوکم راکانی ئێران کەرتنە جموجوڵی گومانی لێکراو بۆ قارس کردنی شۆڕشی عراق‌و خەریك‌کردنی بەکێشەی لاوەکیەوە ، لە کاتێکدا ئاشکرایە هیچ رۆژی شۆڕشی عراق کەمتەرخەمی نەکردوە لەیارمەتی‌دانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی گەلانی ئێراندا بۆ گەیشتن بەئاواتی رەوایان ، ئەمەش لەسەر ئەساسی ئەو بیروباوەڕو رێزەوە پێشکەوتنخوازە مرۆڤایەتیەی شۆڕشی عراق لەسەری بەردەوامە ، کەچی حێ داخ لەوەدابوو ، گەلابی ئازادیخوازی ئێران‌و گەلانی ئازادیخوازی دنیا ، روخاندنی ئەو رژێمەیان بە مژدەی پاشەرۆژی بەختیاری خۆیان دەزانی ، دەستیان کردە هەرەشەو گۆڕەشە کردنە سەر ئاسایش‌و سەربەخۆی وڵاتانی خەلیج‌و نبەتی جاویرسیەتی خۆیان لەو ئاوچەیەدا بەتەواوی ئاشکرا کرد .

خۆ هەڵویستیان بەرامبەر ئێران ، گەیشتە لوتکەی مافە رەواکانی گەلانی دیکتاتۆری‌و کۆنەپەرستی‌و درندایەتی ، کاتێ دەستیان لە خوێنی رۆڵەکانی ئەهوازو عەبادان لە عەرەبستاندا سوورکرد ، بەخوێنی گەلی عەرەب تێر ئەبوون ، ئینجا رویان کردە کوردستان‌و بەدرندانە ترین ئوسلوبی کوشتن‌و بڕین کەوتنە وێران کردنی شارو دێ‌و گوڵەباران کردنی بەسەدان لە رۆڵەکانی گەلی کوردو بەرۆژی روونا‌کو بە بەرچاوی هەموو دنیایەوە بەو پەری نامەردانەو لەسەر رێبازێکی دیکتاتۆریانە خەڵکی گەلی کوردیان لەسەر شەقامەکانی شارەکانی کوردستان گوڵە باران دەکرد‌و بەردەوامی بە جۆرێ دیکتاتۆریەتی پێشو لەچاو ئەماندا بەحەوت ئاو شۆراوەتەوە .

وەنەبێ گەلانی ئێران، لەناویاندا گەلی کورد لە کوردستانی ئێران‌و گەلی عەرەب لە عەرەبستان ئەخەباتی چەند ساڵەی دوورو درێژیاندا لە رابورودا ، ئەو هەموو قوربانیانەی دایان تەنیا بە مابەستی گورینی رووی حوکمرەواکانی بوبێ لە کەسانێکەوە بۆ کەسانی تر ، وەك روخاندنی «شاو هێنانی «خومەینی» ، نەخێر ، گەلانی ئێران قوربانیان لە پێناوی مافی رەوای خۆیاندادا ، لەپێناوی مافی نەتەوایەتی‌و سەربەستی‌و ژیانێکی چاکتردا بۆ ئیستاو پاشەرۆژیان ، کەچی خومەینی ، بەردی دا بەپشتی شانی روخاودا لە درندایەتی‌و ئەوە بو کەوتە قەلاچۆ کردنی گەلانی ئێران کاتێ داوای مافە رەواکانی خۆیاندا کرد لە ئێرانێکی سەربەستدا ، گومان لەوەدا نیە ، کاروانی خەباتی گەلی کورد لە ئێران کە میژوویەکی پڕ شانازی هەبە لە قوربانی دانی ئازایانەدا مافی رەوای خۆیەتی مل‌کەچی رژێمی خومەینی نەبوو ، دەستی دایە چەکو کەوتە بەربەچدانەوەی ئازایانەی باساوڵە خوێن‌ریژەکانی خومەینی ، هەر بەوجۆرەش گەلی عەرەب لە عەرەبستان.

گەلانی ئێران کە خاوەنی تاقی کردنەوەیەکی پڕ شانازین لە مەیدانی قوربانی دان‌و خەباتدا لەپێناوی مافە رەواکانی خۆیاندا ، کاروانی تێکوشانیان ناوستێ‌و ئاستۆی رزگاریان لەدەست رژێمی خوێن ریژی کۆنەپەرست لە دەم کەلە .

● ئازاد ●

کورتە هەواڵ

● هەولێر :

بەرێوەبەرایەتی ئەشغالی پارێزگای هەولێر ، هەفتەی رابوردوو دەستی کرد بەجێ‌کردنی چەند پرۆژەیەکی هەمە چەشنە کە ٣٤٢ هەزار دیناریان تێدە چێ ... ئەم پرۆژانە وەك رەنگ رێژکراون لە ٣-١٢ مانگدا تەواو دەبن .

هەولێر :

دەزگای بەکرێدانی مەکینەو ئامێری کشتوکاڵی پارێزگای هەولێر هەفتەی رابوردو لە کۆلانی ٤٢٥ هەزار دۆنم زەوی‌وزاری کەرتی سۆشیالیستی وتایبەتی کشتوکاڵ بۆتەوە.. هەروەها بڕیار وایە کە مەکینەکانی هەمان دەزگا ٦٥٨ هەزارو ٤٠ دۆنم لەو زەوی‌یانە بکێڵن کە کشتوکاڵی زستانەیان تێدا دەکرێ‌و کە ١٧٣ تراکتور دەیانکێڵن .

● دهۆك :

دەزگاکانی حوکمی محەلی لە پارێزگای دهۆك دەستیان کرد بە قیرتاوکردنی رێگای فایدە ملوخیەو پرۆژەی نوێی ئاوی دهۆك کە ٢٢ کیلومەترە درێژەو ٨٠٠هەزار دیناری تێدەچێ ..

● دهۆك :

بەرێوەبەرایەتی رەنێوهێنانی دهۆك ئەم ساڵ لەو ٨٠ بیرە ئیرتیوازی‌یەی بڕیاری لەسەر درابوو لە چەند ناوچەیەکدا «٥٦» بیری ئیرتیوازی لێداوە کە وزەی ئاو لێ‌هەڵێنجانی هەر یەکیکیان ١٠-٢٥٠ گالۆن ئاوە لە یەك دەقیقەدا

هەڵبژاردنی دەستەی بەرێوەبەری نوێی نووسەرانی کورد لە سلیمانی .
بەتەلەفون لە پ هاوکاری‌یەوە

پاش نیوەرۆی رۆژی پێنج شەممەی رابوردوو ، دەستەی گشتی یەکێتی نووسەرانی کوردلقی سلیمانی ، لەبارەگای یەکێتی کۆبوونەوەو دوای ئیکولینەوەی راپۆرتی دارایی‌و رۆشنبیری‌و ئیداری دەستەی بەرێوەبەری پێشو ، دەستکرا بەهەڵبژاردنی دەستەی بەرێوەبەری نوێ‌و ئەنجام بەم جۆرە بوو

کمال میراودەلی سەرۆك ، سەلام منمی جێگری سەرۆك ، حمە سعید حسن ژمێریار ، احمد سالار سکرتێری رۆشنبیری ، حمە فریق حسن سکرتیری ئیداری ، ئەندامان: کمال رووف محمد ، خورشیدە بابان ، هەروەها ئازاد عبدالواحدو کریم زند بەرەندامی ئحتیات .

سەردانەکەی بەرێز پارێزگاری سلێمانی لە قەزای کەلار

سلێمانی : لە پەیامنێری هاوکاری‌یەوە :

هەفتەی رابوردوو بەرێز ئرشد احمد محمد پارێزگاری سلێمانی بە سەردانێکی بە سەرکردنەوە چووە قەزای کەلارو ناحیەی پێواز . . لەسەردانەکەیدا گەلێك لە سەرەك دایەرەو دەزگاو دامەزراوەکانی پارێزگای سلیمانی هاوری‌یەتیان کرد.. لەوێش لەگەل کاربەدەستو ئیرسراوو ئەندامانی ئەنجومەنی گەلی ئەم ناوچانەدا گزبووەوەو باسی پێداویستی‌و گیروگرفتەکانی ناوچەکەیان کردووە .

لە ئەنجامدا بڕیار دراوە کە خۆراك لە هەموو قوتابخانەکانی ئەو ناوچەیەدا بەسەر قوتابی‌یایدا دابەش بکرێت‌و لە ساڵی داهاتوودا رێگای نێوان قەزای کەلارو ناحیەی تیلەکۆ قیرتاو بکرێت ... لە دوایدا بەرێز بەرێز پارێزگاری سلیمانی سەری لە کێڵگە تاقی‌کردنەوەیەکەی قەزای کەلار داو دایرای کرد کە بایەخ بە بەرهەمی کشتوکاڵی بدەن چونکە ئەم ناوچەیە پشت بە کشتوکاڵ دەبەستێ‌و دوای ئەمە بەرێز پارێزگار بەلێنی جێبەجێ‌کردنی گەلێك لە داواکاری‌یەکانی خەڵکی ناوچەکەی‌داو داوای لە هەمووان کرد کە بەپێی راسپاردەکانی سەرۆکی فەرمانده خەباتگێڕ صدام حسین لەگەل هەموو دەزگا رەسمی‌یەکاندا بۆ پێشخستنی وڵات‌و بنیات نانی کۆمەڵێکی پێشکەوتوو هاوکاری‌و کۆمەك بکەن .

پ هاوکاری

راپۆرت

بەبۆنەی ٣٤ ساڵەی دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە

رۆژی چوارشەممەی رابوردوو ٢٤-١٠-١٩٧٩ ٣٤ ساڵ بەسەر دامەزراندنی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکاندا تێپەڕی‌و ئەم بۆنەیەوە عیراق‌و حکومەت‌و گەلانی دنیا ئاهەنگی ئەم یادەیان گێڕا ... لە ساڵی ١٩٤٥و لەم رۆژەدا دوای بەك‌کەوتنی رێکخراوی «عصبة الامم» بیر لەوە کرایەوە کە رێکخراوێکی فراوانتر بێنك‌بەبێزێ‌و نوێنەری گشت گەل‌و میللەتانی سەر ئەم زەمینەی تێدا وەربگیرێ‌و رێگایەك بێ لەو رێگایانەی‌بە هۆیەوە هەولی بەربەست - کردنی هەڵگیرسانی شەڕی‌تونا‌کەر بدرێ‌و بڕوا بوون بە مافی بنەڕەتی ئادەمیزادو گەلە ژێردەستەکان جێگیرودووپات بکرێتەوەو ئاشتی‌و ئاسایشی . ئێستو دەولەتان بیارێزرێ‌و پەیوەندی‌دۆستانە لەنێو ئەل‌و میللەتانی جیهاندا دابەمەزرێ . .

هەر بەم بۆنەیەشەوە ، وەزارەتی دەرەوەی کۆماری عیراق بەیاننامەیەکی بلاوکردەوە تێیدا دەستی خستۆتە سەر چەند خاڵێکی گرینگ‌و چەند مەسەلەیەکی عەرەبی‌و نێو دەولەتانی باس‌کردووە . . بەیاننامەکە دەربارەی ئاهەنگی ئەم ساڵ‌وتوی‌یەتی :

«ئەمساڵ لە زروفی تێك ئاڵزی نێو دەدەلەتان‌و لە زروفی چەندین سیاسەتی دوژمنایەتکاری‌یانەی رژێمە ئیمپریالی‌و رەگەرپەرستی‌یەکاندا کە دژی گەلانی جیهان بە گشتی‌و لە فەلەستین‌و خیاروی ئەفەریقاو ناوچەی دەریای کاریبی پەیرەوی ئەدەکەن ، ئەم ئاهەنگە دەگێڕین ».« ئێمە لە کاتێکدا کە مەبەست‌و ئامانجەکانی ئەتەوە یەکگرتووەکانمان لەبەرچاوەو لەبادە ، ئەو هەوڵ‌و کۆششەی دەولەتە ئیمپریالیستی‌یەکان دەیبینن کە بۆ دەستگرتن بەسەر رێکخراوی نێو دەولەتان‌دا دەیانەوێ ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بەپارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بەپارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بەپارێکی

چیرۆکێکی زۆر ئاسایی

ماوەیەکی زۆر ، بەرلەوەی دەست بکەم بەو بلاو کردنی بەرهەمەکانم . هەر بەلکو بەر لەوەی دەست بکەم بە نووسینی بەرهەمەکانم . هەستی ئەوەم هەبوو کە وا ئەم بەرهەمانە دەبێ بە کوردی بنووسرێت . بەلام بە داخەوە لە بەر چەن هویەک لە من بەتواناتر - کە نێرە جێی باس و لێوورد بوونەوەی نیە نەم توانی ئەو ئارەزووەم بهێنمە دی . ئەویش بووە جێی رەخنە گرتن و گلەیی لێ کردنی زۆر ، بەلکو هەموو برایانی دلسۆزم . و . ناڕەزایی خۆم لە خۆمدا . کە بە کەمو کورتیەکی گەورەم زیانری خایاند . بەلا بە کە تێکۆشم بی لەناو بردنی بە زووترین کات . هەرچەنیش ئەم «زووترین کاتە» دەسال زیانری خایاند . بەلام قەناکە هەر وەکوو (برێشت) ئەلێ«ماوە هیچ لە دەست ناچێ هەرگیز ماوە هەیە بو ئەو مرۆڤەی ئەیەوێ زانیاری تازە فێربێت »

بێ گومان شتێکی ئاسان نیە بۆ مرۆڤێك کە دە سال زیاترە بە زوبانێك ئەنووسێ دەست بکا یەكسەر بە نووسین بە زوبانێکی تر . هەرچەنیش ئەم زوبانە زوبانی ژیان و رۆژانەی دایکی و باوکی خۆیەو بەتایبەتی دەربارەی نووسینی شتی هونەرمەندی. لە بەر ئەوە وەهام یەیاشانی بەر لەوەی دەست بکەم بە نووسینی بەرهەمێکی تازە بە کوردی ، کە بێ گومان کەم و کورتێکی زۆری تیادا ئەبێ یەکێك لە چیرۆکەکانی خۆم بکەم بە کوردی بەو ئومێدەی کە کەم و کورتی تیادا کەمتر ئەبێ .

ئینجا ، بێ گومان ، من ناترانم ئەم کردەوەیەم بەشتێکی بایەخدار یا بێ بایەخ دابنێم . ئەوە ئەرکی برادەراتمی ترە .. بەتایبەتی برادەرە نووسەرەکانی کورد .. کە بالایکی درێژیان هەیە لەم بارەیەوە .

ئیتر ئەوە تەقلایکە من دام . لە بێناوی خزمەت کردنی زوبانمان و ئەدبەمان ، نامەوێت زیاتر لە سەری بدوێم تەنها تکام ئەوەیە کە بە چاوێکی فراوان سەیری بکرێت و کەمو کورتیەی کە تیادا هەیە چاوی لێ ئەپۆشرێت و بەهەستێکی دلسۆزی و علمی وەر بگریت بو ئەوەی سودی لی وەربگرم بۆ بەرهەمە داهاتوەکانم ، کەوا ئەزانم بەبێ عزور زۆرم لێ پێ ماوە لەوە گەلی زیاتر کە تاکو ئیستا بلاوم کردوە .

محی الدین زەنگەنە

ئەو کاتەی سەیری سەروگوێلاکم کرد لە ئاوێنەکەدا سەرم سوڕما کە بینیم پڕ بوە لەزام و خرمش و خوێنی وشکەوە بوو . دایکم لە پشتمەوە راوەستابوو سەیرمی ئەکرد لێیم پرسی :

- ئەمە چیە ؟ کێ وای لیم کرد ؟ کەس هاتە ژورەکەوە ئەوکاتە کە نوستبووم ؟

- کەست لە گەڵدا نەبوو «شیرین» نەبێت .

- شیرین ؟ بەهاوارەوە ووتم : کە واتا دەبێ ئەوبێت ئەم یاریە پیەی بە سەرو گوێلاکم کرد بێت ؟

هەر وەکو گایەکی شێت رام کردە دەرەوە

قیراندی : بۆ کوێ ؟

بەبێ ئەوەی رابوەستم یا ئاوڕی لی بدەمەوە . ووتم :

- دەبێ ئەم پشیلە درۆندەیە بکوژم .

تەنها لێرەدا ئاوڕم لێدا، بینیم بزە خەنیکێ کالتە پێ کردن لە سەر لێوێتی هەر وەکو بلێت « جا ئەتوانیت ؟ .. هەزار خوزگە بتوانیایە » بەنوڕەییی ووتم :

- بەلێ ، خانم گیان ئەتوانم وهەر ئیستەش بە هەر دوو چاووی خۆت ئەبینی .

تیبەڕ بوومە ژورەکەی نەسرینی خوشکم ، شیرینم بینی یاری ئەکا بەو توپە گچکەیە کە بۆ نەسرینم کڕیبوو بەر لە چەند رۆژێك . ئەو کاتەی کە چاوی بە من کەوت ووشك بوو لە جێگای خۆی .. چوم بۆی بەرەوپێشەوە . . گەڕایە دواوە .. تاکو بوو بە خاڵێکی رەش و خۆی نووسانده دیوارە سپێکەوە ودەستی کرد بە میاو .. زۆر بەتین و سەیر . جاروبار زۆر درێژایی ئەخست و جاروباریش زۆر لە کورتی ئەیبڕیەوە « میاو وو .. میاووو .. میاو . میاو » . هاوارم کرد بە دەنگێکی بەرز . بەلکو دایکم . کە لە پشت دەرگاکەوە راوەستاوە گوێی لێم ئەبیت .

- دایە ئەوە شیوەن ئەکا .

نومێدم وابوو کە پێم بلێت « کە واتا .. بەسزمانە لێی گەڕێ » کەچی بەدەنگێکی پڕ لە گالتە پێ کردن ووتی :

- دەبێ زۆرت ترساندبێ ؟

زۆرم پێ ناخۆشبوو هەر بەجارێ هۆشم لە سەردا نەما . هەر چەنیش هەستم کرد بەدلنیایی بۆ بوونی لە پشت دەرگاکەوە نە کاتی پێویستیدا بەفریام ئەکەوێ» .

خوشکەکەم کە گۆیی لە میاومیاوی پشیلەکەی بوو وازی لە یاری کردنەکەی خۆی هێناوو بەپەرۆشەوە هات :

- چیە ئەوە کاکەم چی ئەکا لە شیرین ؟ .

دایکم کڕی کرد : هش .. هش . بەلام نەسترین هش نەبوو بە دەنگێکی پڕ لە فرمێسك هاواری کرد :

- کاکە .. تو خوا .. لێ گەڕێ . ئازاری مەدە .

بەلام نەلێ پارانەوەکەی و نە فرمێسکی دارژاوی کاری لیم کرد . نازاییم پیاوەتیم لە گومان دایە دەبێ رزگاری بکەم . لەمە ترس ئەو ئازاییم وەرگرتو بە دەنگێکی بەرز

- ئەم پشیلە دوڕندەیەی تو هەموو سەروگوێلاکمی ئالو وێز کردوە دەبێ سەری ببڕم .

- نا .. نا .. تو خوا ئەکەی ..

پاڵی نایە دەرگاکەوە . کوتوپڕ خۆی کردە ژورەوە . بەلام دایکم رابکێشایە دواوەو دەرگاکەی پێوەدا :

- باوەڕی پێ مەکە .. ناوێرێ هیچی بێ بکات .

بە دەنگێکی نزمەوە ووتی : لێی ئەترسێت !

هەستم کرد زارێکی گەورە دەمی کردەوە لە پیاوە لە پیاوەتیم و ئازاییکەشم دیل کراو بەرەو سەر بڕین ئەڕوا .. بە دەنگێکی پڕ یاخی و توڕەیی ووتم : لێی ناترسم هەر ئێستە سەری هەڵ ئەکەنم بەم دوو دەستەم . بەرەو پێشەوە بۆی چووم بەبێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێك بکەمەوە تەنها ئەوە نەبێ کە پێدایکم رووەن بکەمەوە کە من ئەو ترسنۆکە نیم کەوا دام ئەنێ .

بەلام کە جوولامەوە بەرەوپێش هەستم کرد پێم رائەوەستێت « باشە ئەگەر هیرشی کردە سەرم ؟ » ئەم توانی هیچ جووانەیەك بکەم ئەبێ پێم بەسترابێ بەسەد گوریزی بەتین .. وهەموو لەشیشم دەستی کرد بە لەرزانەوە « جارێکیان پشیلەیەکی رەش گوێی پیاوێکی زرتوزەلامی رفاند » ئاوێکی سارد بە سەرتاپای بالاما هاتە خوارەوە . هەستم کرد کەوا خەریکم بخنکێم لە دریایەکی عارەق و مەترسیدا:

- کاکە وریابە شێتە .. لەت لەتت ئەکات .

تفووسەگ هیچ پێویستیم بەم تێبینیەی تو نیە کە بزانم لەژێر ئەم شوە هێمن و نەرمی ئەم پشیلە سەگ بابە چی درۆندەیەك هەیە .. هەر بە سەکە چاوم لەو دوو چاوە تەنگانەی بکەوێ تاکو بزانم زۆر بە رونی کە چۆن ئەتوانێ مرۆڤ لەت بکات . بەلام لە گەڵ ئەوەش ئەبێ درۆبکەم : لێی ناترسم .. هیچ لێی ناترسم .

دایکم بەخوشێکی راستەقینی ووتی : زۆر باشە .. رۆڵە ..

- بەلێ زۆر .. زۆریش باشە .

هەرگیز بەترسنۆکم دانەنێو پێم ئەلێ کەوا بەپیاوتابم . هەر چەنیش تەمەنم خەریکە ببێ بە پانزە ساڵ . دەبێ بۆی روون بکەمەوە کە وا بەپێچەوانەوە پیاوم .. هەر ئیستا .

ئیستا ؟؟ بە تەنیا روو بە ڕووی ئەم دڕوندەیە کەوا زۆر بە ئاسانی ئەتوانی لەت لەتم بکا . یا پەلاماری گوێم بدا .. بەبێ ئەوەی کەسێك گوێی لە دەنگم بێت .. بەبێ ئەوەی پێم بکرێ دەنگم بەرز کەمەوە چونکە خۆم باش ئەناسم .. لە کاتی ئاوەهادا دەنگم ئەخنکێ . هێزیکی پێکهاتوو لە شەرمو لە مەترسیو گەاێ شتی تریش ئەیخنکێنی .

ئەگەر چەقوێکم پێ بوایە .. یادارێك .. یاهیچ نەبێ بەردێك ؟ ! بۆچی وابێ دەنگ بوو ؟ دەبێ چی پیلانێکم بۆ دا ئەبی ؟

جارێکی تر چاوم بە ژورەکەدا سوڕاند .. هیچ شتێك نیە لێرەدا .. تەنها سەرینێك نەبێ .. جا سەرین بە کەلکی چی دێت ؟ ها .. بۆ ؟ خۆ ئەتوانم هەر هیچ نەبێ خۆمی پێ بپارێزم ئەگەر هێرشی بردە سەرم . بەلام ئەویش لیم دورە ئەگەر بگەڕێمەوە بۆی لەوانەیە سواری ناقرگەم ببێتو بەخنکێنێ .

بڕوانە : ل : ٧

له ئەدەبی گەلانەوە

سێ شیعری کوردی

شیعری ناظم حکمت
جەباری حاجی کەریم لە عەرەبیەوە کردوویە بە کوردی .

• کۆڕ

لەسەر ئەم کەنارەو
لە قەراغ دەریادا . .
وەك تۆڕ باران دەمگرێنەوە
لە باران یاریندا ..
ئالا سپی یەکان لە کۆشی هەوادا
بە دەم ستونەکانەوە
دەشەکێتەوە ..
باران دەباری و .. ئەپڕا
کۆچی دوایی ئاسان دەبێ و
چاوەڕوانی مردن وەك ئەو
ئاسایی یە .

• گۆرانی

لە خەونمدا لەسەر دوبدێك
خۆشەویستی تەمەنم دی
هەروەکو مانگ ..
لە نێو چنگی هەور دەینواند
شوبتی کەوتم لە ڕۆشتنا ..
لە وەستانیا ..
دواخر وەستا .. چاوانمان بەیەك گەیشتن
گەشتنی چاوانمان نەبێ
هیچ ڕوی نەدا .

• چی دەمێنێتەوە

شاری « بالاتون »
وەك فیشەیەکی پۆستەیی دەستبێ دەکا
خۆر ئاوای بەری ئەم شارە
وەکو پرتەقالو لیمۆ دیارە ..
سەیرکە ئەوەی لە بیرمانا دەمێنێتەوە
لەدەنگ و ڕەنگێ بەو لاوە
چی تر نیە ..
ئابا غەمیش هەر بەم شنوە
لە قولایی دامانا دەمێنێتەوە .

له یەکەم دیداری چیرۆکی کوردیدا ، زۆر قسە لەسەر ئەم لایەنە ، یان ئەم شەقلەگرنکەی ئەدەبی کوردیمان گرا ، بێگومان ئەنجامەکانی ئەو قسەو باسانەش بە هەر حال ، ئەمرۆیان سبەی ، کاری خۆی - بەهەر شێوەیەك بێ - دەکاتە سەرری دەوی هونەری چیرۆکی کوردی ، بەلای ئێمەوە ، بۆ ئەوەی ئەو کارتێکردنە کاتی نەبێ ، تین و تاوی قسەو باسی مەوزوعی لەسەر ئەم مەسەلەیە لە بەردەوامیەکەیدا بەلای ئیجابیدا بشکێتەوە ، پرسیارێکمان ئاراستەی چەند برایەکی چیرۆك نووسەر و رەخنەگر کردوە ، کە بنەڕەت بێ بۆ باسو لیکولینەوەی فراونتر . بێگومان ، هەریەکی لە باری سەرنجەکانی ئەم برایانە ، کە بلاویان دەکەینەوە ، دەرگای قسە لەسەر کردنی زیاتر دەکاتەوە وبەم جۆرەش دەتوانین هەنگاوی بەسوودلە پێناوی کردنەوەی دەرگای لیکولینەوەیەکی مەوزوعی بەسوودا بۆ چیرۆکی کوردی و ئاسۆی پاشە رۆژی بکەینەوە.

چیرۆکی کوردی و ئاسۆی پاشە رۆژ

• رؤوف حسن : چیرۆکی رابوردوومان شناسنامەی پاڵەوانان ، دیاربوو ، بەلام ... !!

ئەو پرسیارەی ئێمە لەبەرچاومان خستوە: (بەدوای دیداری چیرۆکی کوردیداو بەباننامەکەی کۆتایی دیدارەکە ، باری کورتە چیرۆکی لە رەوتی ئەدەبی کوریدا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟) .

وەبە وەڵامەکەی چیرۆك نووس « رووف حسن » دەست پێ دەکەین کە دەڵێ :

پ : بە دوای دیداری چیرۆکی کوردیدا بەباننا - لەکەی کۆتایی‌دا باری کورتە چیرۆك لە ڕابردووداو لە ئیستامان‌دا چۆن هەڵدە سەنگێنن ؟!

- لە یێکەمین دیداری چیرۆکی کوردی‌دا لایەنی جۆراوجۆری کورتە چیرۆکمان شی کرایەوە .. بەلام بە زۆری بایەخ درابوو بە سالانی بەر لە حەفتاو کەمتر توخنی دوای حەفتا کەوتن هەندێ جیاوازی لە نێوان چیرۆکی سالانی ڕابردووو هی ئەم دوایە مان‌دا دەسنیشانکرا . . ئەمیش وردی‌و پوختی پێوە دیار نەبوو .. ئیتر ئەوە بەسەدان چیرۆك لەم دوایەدا هاتە کایەوەو لەگەل هەموو خەوش‌وناتە واوی‌و پوختی‌و مەزنیان‌دا مولکی ئەدەبە کەمانن‌و پێویستی‌یان بە هەڵسەنگاندنی ورد هەیەو هەر چەندە لە چاوپێکەوتنێکی واخیرادا ئەم کارە بە پوختی بە ئەنجام ناگات .. بەلام هەر چۆنێ بێ گەر بەچەند سەرەقەلە مێکیش بێ ئەوا جیاوازی‌و دیاردەکان‌و ئەد گارەکانی چیرۆکی رابردوو لەگەل هی ئەم سالانەی دوایی‌دا دەسنیشان دەکەم بە ئومێدی ئەوەی برابانی ڕەخنەگرو لێکۆلەرەوەکان لە داهاتوودا بە فراوانی ئەم باسە بخەملێنن .

جیاوازی‌و ئەدگارەکان لە ڕووی شێوەوە ..

- چیرۆکی ڕابردور گێڕانەوەی ڕووداوەکان بوو . بەلام چیرۆکی نوێ ڕوودان‌و بەڕەدوامی کارەساتەکانە لە کاتی نووسین‌و خوێندنەوەی‌دا

٢ - ئەو ساوێنەو تابلۆی شیعر وەك ئیستا ئاوێتەی چیرۆك نەبوو بوو .

٣ - ئەوسا پاڵەوان‌و کارەساتەکان ڕووکاری دەرەوەیان دیاربوو بەلام ئیستا بەزۆری دەرەوەو ناوی ناوەوە ئاشکرایە .. یا راستردایە بلێین بە هۆی بیرولێکدانەوەو باری دەرونیوە هەندێ سیمای ڕووکاریان بەدی دەکەین

٤ - گران‌کردنی باری سەرشانی چیرۆك بەوەی دوو ئەرکی بە سەردا بدرێ . . یێکەم چیرۆك‌و ڕووداو ئاسایی‌و دیارو ئاشکراکە .. لە ڕووی ناوەرۆکەوە .

١- کێشەی ئەتەوایەتی : ئیستا زاڵترە بە سەرکێشەکانی تردا . بەلام ئەوسا کێشە ئەتەوایەتیەکەو هەست بریندارکردن هێند بە زەبرو لە ڕوو نەبوو .. بۆیە کێشەی مرۆڤایەتی تر .. بەتایبەتی چیتایەتی زاڵبوو .

٢ - کێشەی سێکس‌و دوەم کێشەیێکی گەورەتر لە دێرەکان ڕووداوەکانەوە . . ئەمە خۆی لە خۆی‌دا کارێکی مەزن‌و پیرۆزەو چیرۆك‌ئەوەی لە باردا هەیە لە ئەرکی زیاتری بە سەرەوە بێ .. بەلام بەداخەوە لە زوربەی هەرە زۆریان دا - گەر نەڵێم لە هەموویان‌دا - ئێمەی خوێنەوار دەبینە کوردەکەی لە هەردوو جەژن بوو -

ئەم دیاردەیە لە چیرۆکی ڕابردوومان‌دا زۆر دەگمەنە .

نافرەت : بەعالەمی ئاشکرا دەوای بەرەڵلایی‌یێکی بێ سنوور دەکرێ‌و نافرەتی سزرانیش بۆتە جوانترین‌و بەرزترین نموونەی پاڵەوانی ئافرەتان .. کە لەوەو بەر نافرەتی تێکۆشەرو چەوساوەی دەستی نەریت‌و پیاوانی خێلەکی نموونە بوون ..

٣ - ئەوسا بیروباوەڕی شۆڕشگێڕو بنیات‌نەر بۆ گۆڕینی ئەو بارە نالەبارە دەبوە بنەمای چیرۆك ..بەلام لەم دوایەدا بیری ڕووخێنەری زووت .. یا بێزاری‌و قێز لێ‌کردنەوەی ژیان‌و کۆمەڵ بەگشتی لە زۆر نموونەی چیرۆك‌دا ڕەنگی دایەوە ..

٤ - لەچیرۆکی نوێ‌دا ڕەشبینی‌و گەشبینی بە موبالەغەیێکی زۆرو دەسکردەوە دەرکەوت کە جاران بەو شێوەیە نەبوو . دەبینین یا ئەوەتا هەرچی تروسکایی نومێد هەیە دەکوژێتەوە .. یا ئەوەتا دوای خپ‌کردن‌و- کپ‌کردنی هەموو شتەکان لە دوا دێڕکانی چیرۆك‌دا مندالێك لە دایك دەبێ .. جوانوویێك لە ئەسپو مایەکە دەکەوێتەوە . . زەرنەقووتەیێك سەری لە هێلکە دەجووقێ .. توڕێك . چەکەرەیێك سەر دەردەکات.. هتد .

٥ - ئەوساشنامەی پاڵەوانان دیار بوو . . لەواقیعیشەوە نزیك بوون .. بەلام ئیستا بە دەگمەن دیارە چ کارەن .. تەنیا ئەوەندە هەیە ڕۆشنبیرن‌و بەس ..ئیتر یا ئەوەیە بەگژدارو بەردا دەچن‌و بە هیچ دانامرکێن‌و لەگەل ملیۆنان‌دا بەجەنگ دێن . یا ئەوەتا لە هەموو کەس بێ دەسەلات‌و پەککەوتەترن‌و لە هەموو لایێکەوە سەریان دادەکێشرێ تا دەپلیشێنەوە ..

وردە جیاوازی‌تر زۆرەو ئەوەی لەمانە گرینگترە ..لە دیدارەکەدا پاکان چون یێك‌بوو لە سەر ئەوەی گەر چی بێ پێزی فیکرو نەەیوی تەکنیك‌و شیرزەیی تنکراەیی یە چەند چیرۆکێکی چیرۆکنووسە بەهرە - مەندەکانمانەوە لە ماوەیێکی کەمدا دیاربوو .. بەلام شتەکە کاتی‌بوو . . چیرۆکمان بەشێوەیێکی گشتی خەریکە لە پۆخەلوات خۆی دەپالێوتی‌و ڕەوتی پیرۆزو گەشەداری خۆی بەهونەرێکی بەرزو بالاترەوە دەگرێتەوە ..

سەرم ناوە بەسنگتەوەو
لەئامێزی تامەزرۆیی ناخی خۆت گۆشم ئەکەی
لەناو دەریای بێ‌ئامانی
شەوە زەنگێکی خامۆش‌دا
شەوە زەنگێکی خامۆشی‌دا
دەربازو ڕزگارم ئەکەی
گەرمن بۆ تۆو نموونەی تۆ
نەبمە مۆم‌و نەتوێمەوە
بۆتان هەیە
لە پێخەفی شەوانەدا
لە دوورەبتان نەتلێمەوە
بێ بەشم کەن لە شادی‌ی شار
ئەی هاوڕێکەم
ئەگەر ئەمڕو بۆ دواجاریش مال ئاوایم
لێت کردبێ
لەم کۆچەمدا ،
خەمەکانم گولی ئاولەدەیی‌یان گرتبێ
بڕوابکە
کەشتی‌یەکم بەبارتەقای ئەم‌جیهانە
بارم لەگۆلی خۆم‌ناوە
ئەوبارەشم تەنها خۆشەویستی ناوە
ئەی هاوڕێکەم
کێ لەمەوەوا ، خەمەکانی ناوارەیم
بۆ ڕاژەنێ ؟!
بۆ نازارەکانی دەروونم نەجنگەی خۆیا ڕاچەنێ؟!
وائیستاکە ، لەگلێنەی چاوەکانما
پەیکەرێکت بۆ ئەتاشم
تا لە مۆزەخانەی ناخما
بەرزترین جێگە بۆخۆی ، داگیربکا
هەتاوەکو لەئەلبومی یادەکانی ڕابووردوما
چاوم لێت‌بێ
تاپەیکەری هەست‌و بیرم
لەهەموو شوێن‌و ساتێك‌دا
خاکی ڕێت‌بێ ...!

× ● ×

(١) هەتوان : مەرهەم

دەروونم تامەزرۆیە

محمد کەساس

Institut kurde de Paris

عثمان خال

علی جۆلا

اسماعیل خیاط

نوری اسماعیل


قادر میرخان

بیستون عبدقادر

شێرزاد شوقی

پێشەکی :

کاتێک مرۆڤی دەوری بەردین توانای خۆی لە دەربڕینی هونەری تەشکیلی‌دا دۆزی‌یەوەو خۆی پێوە خەریک کرد سەرەتا پەی‌بردبە کۆمەڵێک هەستونەستی شاراوەی خۆی کە وای لێ‌کرد لە سەر دیواری ئەشکەوتەکان بە هۆی بەردی تیژەوە یەکەم بەرهەمی هونەری خۆی بکێشێت لەخۆیدا بوەهۆی‌پەیدا بونی‌دۆخی شۆڕش لە سەرەتای قۆناغی‌دۆزینەوەدا .

وە لە کاتیکا شارستانیەتیە کۆنەکانو شێوەی دەربڕینیش لە بواری هونەری تەشکیلی‌دا بە دوای یەکتری‌دا هاتن بوە هوی ئەوە کە پال بە مرۆڤەوەبنێت بە دوای چەند ڕێگایەکی بەرەو پێشکەتن‌دا بگەڕێت کە جیاوازی‌یەکی ئەوتۆی نەبو لە گەڵ ئەوهۆیانەدا کە پالی‌پێوە بنێت بەرەو بەرهەمێکی شۆڕشگیری .

وتووێژێکی فراوان لەسەر بزوتنەوەی هونەری تەشکیلی

ئەمەش ئەوە دەسلەمێنێت کە هەموو داهاتنێکی نوێی شارستانیەت خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکە بۆ هونەرو ئاراوی ئەمەش بەرونی لە بەرهەمی هونەرمەندەکاندا دەر دەکەوێت ... لێرەدا بۆ ئەوەی زۆر دور نەکەوینەوە دینینە سەر بزوتنەوەی‌هونەری تەشکیلی لەعێراق‌دا دەبینین لە گەڵ ئەوەی کە بناغەکەی لە ساڵەکانی چلەکان‌دا بنیات نراوە هەمیشە ئامانجەکانی ئاوێنەیەک بوەو دەم‌وچاوی کۆمەڵگای عێراقی پیشان داوە هەتا بوە هۆی پەیدا بونی کێشە یەکو باس لەوەوە بکات کە بێت ئایا (هونەر بۆ هونەرەیان هونەر بۆ کۆمەڵە ؟) .

شابانی باسە ئەم‌کێشەیەش بە هۆی بایەخ پێ‌دانی هونەرمەندانەوە لە قالبی کێشەکەوە گۆڕا بەرەو شێوەیەکی شۆڕشگیری کە بڕتک لە هەوڵەکانیان بوە هۆی تۆمار کردنی چەند هەلوێستێک کە هەستی نیشتمان پەروەری لێ بتکێ بەتای‌بەتی هونەرمەندی خوا لێخۆش‌بوو جواد سلیم کە بە یەکەم هونەرمەند ناسراوە توانیویەتی مەفهومی تەشکیلی بە شۆڕش ببەخشێت بەڵام ئەمەش بە تەواوەتی نەیتوانی کاربکاتە سەر بزوتنەوەی هونەری تەشکیلی لە عێراق‌دا هەتا دوای شۆڕشی ١٧ی تەموزی ٩٦٨ کە توانی دەرگایەکی گەورە بۆ هونەرمەندان بکاتەوە .

ئیتر ورده ورده پێشکانگە تەشکیلیەکان لە عێراق‌دا بایەخیان پێ‌دراو لە گەڵ خۆیدا سەرەتای ئەو ئیلتزامەی هەڵگرتبوو کە لە پێشەوە لێی بە گومان بوو . بەڵام ئەمڕۆ بزوتنەوەی هونەری لە عێراق‌دا بە هۆی نزیکبونەوەی هونەرمەندان لە یەکتریەوەو ڕێکەوتنیان لە ناو یەکدا بە قۆلی بوە هۆی پەیدا بونی مەدارێکی نوێ کە بناغەکەی ئیلتزامێکی راستەو-خۆی سەربەستی پرمانای شارستانیەت‌و نەتەوەیی‌و مرۆڤایەتی بێت ئەمەیان بە گشتی دەربارەی هونەری تەشکیلی لە عێراق‌دا بەڵام ئاورێکی تای‌بەتیش لە هونەرمەندانی کورد بدەینەوەو برانین ئەمان دەربارەی ئەم هونەرە چی دەڵێن ...

ئەوەی شایانی باس کردن بێت تا ئێستا هونەرمەندانی سلێمانی چوار پێشانگەیان کردۆتەوەو پاشان چەشنە کز بوینێک هاتە کایەوە ...

دەربارەی ئەم دیاردەیە هونەرمەند عثمان خال سەرپەرشتیاری پەروەردەی هونەری لە سلێمانی دەڵێ :

هەر چەندە لە ساڵان پێشودا چالاکیە هونەریەکان لە سلێمانیدا زۆر بە کوورچو-گۆلی دەرۆی بەرێوە تارادەیەک بیریش لەوە کراوەتەوە کە بچێتە نێو شارەکانی ترەوە ... بەڵام ئەمڕۆ ناتوانم بڵێم ئەو جمم‌وجۆلە کەم بوەتەوە چونکە چەند هۆیەک هەیە لە ڕێدا وەک نەبونی کۆمەڵێکی «جمعیە» ڕێک‌وپێک وەک بەشەکاتی تری هونەر هەتا بێتە هۆی بەگرتنی هونەرمەندەکانی ئەم بوارە هەروەها نەبونی جێگایەکک بۆ کردنەوەی پێشانگەیەکک بوە مایەی بێزاری هونەرمەندەکان بەڵام لە گەڵ ئەمانەشدا هونەرمەندەکان هەر یەکەیان بە تەنیا هاوبەشیان لە پێشانگەکان کۆمەڵی هونەرمەندە شێوەکاریەکانی عیراق‌و بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاکان لە بەغدا کردوە لە گەڵ پێشانگەی نەقابەی هونەرمەندانی هەولێر .

پاشان کاک عثمان خال دەربارەی چۆنیەتی بەرەو پێشەوە بردنی هونەری تەشکیلی لە سلێماتیدا لە لایەن نەقابەی هونەرمەندانەوە دەڵێ ..

بەرای من ئەم نەقابەیە باشترین شوێن‌و مەلبەندێکە بۆ هونەرمەندە شێوە کاریەکان بە ئاسانی کۆبان دەکاتەوەو دەتوانن پرۆژەی ساڵانەیان دابنێن . هەروەها بە باشی دەزانم هەموو هونەرمەندێکی دلسۆز هەر یەکە لە لای خۆیەوە وا تێ بگات کە نەقابەی هونەرمەندان بەرەو سەرچاوەیەکی هونەری رەسەن‌و خاوێن‌و بەهێز ببات .

پاشان هونەرمەند علی جۆلا سەبارەت بەم پرسیارەی ئێمان کرد ئایا هونەری تەشکیلی‌کوردی تائێستا سیمای خۆی دیاری کردوە ؟ لە وەڵامدا دەڵێ :

بۆ دەست نیشان کردنی ڕنگایەکی چاک لەم سەردەمەی ئێمەی تێدایین کە سەردەمی بەرش‌و بڵاوی بیری قۆلی زانیاری‌یە ، پێویستیمان بە راوێژو بڕواو داهێنانی بە سودە تابتوانین بەردی بناغەی هونەری تەشکیلی کوردی دابنێین . پاشان دەڵێ : پێویستە مرۆڤ راست گۆیێت بۆ ئەوەی هونەرەکەی سادەو ساکار دەر نەچێت‌و بە بڕوای من قوتابخانەی پێ گەیاندنی هەموو هونەمەندێ نەتەوەو نیشتمانەکەیەتی کە لە ئەنجامی نزیک بونەوەو شۆڕ بونەوە بە نهێنینەکانیدا هونەرمەندێکی قال بوو دێتە کایەوە کە خاوەنی هەستی ناسکی خۆیەتی‌و بەستراوە بە دەرونی ئەو کۆمەڵەوەی لە ناویاندا دەژی . پاشان هونەرمەند پلار دەگرێتە ئەو هونەرمەندانەی بە کوێرانە لاسای قوتابخانە جیهانیەکان دەکەنەوە بەڵکو ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە هونەرمەندان لە یەک بگەن‌و بەراوێژو بڕوای پتەو ڕێ‌ڕەویان دەست نیشان بکەن‌و بێتە مایەی پەیدا بونی سیمای تای‌بەتی هونەرەکەیان کە جیای بکاتەوە لە ناو هونەری نەتەوەکانی تری جیهان‌دا ..

هەروەها کاک علي دەڵێ :

هونەر جیهانیەو پێویستی بە سیمای تای‌بەتی نەتەوە نی‌یە . لێرەدا لایەنێکی زۆر گرنگ وون ئەبێ ئەویش رەسەنی «اصالە» ئەو بەرهەمەیە جگە لە کەم بونەوەی هەستی هونەرمەند ... هەروەها دەڵێ :پێویستە هونەرمەند مانای رەسەنایەتی خۆی وون نەکات کە بۆ هێنانەدی ئەم راستی‌یە پێویستیمان بە یەکێتی شێوەی دەربڕینە مەبەستی هونەرمەند لەمەش ئەوەیە کە هەر هونەرمەندێ شێوەی خۆی جیاوازبێ لای هەموان ئەمەش ئاشکرایە ئەگەر سەیری هەر هونەرمەندێکی جیهانی بکەین بەرهەمەکانیان دەناسینەوە بەڵام خۆمان لەم بابەتە هونەرمەندانەمان کەمە . هەروەها پێویستمان بە یەک‌خستنی زمانی دەر بڕینە بۆ نیشتمان‌و نەتەوەو مرۆڤایەتی کە هەر یەکەیان بەشێکە لە هونەرمەند کە ئەگەر خۆی لێ جیاکردەوە ئەوا کاری هونەری رەسەنایەتی تیادا نامێنێ کە دەبێتە مایەی وون بونی لایەنێکی گرنگی هونەرەکەو سەر لێ‌شێواندنی هونەرمەندەکەش .

لێرەدا هونەرمەند اسماعیل خیاط سەبارەت بەو پێشانگەیانەی کە قوتابیان دەیان کەنەوە دەڵێ :

بەرای من ئەم چەشنە پێشانگەیانە هەرچەندە کەمیان بە چاک دەناسرێن بەڵام ئێمەی هونەرمەند پێویستە خۆمان بخەینە ناویانەوەو دەبێ لە گەڵ خۆمان‌و قوتابیەکانیشمانا راست گۆ بین‌واتە ئەگەر بەرهەمێکی قوتابی‌یەکمان بە چاک هانە پێش چاو پێویستە هاریکاری بکەین بۆ ئەوەی پێشانگەیەکی بۆبکەیتەوە بەڵام ئەگەر بەپێچەوانەوە بوو ئەوا دەبێ هانی بدەین کە بەرهەمێکی نایاب تر دروست بکات . هەروەها بەرای من چاکتراوایە کە قوتابیان پێشانگەی هاوبەش بکەنەوە چونکە پێشانگەی تای‌بەتی پرۆژەیەکی گرانەو زۆر پێویستیش نی‌یە چونکە هونەرمەندی وا هە تائێستا پێشانگەی تای‌بەتی خۆی نەکردۆتەوە .. لێرەدا دەمەوێ کە ئامۆژگاری‌یەک بخەمە پێش چاوی قوتابیان کە پێویستە بەرهەمەکانیان پیشانی چەند هونەرمەندێک بدەن بۆ ئەوەی دەستنیشانی کەم‌وکورتی‌یەکانی بۆ بکات ـ

پاشان کاک اسماعیل هاتە سەر وەڵامی ئەو پرسیارەی ئێمان کرد سەبارەت بەو بەرهەمانەی کە پەیوەندی (شیعرو رەسمی) تیادا بەدی دەکرێت ووتی :

هەندێک کاری هونەری هەن کە سەرچاوەی هەڵقولینیان ئەدەب‌و شیعری کوردی‌یە وەک داڕشتنی بۆستەرێک بەهۆی دێڕێ شیعری کوردی‌یەوە یان پارچە هەڵبەستێکی دلداری شاعیرێک یان چیرۆکێک .. هەروەها وێنەکێشانی دیوان شاعیرەکان لەلایەن هونەرمەندانەوە چەشنە هاریکاری‌یەکە لەم‌بوارەدا .. بۆ نمونە خزم تائێستا (٥٠) جار هاریکاریم کردوەو هەندێکیان چاپ کراون‌و هەندێکی کە شیان بەرێوەن بۆ چاپ کردن کە ئەمانە هەموویان بونە مایەی کەلک لێ‌وەرگرتنم لێیان چەند بەرهەمێکە هێنایە ئەنجام کە جێگای رەزامەندیتانەو لە پاشە ڕۆژیشا بە تەمای باشترم . بۆ دووپاتی ئەمەش هونەرمەند پێشانگەی پۆستەری شیعری کوردی کرد بە نمونەی باسەکەی کە لە هاوینای رابوردودا کرایەوە وهیوا دارم لەمەو دواش ئەم پەیوەندی‌یەی نێوان شاعیران‌و هونەرمەندانە زیاتر بە هێز تر بێت .

پاشان لە هونەرمەند (نوری اسماعیل)مان پرسی ئایا ڕۆژنامەگەری کوردی هاوبەشی خۆی لە خستنە روی دەوری هونەرمەندانی ناوچەکەدا گردوەو لەم ڕووەوە ئنوە پێشتیازتان چی‌یە !! لەوەڵامدا کاک نوری دەڵێ :

لە راستیدا ڕۆژنامەگەری ئەو هاوبەشی‌یە تەواوەی نەکردوە ئەگەرچی بڕێ جار وتارو لێدوانیان بەلاو کردۆتەوە بەڵام زوربەیان وەک دەنگوباسێکی ئاسای باس کراوە ... یان زۆر جار هەندێ تیکەلی تای‌بەتی دەوری خۆی بینیوە بۆ پێناس ئەو کەسەو وشەی ڕێک‌وپێک‌و پرشنگداری بۆ پڕکراوەتەوە ..وە بۆ ئەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی دەوری خۆی بە تەواوەتی بینێت پێویستە لە سەر بناغەیەکی زانیاری قۆلی دوربین بێت هەروەها نوسەر پێویستە شارەزای‌یەکی تەواوی دەربارەی مێژوی هونەرو هونەرمەندانی کورد هەبێ‌و دەبێ بە چاوێکی هونەری‌یەوە لە ناخی تابلۆکان بڕوانێت . لێرەدا هونەرمەند دەوری ئەو ڕۆژنامانەی دەست نیشان کرد کە کوردین ... یان کوردی‌و عەرەبین ..سەبارەت بە یەکەمیان دەڵێ پێویستە هەوڵی پێناس کردنی هونەرو هونەرمەندانی کورد لە کوردستان‌دا بکات .هەروەها سەبارەت بە دووەمیان دەڵێ دەتوانێ لە سەرانسەری عێراق‌دا دەورێکی تەواو یینێت بۆ خستنە رووی هونەرمەندانی کورد ، ئەمەو تەرخان کردنی لاپەڕەیەک لە هەفتەیەکدا بۆ کاروباری کارێکی پەسەند کراوە . هەروەها ڕۆژنامە کوردی‌یەکان راست‌تر وایە کە لە نێوان هەفتەیەکدا لێکۆلینەوەیەکی هونەری هەبێت .

هەروەها هونەرمەند سەبارەت بەدەوری ئەمینداریتی گشتی ڕۆشنبیری‌ولاوان لە گەڵ زانکۆی سلێمانی‌وبەڕێوەبەرێتی گشتی پەروەردەدا بۆ بەرەو پێشەوە بردنی بزوتنەوەی تەشکیلی لەناوچەی کوردستان‌دا دەڵێ : بۆ دەزگای یەکەمیان پێویستە هەوڵی دروست کردنی هێڵێکی هونەری بدات لە گەڵ چاپ کردنی دەلیلێکی ڕەنگاورەنگ لەبارەی گشت هونەرمەندانی تشکیلی لە ناوچەکەدا ئەمەو لێکۆلینەوەی شێوەی پێشانگەکانیان و لە گەڵ کردنەوەی مۆزەخانەیەکی تەشکیلی بۆ هونەرمەندانی کورد هەروەها هان دانی‌و کرینی تابلۆی هونەرمەندان وگرتنی کۆنگرەیەکی تایبەتی بۆگشت هونەرمەندە تەشکیلیەکان لە گەڵ ریک خستنی پێشیانگەیەکی ساڵانە بۆیان . ئەمەو یارمەتی‌دانیان بۆ کردنەوەی پێشانگەکانیان لە وڵات‌و دەرەوەی وڵات‌داو هاوبەش کردنیان لە هەموو چەشنە کۆنگرەیەکی هونەری‌دا لێرەو لە دەرەوەی وڵات ..

هەروەها هونەرمەند سەبارەت بەزانکۆی سلێمانی دەڵێ : پێویستە بەشی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی تیادا بکرێتەوەو لە گۆڤاری (ئاسۆی زانکو) دا بەشێک بۆ هونەر تەرخان بکرێت هەروەها یارمەتی هونەرمەندان بدات لە کاتی چاپ کردنی دەلیلی پێشانگەکانیادا .. لە گەڵ دروست کردنی تابلۆو بەیکەری هونەری لە ناو زانکۆو بەشەکانیدا لە ڕنگەی نەقابەی هونەرمەندانەوە .

دوا جار سەبارەت بەدەوری بەڕێوەبەرێتی پەروەدە کاک نوری دەڵێ :

پێویستە هەمیشە دوپاتی ئەود بکاتەوە لە قوتابخانەکان کە ڕێز گرتنی هونەرو وانەی هونەر وڵات بەرەو پێشەوە دەڕوات‌و هەوڵی ئەوەش بدات کە لە هەموو قوتابخانەیەکدا ژورێک بۆ مرسم تەرخان بکرێت لە گەڵ یارمەتی دانی ئەو مامۆستایانەی تازە دەر ئەچن بۆ ئەوەی لە شوێنە هونەریەکاندا دایان بنێن‌و دیسانەوە پێویستە هانی کردنەوەی پێشانگەی‌جۆربەجۆر بدات بە تای‌بەتی ساڵانەی هەڵبژاردە لە ئیشی منال.

ئینجا هونەرمەندقادر میرخان سەبارەت بە بایەخ پێ‌دانی ئاڵ‌وگۆڕ کردنی چالاکی‌یە هونەریەکان لە نێوان پێشانگە هاوبەشی‌و تای‌بەتی‌یەکاندا دەڵێ :

بێ‌گومان هەموو بینینێک کەم یان زۆر شتێکمان بۆ بەجێ دێڵێ ... سا ئەگەر ئێمەش هەستی پێ نەکەین یان لە کاتێکی نزیکدا پێمانەوە دیار نەبێت ، بەدوری نازانم ڕۆژێک لە ڕۆژان بە جۆرێکی تایبەت سەر هەڵ‌نەدات . . بەڵام با ئێمە لە خۆمان ببرسین ئایا هێڵێک هەیە کەئەم ئیشانە کۆ بکاتەوە یان ببێتە بنەڕەتێک بۆ ئەو ئاڵ‌و گۆڕ کردنە ..؟ لەو باوەڕدام ئەگەر چی ئەم هێڵە ئێستا روون‌و ئاشکرا نی‌یە لە بەر چاومان بەڵام لەناوماندا دەژی . هەروەها ووتی ..

هەموو نەتەوەیەک خصوصیەتی خۆی هەیە ، ئێمە دەبێت لێرەوە دەست پێ‌بکەین . . واتە ئەو نەکهەیەی بە نەتەوەی کوردەوە تای‌بەتە دەبێ لە هەموو شتەکاندا ڕەنگ بداتەوە ئەمەش ئەرکی ئێستای هونەرمەندانی کوردە . پاشان هونەمەند دەربارەی (پۆستەری کوردی) دەڵێ : بۆ ئەوەی بەعاطفە نسە نەکەین وواقیعی بین ، تاکو ئێستا کەم وڵاتەتوانیویەتی سیمایەکی تای‌بەتی بۆ خۆی دروست بکات هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئاڵ‌وگۆڕە خێرایەی کە لە نێوان وڵاتاندا هەیە .

پاشان هونەرمەند بێستون عبدالقادر زۆر بە کورتی دەربارەی رادەی کەلک وەر گرتنی هونەرمەندانی کورد لە فۆلکلۆری کوردی دەڵێ :

فۆلکلۆری کوردی هەموو شتێکی بۆ ڕەخساندوین وەک گۆرانی‌و سەماو جل‌وبەرگ‌و شیعر ڕۆشنبیریی بەڵام بە شێوەیەکی تای‌بەتی دەربارەی ڕەسم کردن وەک کانێکی زێڕ وایە کە هەرگیز کۆتای نایەت‌و هونەرمەند دەتوانێ کەلکی لێ وەر بگرێت ئەگەر بۆی لواو هەڵی بۆ هەڵکەوت بەڵام ئەمە تا ئێستا نەگونجاوە لە بەر ئەو کۆسپانەی کە هونەرمەندی کورد هەتا ئێستا لە چەفتی ڕێگەیاندا وەستاون. لە دوایدا هونەرمەند حکمت هندی سەبارەت بە هاریکاری کردنی لیپرسراوان بۆ بەرەو پێشەوە بردنی بزوتنەوەی ئەم هونەری تەشکیلیە دەڵێ : زوربەی هونەرمەندەکان بە چاکی ئەرکی داهێنانی خۆیان دەزانن‌و کارەکانیان بریتی‌یە لە هەست دەربڕینی خۆیان‌و باری رەسەنی هونەری نەتەوەکەیان . . بەڵام تا ئێستا پشتی ئەم هونەرمەندانە نەگیراوەو تاباڵۆی کام هونەرمەند ڕیزی لێ نراوە .. یان کام ساحەی شارەکەمان تەرخان کراوە بۆ ئەوەی پەیکەرێکی ناوداری کوردی تیا بکرێ . لە کۆتایدا داوا کارین کە ئەو گیروگرفتانەی هونەری رەسم دێتە ڕێگەی بۆیان چارەسەر بکرێ کە بریتی‌یە لە هۆڵ‌و بۆیەو فڵچەو رۆنی کەتان‌و زنگ .. هتد .

دوا جار هونەرمەند شێرزاد شوقی سەبارەت بە پرۆژەکانی هونەرمەندانی تەتشکیلی سلێمانی لەناو پارێزگاو دەرەوەیدا دەڵی :

بۆ ئەم مەبەستە بڕیارمان داوە کە کۆبونەوەیی‌کی هونەری فراوان بکرێت‌و بە قۆلی باس رادەی پێشکەوتنی ئەم هونەرە بکەین‌و کەم‌وکورتی‌یەکانی دەست نیشان بکەین‌و هێزی زاڵ بونیان بدۆزینەوە .

هەروەها کاک شێرزاد زۆر بە جوانی دووپاتی ئەو پێداویستیانەی کردەوە کە هونەرمەندانی پێشوتر قسەیان لێوەکردو هەمویان ڕێکەوە بەو مەرجە سەرەکیانەیان دادەنان کە تێکڕا دەبنە هۆی بەرەو پێشەوە چونی بزوتنەوەی هونەری تەشکیلی لە سلێمانیدا .

فریا عبدالله

پ. هاوکاری لە سلێمانی

١ ـ بۆ پێشکەکی ئەم ربپۆرتاجە کەلکم لە گۆڤاری (الرواق)ی ژمارە (٣) وەر گرتوە .

Institut kurde de Paris

● سالی خوێندنی تازەدەستی پێ کردوو منالـــە جگەرگۆشەکانمان پۆل پۆلرووبـــان کـــردەوە قوتابخانەکانیان بە خەباتیکی خۆشو پڕ هیواوە چونەتەپۆلـە تازەکانیان و مامۆستاکانیشیان بەوبەری دلخۆشـــی و کامەرانیەوە پێشـــوازی قوتابیەکانیان ەژکەن و خۆیان ئامادە کردووە بۆ خۆهیـلاك کردن و هەوڵدان لە پێناوی بەروەردەی کردنی ئەو منالـە جگەرگۆشانەماندا لە باشترین شێوەی سەردەمداو بینـــەرووناك کەرەوەی رێگـــای پێش کەوتنی نەتەوەکەمان .

● ئێمەش بەبۆنەی سالـی خوێندنی تازەوە سالـــی خۆتندنی ٩٧٩/ ٩٨٠ چوێنـــە بەرێوەبەرێتی گشـــتی بەروەردەی سلیمانـــی و دەربارەی باری ئیشـــوکاری بەروەردەیی لە پارێزگـــای سلیمانیدا ئەم گفتوگۆیەمان لە گەڵ بەرێز محمد پیـرۆز رۆستەم بەرێوەبەری گشتـی بەروەردەی سلیمانی‌دا کردوو ئەوبشـــــس لـــە وەڵامدا ئاخۆشی خـــۆی دەبڕی بە چۆنیەتی ئینشوکاری بەروەردەو سەرکەوتنـــی کاروباری زانیاری و گەلـــێ شتی تری ئەم لایەنـــــەو دامەزراندنی مامۆستای تازەی مامۆستای تازەی کوڕو کچو کردنەوەی گەلێ قوتابخانـەی ناوەندی و سەرەتایی و بـــە کورتیش باسیکـــی بـــاری نەهێشتنی نەخوێنـــدەواری کردو هەر لە سەرەتـــــاوە دەربارەی یاسای بـــەزۆر خوێندنی کردو وتی :-

× بۆ جێبەجێ کردنـــی یاســـای بەزۆر خوێندن و وەرگرتنی هەموو ئەو منالانەی تەمەنیان لە تەمەنی یاساکەدان هەوڵمان داوە کە هەرچـــی پێداویستی ئەم لایەنە هەیـــە جێبەجێی بکەین و باشترین بارو زروفی تایبەتیمـــان هێناوەتە کایەوە بـــــۆ بەروەردەو فێرکردنی منالـــە جگەرگۆشەکانمان کە لـــــە دوارۆژدا هەموو متمانەیەکمان لە سەر ئەوانە ئەوانـــــن بـــاوی دوارۆژو روونـاك گەرەوی رێگای گەلەکەمـــان هەر بەم نیازەوەو لە ماوەی ئەمسالدا گرنگترین ئـــەو شتانەی کە کراون نزیکەی ٦٥ قوتابخانەی تازەمان کردۆتـەوەو گوێرەی راپۆرتی سـەر پەرشتیارەکان و بە گوێـرەی پێویستی بەردەوامین لـــە کردنەوەی قوتابخانەی تـــر هەروەها لە رێگای کـــاری گەلیەوە نزیکەی ٢٠٨ پۆلی زیادەمان لە قوتابخانەکان زیاد کردووە لە دێ هاوچەرخەکانی پارێزگای سلیمانیدا نزیکـەی ١٢٤ قوتابخانەی سەرەتایـــی ئەکەینەوە لەوانە ١٨ یان تەواو بوون ئەوانی تریش لە تەواو بوونداە هـــەروەهـــا ٢٧ قوتابخانەی ناوەندیمـــان بەدەستەوەیە کە هەموویـــان ئەمسال تەواو ئەبن ، لـــە سەرانسەی پارێزگاکـــەداو لە سەر پلانی سنالانەشـــــس نزیکەی ٢٨ باخچـــــەی ساوایانمان بە دەستەوەیـــەو ٢٢٤ قوتابخانەی سەرەتایـی کە ١٠٦ یان تەواو بـــوون ، ٧٩ قوتابخانەی ناوەنـــدی ٣٠ یان تەواو بوونو هـــەر چیەکیش مابێ بەم زوانـــــە تەواو ئەبن . لە ڕوی دابەش کردنی خواردەمەنی بە سـەر قوتابیاندا تاکو ئێســـــتا ٥١٠ قوتابخانە خواردنیـــان

هەنگاوی بەرفراوانی پەروەردەیی لە پارێزگاکەماندا مژدەی پاشەڕۆژی رووناکـــی ئەوەی ئەوێ یـــد

ئەدرێتێ لە هەموو سەرانسەری پارێزگاکەدا وبۆ ئەمسالیشـــ نیازمان وایە خواردن بدەیـــن بە قوتابخانەی ترو بـــــەم شێوەیە ژمارەیان ئەگاتـــــە ٩٩٦ قوتابخانە .

● ئەی ژمارەی قوتابیانـی سەرەتایی ئەمسالتان چەندە؟.

× بەگوێرەی ئەو ســـەر ژمێریەی کە لە سەرەتـــای ساڵەوە لە هەموو ناوچەکانـی پارێزگاکەدا کردمان کـــــە ئەتوانم بڵێم زۆر ورد بووە . ژمارەی ئەو منالانەی کـــــە یاساکە ئەیانگرێتەوە واتـــا سالی ١٩٧٣ لە دایك بـــوون گەیشتۆتە ٢٦ هـەزارو ١٧٣ منال لەمانە ١٣ هـــــەزارو ٥١٢ یان کوڕن و ١٢هـەزارو ٦٦١ یان کچن ئەمانـــــە بێجگە لەو منالانەی کە لـــە کانونی دووەمـــــی ٧٤ دا لە دایك بوون . بـــــەم شێوەیە ژمارەی قوتابیانـــی سەرەتایی بە کوڕو کچـــەوە ئەگاتە نزیکەی ١٢١ هـــەزارو ١٦٨ قوتابی .

●دوای ئەوە بەرێز محمد پیروز رۆستم بەشێوەیەکـی گشتی دەربارەی کاروباری نەهێشتنی نەخوێندەواری دواو وتی :-

× لە روی جێبەجـــــێ کردنی یاسبای نەهێشتنـــی نەخوێندەواری‌یەوە ئەتوانـــم بڵێم قۆناغێکی باشمـــــان بڕیوەو هـــەوڵوتەقـــەلای هەموولایەك جێگای شانازی ئێمەیە کە توانیومانە سەرەڕای گەلێ گیروگرفتی لاوەکـــی بەردەوام بین لە کاروبـــارو هەوڵدان‌داو یاساکە بگەیەنینە قۆناغێکی باشی جێبەجـــێ کردن‌و بگەینەقوتابخانـــــە گەلیەکان‌و هەتا ئێستا لـــە سەرانسەری سلیمانیدا ٤ ٧٣ مەلبەندی پیـــــاوان ، ٣٧٠ مەلبەندی ژنـــــان‌و ١٤٠ مەلبەندی تێکەڵاو بکەبنـــەوە ، کە نزیکەی ٤٠ هـــــەزارو ٩ فێرخواز لە ئ ناغـــــی یەکەمداو ٤٨ هەزارو ٥٦٤ فێر خواز لە قوناغی ووەمـــدا ئەخوێنن‌و هەتا ئیستاش ٤١ قوتابخانەی گەلی بـــــۆ پیاوان‌و ١٢ بۆ ژنـــــان‌و سیبیان بۆ تێکەڵاومـــــان کردۆتەوەو نزیکـــــەی ١٤٧١ قوتابی پیاو ٤٩١ قوتابـــــی ژنیان تیایـــــەو بەرەو زۆر تریش ئەچن .

محمد پیـرۆز

● دوایی دەربســـارەی پرۆژەکانی داهاتـــــوی بەروەدە وتی :

× پرۆژە پـــەروەردەی‌ـ زۆرن‌و بە شێوەیەکی گشتـی ئەرانەی کە دەستیانـــــی پێکراوەو وا بەتەماین بـــەم زوانە تەواو بین بریتین لـــە ٥ هۆڵی گەورە کە بۆ هەمـــوو کاروبارێك ئەشێن ٥ تاقـــی گای گەورە بۆ قوتابخانەکـان لەرانەی زانیاریدا ٣ تاقـــی گا بۆ فیزیاو کیمیـــــاو زیندەوەرزانی ٢٠ زور لـــە باخچەکانی ساوایاندا ٢٠زور بۆ لیژنەکانی یەکیەتی قوتابیانی کوردستان ٣ بنکەی ئیشـــ دەست لە قوتابخانـــــــە سەرەتایی‌یەکاندا ئەمانەو گەلێ پرۆژەی گرنگ گرنگـــــی تریش کە دەستیان پـــــێ کراون‌و لە سالی داهاتـــودا ٩٨٠ تەواو ئەبن .

حمە سعید حمە کریم
پ. هاوکاری لە سلیمانـــی

لە سەر کردنەوەی هونەری کوردیی زنجیرەی گوتارو لـــــێ کۆڵینەوە

کۆمەڵە قەوانی بەزێ

کمال رؤوف محمد

● بەشی یەکەمی ئـــەم‌وناره لە ژمارەی پیشودا بەر چاو کەوت ، واله بەشـــی دووەمدا بە چەند تێبینیـــەك دەربارەی قەوانە بەرچـــاوخراوەکان دەست پێدەکەین :

تێبینی (١) :

★ دیبوی دووەم : لـــــە سەری نووسراوە (دردیکـــم گرنوا = دەردێکم گرتـــووە «کە دەڵێ .. دەردێکـــــم بێ (کەرکوك) خۆشـــــــە سلێمانی وێران بێ (مووسل) خۆشە سلێمانی . «هتد »). ژمارەیشی :(ژمارەی دووەمی ئەمەندەی لێ دیبارە :؟

تێبینی (١) : لە ســـــەر هەردوو دیبوی ئەم قەوانـــــە ناوی دایکی جەمال بـــــــە پیتی عەرەبی‌و ئینگلیزیـی نووسراوە . ناوی گۆرانیی‌ـ یێکەش هەر بە پیتـــــــی عەرەبی . دەنگیش لە ســـەر قەوانەکە گوتوویەتی قەوانـی ئۆدیۆن بە کارەبا ـ دایکـــی جەمال . لە دیبوی یەکـــەمدا « کورس » گۆرانیی لە گەڵ دەگێڕێتەوە .

تێبینی (٢) : ئـــــەم دوو گۆرانیی‌یەی ئەم قەوانە لـــەو وونانەن کە دۆزرانەوە .

٢ ـ

★ دیبوی یەکەم : لـــــە سەری نووسراوە (اصلـــی وصلك سلیمانی = ئەصلـــی وەصلت سلێمانیی « کە دەڵێ» ئەصلی وەصلت سلێمانیـــی . هەروەك مانگی تابانی . بـــە خودای حەققم دەستێنم لـــەو چاوی جووانی .«هـــتد ») . ژمارەیشی : ٢٢.٦٣٥ ١١٤٠

★ دیبوی دووەم : لە سەری نووسراوە گۆی‌گرت رفیقان = گوێ‌گرن ڕەفیقان (کە دەڵـــێ ..) گوێ‌گرن ڕەفیقان بیکەم بەحسی یار . چونکی سووتاووم دل ناگرێ قەرار . بـــــالای نەمامە . گوفتی شیرینینە . جەرگم سووتاوە . تـــازە برینە .. رەفیقان ئیمـــرۆ دلەکەم غەمگینە سەحـــرا رەنگینینە . هەی جان هـــەی جان «هتد».) ژمارەیشـــی : ١١٤١/٢٢.٦٣٥

تێبینی (١) : لە سەر هەردوو دیبـــوی قەوانەکە ناوی دایکی جەمال بە پیتی عەرەبیـــــی‌و ئینگلیزیی نووسراوە ، بـــەڵام ناوی گۆرانیی یێکە هەر بـــە عەرەبی . دەنگیش لە ســـەر قەوانەکە دەڵێ : قەوانـــی ئۆدیۆن بە کارەبا ـ دایکـــی جەمال .

تێبینی «٢» : ئاوازی‌ئـــەو گۆرانیی‌یە بە عەرەبی هەیە : بدریە انور گۆرانیی هەبـــــە دەڵێ : اصلی‌و اصلك بغدادی

تێبینی (٣) : گۆرانیـــی دووەم لە لایەن کۆرسیشـــەوە وەڵام دراوەتەوە .

تێبینی (٤): ئەم قەوانەش لە وون بووەکانە کـــــــە دۆزرایـــــــەوە . دووەم : بەیزافۆن .

★ دیبوی یەکەم : لـــــە سەری نووسراوە «روحـــــی شیرینم = رۆحی شیرینـــم «کە دەڵێ ..» رووحـــــی شیرینینم ئیمرۆ بۆچـــــی لوتفت نی‌یە .. نووری بینای چاوانم پێم بڵێ سووچـــــم چی‌یە «هتد»). ژمارەیشی : ٩٢١٣٢ .

★ دیبوی دووەم : لـــــە سەری نووسراوە (وطنـــی من کوردستانە = وەتەنی من کوردستانە . یادگـــــاری کەجەادمانە . بەهەشتـــــی رووی زەمینە خاکی پاکـــی کوردستانە «هتد ») ژمارەیشی : ٩٢١٣٣

لە ســـەر هەردوو دیبـــوی قەوانە ناوی دایکی جەمـــالو ناوی گۆرانیی‌یێکانیـــــش بە پیتی عەرەبی‌و ئینگلیزیـی نووسراوە . دەنگیش لە سەر قەوانەکە دەڵێ : قەوانی بەیزافۆن ـ دایکـــی جەمال .

تێبینی (٢) :

گۆرانیی ، وەتەنی مـــــن سرووودێکە لەســـــەرکێشی طرنە نەری . شیعرەکەش هی عەبدوڵلاە زیوەری شاعیرە . نووواڕە دیوانی زیـــــوەر ـ چاپخانەی مەعارف : بەغدا ، ١٩٥٨ . ل : ١١٨ .

تێبینی (٣) :

ئەم قەوانەشـــــ لە وون بووەکانە کە دۆزرایەوە .

تێبینی (٤) :

سەرلەنوێ دایکی جەمـــال کێیە ؟ بۆ وەڵام بنـــــووارە گوتاری ئێمە (هاوکـــاری : ٢٧ـ٢ـ١٩٧٦) . زیاتریش دەڵێین : دایکی جەمال کـــە لە نێوەندی ئەمســـالـــدا ١٩٧٩ کۆچی دووایی کرد لـــــە مدینة الطب ـ بەغدا ، بـــەم نزیکانە تەواوی باسی نوێ‌و وێنەی فۆتۆگرافیی‌و نیشانـــە کردنی ژمارەی قـــــەوان‌و گۆرانیی‌یێکانی‌و بەسەرهاتـــی ژیانی هەتا مردنی بـــــــلاو دەکەینەوە . کاتی خۆیشـــی ئێمە لە رۆژی ١١ـ١٢ ١٩٧٥ لە سلێمانیی‌دا چووین بۆ لای.

(٦) السنت بدریة انـور : قەوانێکی بەیزافۆنە . یەك : بەیزافۆن .

● دیبوی یەکەم :

لەســـەری نووســـــــراوە (الهوزوز = ؟) ژمارەیشی :

● دیبوی دووەم :

(.... ؟) ژمارەکەی :

تێبینی (١) :

ناوی کەسی باس کراو بە پیتی عەرەبی‌و ئینگلیزیـی نووسراوە . بەلام دیبـــوی دووەم تەنها (بدریە) بـــە تیپی ئینگلیزیی دیبـــار ماوەو نووسینەکانـــــی چووەتەوە . ژمارەکەیشـــی لە ســـەر قەوانەکـــــــە هەلکەندراوە .

تێبینی (٣) :

دیبوی یـــەکـــــــەم ، گۆرانیە کەی عەرەبیـــــــە . بەلام بەبیستنی دیبوی دووەم گۆرانیی‌یەکە لە لایەن ســـــــێ دەنگـــی ژنانـــــــــەوە خوێندراوەتەوە . گۆرانیـــی‌ـ یێکەش کوردیی‌یە (ئێمـــــــە کە مندال‌و نـــەو جەوانین . هەموو بە قوربانـــــــی کوردوستانین . چونکـــــە حوبی وەتەن لە ئیمانـــــە . بەو موحبەتـــە صاحیـــب ئیمانین « هتد .. » ئـــەم شیعرەش کە لە سەر کێشـــی (ماکی اطفال ابن دبستانـــم ـ فارسی‌یە) یادگـــــاری عەبدوڵلاە زیوەری شاعیرە . نووواڕە دیوانی زیـــــوەر . چاپخانەی مەعاریف . بەغدا: ١٩٥٨ . ل : ١٠٩) .ئەگەر بەدریـــــە ئەنوەر نـــاوی نووسرابێ ، ئەوا بە بیستـــن بۆمان دەرکەوتووە کە یەکێ لەو دەنگە ژنانەیە (دایکـــی جەمال) ـە . بەدریـــــــە ئەوەریش گۆرانیی بێـــــۆ بووە بە عەرەبی . بـــەلام دەنگە ژنانەکەی سێیەم کـــێ بێ ؟ من ئیم وایە : مونیـــرە لەهەوە زوەزە کە ئەویـــــس گۆرانیی عەرەبی گـــوتووە . وەکو لە هەندێکیشم پرسییـــار کردووە ئەو رۆژگارە ئـــــەو کەساز ەفێری گێرانـــــەوەی کوردیی کراوون ، ئەمە جگـە لەوەی کومپانییـــــــــا بازرگانی‌یێکانیـــــــــس ویستوویانە بەو کەسانـــــە لە لای گوێگری کـــــورد ڕەواجیان هەبـــــێ . کاك قەززاز لەمەڕ ئەم قەوانەشـــ دەڵێ : نایەتەوە یادم ، بـــەڵام بەلگە قەوانەکە خۆیەتـــــی خۆیەتی کە لە ناو سروودەکەدا دەنگ هەڵبڕاوە : بژی عومەر قەززاز . ئەم بەلگانەشـــــ کەم کەم ئەو نهێنییانـــــــە رۆشنا دەکاتەوە ، بەتایبەتیی ئەوە کە کاك عومەر قـــەززاز دەوری بووە لە گەیاندنـــی ئەو گۆرانیی‌و سروودانـــەو بڵاو بوونەوەیان ، بەتایبەتیـــی بەو هۆیەوە کە خۆی ـ وەك گوتی ـ وەکیلی نـــــــەو کومپانییانە بووە « ئۆدیۆن‌و بەبزافۆن » لە سلێمانی‌دا .

● بەشی دووەم :

قەوانی گۆرانیی‌یێـــــۆی ناسراو ؟

(١) ـ عـــەلی مـــەردان ئەفەندیی لەیلانیی = مامۆستا عەلی مەرادن . دوو قەوانـــی لە لای کومپانییای (هۆمـــۆ کورد)

بڕوانە : ل : ٧

هاوکاری وکۆمەڵانی خەڵك

● پاسی هاتوچۆ بۆ بیارە :

ـنامەی هاووڵاتی کاکە خان‌عبدالله محمدامین لـــــە نامەکەیدا داوا دەکا ، کە بـــۆ چارەسەرێ رێگای هاتوچـــۆو کەمی ئوتۆمۆبێل لە نێـــوان‌سلیمانی‌و بیارەدا ، چاکتـــــر وایە دەزگای هاتو چۆبیـــــــر لەوە بکاتەوە ، پاسی تایبـــەت بۆ هاووڵاتیان تەرخان بکـــات تا لە رێگای نێوان بیـــــارەو سلیمانیدا هاتوچۆ بکا .

هاوکاری : داواکاری ئـــەم برایە دەخەینە بەرچـــــاو کاربەدەستان لەدەزگـــــای‌هاتوچۆی سلیمانی ، بـــــە هیوای بەتەنگەوە هاتنـــــی‌خواستەکەی .

● خواستی گوندی‌یارمجە :

● هاو ولاتی غازی تەیفور کریم

لە گوندی ناوبراوەوە ئـــــەم‌نامەیەی بۆ نووسیوین :

● گوندی (یارمجە)ژمارەی‌بماله‌کانی ـ١٥٠ـ مالـــــــە گوندێکی تازەیە کە لە لایـــەن ئۆزرشەوە بنیات نـــــراوە قوتابخانەو نەخۆشخانـــــەو پیویستی تری جێبەجـــــێ کراوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشـــدا لە کەم کوڕی بێبەش نی‌یـــــە .گوندەکە نزیکەی (٧) کیلـــو مەتر دوورە لە شەقامـــــی سەرەکی نێوان هـــــەولێر ـ کەرکووك . رێگاکـــەی زۆر زۆر ناخۆشە هیواداریـــــــن میری لە خزمەتە زۆرەکانـــدا ئێمەی لە یاد نەچێ لەبـــــەر ئەوەی روو، لە «زستان»ئەچین رێگاکەکە ببێ بە «قوڕ » بـــــە تەواوی پەیوەندیمان لەگـــەڵ شاردا دەبڕێت ، باشـــــتر وایە «چەو »بکرێت .

خۆزگە (تانکی ئاوەکـــــە) بەرز دەکرایەوە بۆ ئـــەوەی ماڵە دوورە کان دەیان توانـــێ ئاو رابکێشێن هەر وەکـــــو ماڵە نزیکەکان کردووبانە .

تۆ بڵێیت ، قوتابخانەیکـــی (ناوەندی) لێ نەکرێتەوە بـــۆ ئەوەی قوتابیەکانمان لـــــــە تەنگ چەلەمەی خـــانوو ، ورنگاو بان رزگاریان بێت . هیوادارین لە خزمەت‌کردنـــی میللەتدا هەمیشە سەرکـــــەـ وتووبن .

● وەڵام

● کاك شەیدا عبەالله محمـد لە ئامادەیی پیشە ســـازی ١٧ی تەموز لە سلیمانی :

گلەی لە تیپـــــــــە هونەریەکانی سلیمانی کردوە کە ئاهەنگ و کۆڕ لـــــــە هۆیەکانـــــــدا دەگێـــرن لـــــــە پڕوپاگەنـــــــدا دەڵێن بانگ‌کـــــــردن بـــــــۆ هەمووانە کـــــە چی کە خەڵك دەچـــــــن ، سەیر دەکەن جێگا نەمـــاوەو ئەوانە شی دانیشتون بلیتـــی تایبەتی چوەبە دوایانا ، ئەم گلەیەی ئەم هاو ولاتیـــــــە بە جێیەو هیوادارین تیپـــــــــە هونەریەکان ئاگاداری چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی بۆ گـــاداری‌و پروپاگەندیەکانیان بن .

● هاووڵاتی کامل محمود احمد لە هەڵەبجـــــە : داوا کاریەکەت ببورە پەیوەندی یە گژشەکەی ئێمەوە نیە .

● کاك حسین ستار لـــــە کەرکوك : دیسان تۆش‌لێمـــان ببورە ، پێشنیارەکـــەت لای ئێمە نیە .

چالاکیەکانی بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لەسلێمانی

بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر لە سلیمانـــــــی پێشانگایەکیان لەباخچـــەی ئەی‌بە یەکیتی نووسەرانـــی کوردا کردەوە بۆ تابلۆکانـــی هونەرمەندی لاو کاك ئاراس صابر کە نزیکەی ٤٠ تابلۆیەکی نیا نیشان درابوو بەرێـــز محمد ئەمین پێنجوێنـــــی بەرێوەبەری رۆشـــنبیری جەماوەر لە سلیمانی لە جیاتی بەرێز پارێزگاری سلیمانـــی پێشانگاکەی کردەوەو گەلـــێ لە هونەرمەنـــــــدان‌و هونـــەر دۆســـــتان ئامادەی بوون . هەر لـــــە کانی پێشانگاکەدا هونەرمەندی ناوبراومان بینی‌و لیمـــــان پرسی : ـ

● ئەمە یەکەم پێشانگاتە ؟.

× بەلی ئەمە یەکـــــــەم پێشانگامەکە تایبەتی بـــــۆ لە وحەکانی خۆم بەرێوەبەرێتی رۆشنبیری جەماوەر بـــۆیان کردووەو، بەڵام لە قوتابخانەدا هاوبەش گەلێ پێشانگـــــای قوتابخانەکانی شاری سلیمانیم کردووە .

● تەمەنت چەندە ؟ .

× ساڵی ١٩٥٨ لـــــــە سلیمانی لە دایك بووم

● ئێستا بێجگە لـــــــە فلچەو بۆیە خەریکی چیت ؟.

× هەرچووی پۆلـــــــێ شەشەمی زانستیم‌و بـــــــە تەمام لە کۆلیجی هەندەسەی تەنکۆلۆجی وەربگیرم‌و حـــەز لە رەسمی هەندەس ئەکـــەم چونکە پەیوەندی بـــــــە هونەرەکەی خۆمەوە هەیە .

● بازۆری تابلۆکانـــــــت بەچی ئەکێشی ؟

× هەموویانم بە قەڵـــــەم جاف کێشاوەو ئەمەوێ هـــەر بەردوامیش بم تیایا .

● چی ترت پێیە خۆت بـــی لیبیت ؟ .

× ئەلێم خۆزگا بایەخ بـــە هەموو رووەکانی هونـــــەری کوردی ئەدراو هونەرمەندان وەکو پێویست هان ئەدران !

پ. هاوکاری لە سلیمانی

Institut kurde de Paris

کتێبی ئاخاوتنی کوردی لەبەر تیشکی لێکۆڵینەوەدا

سلێمانی
صەباح غالب

بەشی هەشتەم

لە بەشی حەوتەمی ئەو نووسینەدا لە بارەی ڕۆنانی کاری‌کارا بزری رابوردوو نووسیمان و شتێکمان لەو بارەوە شی‌کردەوە ، ئێستاکانە هەر لە دروست‌کردنی « کاری کارابزر» دەدوێنن بەڵام لە کاتی رانەبوردوودا .

بۆ ئەوەی کاری کارابزر لە دەمی رانەبوردوود دروست بکەین بۆگرمان پێویستمان بە ئاوەڵفرمانی »وا ، ئەوا «هەبە لەگەڵ نیشانەی فرمانی رانەبردووی «دە»، هەروەها «ا» ئەڵی نیشانەی «راەی مەجهولیدت دبەێ بە «ێ» یای کراوە وەك :

هەویرەکە ئێستا دەشێلرێ .

وەبۆ زیاتر ئاشکراکردنی ئەوە ئەم نەخشەیە چاکتر روونی دەکاتەوە .

چاوگی تێپەڕ ڕەگی فرمان نیشانەی رانەبوردوو
شێلان شێل دە

ئامرازی مەجهولیدت «اا»دەبێ بە «رێ» واتە رانەبوردووی کارابزری « شێلان » دەبێ بە دەشێلرێ .

دەشێلرێ = دە« نیشانەی رانەبوردوو » + شێل « ڕەگی‌فرمان » + ئامرازی مەجهولیدت « رابووە بە رێ » .

وەبۆ هەموو چاوگە تێپەڕەکانی دیکەی زمانی کوردی « چگە لە هەندێ چاوگی شاز » ، جا چاوگەکە – نیشانەکەی هەرچی‌یەك بێ ئەوا دەتوانین ئەو دەستورە بە تەواوو گونجاو بزانین واتا کاری‌کارابزری رانەبوردوو ئاوەها دروست دەبێ .

دە + ڕەگی‌فرمان + ئامرازی مەجهولیەت « را دەبێ بە رێ» . وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا کە هەموو چاوگەکانی گرتۆتەوە . وەئەگەر بۆکاتی ئێستا بوو دەتونرێ وەك گوتمان – ئاوەڵفرمانی « وا ئەوا ، ئێستا » لە پێش رانەبوردووی کارابزرەکەوە بەکار بهێنین .

چاوگی ئەلفی :

چاوگ	رانەبوردووی کارابزر
پێوان	گەنمەکە وا دەپێورێ .
	گەنمەکە ئێستا دەپێورێ .
	گەنمەکە ئەوا دەپێوری .
گێشان	چگەرەکە وا دەگێشرێ .
کێلان	بەراوەکە ئێستا دەکێلرێ .

چاوگی تائی :

چاوگ	رانەبوردووی کارابزر
رستن	بەرگنەکە وا دەرێرێ .
	بەرگنەکە ئێستا دەرێرێ .
	بەرگنەکە ئەوا دەرێری .
خواستن	شەنەکە ئێستا دەخوازرێ
رشتن	ئاوەکە ئەوا دەرێژرێ .

چاوگی دالی :

چاوگ	رانەبوردووی کارابزر
کردن	گۆزەکە وا دەکری .
	گۆزەکە ئێستا دەکرێ .
	گۆزەکە ئەوا دەکرێ .
بردن	فەرارەکە وا دەبرێ .

ڕەگی فرمانی « بردن » « بە » یە بزوێنی ڕەگەکە لا دەچێ و نیشانە «رێ»مەجهولیەتی پێوە دەلکێنرێ .

چاوگی واوی

چاوگ	رانەبوردووی کارابزر
دروون	شەڵتەکە وا دەدرورێ .
	شەڵتەکە ئێستا دەدرورێ .
	شەڵتەکە ئەوا دەدرورێ .
جوون	بنێشتەکە ئەوا دەجورێ .
گروون	کیسکەکە وا دەگەوێ .
چاوگی یائی	رانەبوردووی کارابزر
پۆشین	گوابەهار وا دەپۆشرێ .
	گلبەهار ئێستا دەپۆشرێ .
	گولبەهار ئەوا دەپۆشرێ .
تاشین	سەرەکە وا دەتاشرێ .
نووسین	نامەکە وا دەنووسرێ .

وەئەگەر ئاوەڵفرمانی « وا ، ئێستا ، ئەوا »ش بەکار نەهێنین ئەوا کاری کارابزری رانەبوردوو هەر دروست دەبێ و لە کاتی قسەکردندا هەستی پێ دەکرێ ، وەئەگەر گوێگر هۆشیارو بزۆز نەبێ ئەوا ڕەنگە رانەبوردووی کارابزرو موستەفیلی کارابزری لێ تێکەڵ ببێ و کەمتر بتوانێ لێکیان هەڵبوێرێ .

ڕەنگە ئەو زمانزانانەی خۆیان بە لێکۆڵینەوەی زمانی کوردی‌یەوە خەریك کردووە کەم تا زۆر لە گەڵمدا بێ دەشبێ ئەوەمان لە یاد نەچێ کە ئەمە کارێکی موتلەق و بێ کەم‌وکوڕی نییە ، چونکی کۆمەڵێ چاوگ هەن بەر ئەو دەستورە ناکەون و بە ڕێگای‌یەکی شازو دوور لە دەستەچاوگەکانی دۆستیان رانەبوردووی کارابزریان لێ‌درووست دەبێ ، لەو چاوگە شازانەش ئەمانە – هێندێکیانن .

چاوگی خواردن :

ڕەگی فرمانی رانەبوردووی چاوگی خواردن «خۆ»یە، کاتێ بمانەوێ رانەبوردووی کارابزری لێ دروست بکەین ئەو واوەکراوەی ڕەگی فرمانەکە دەبێتە واوێکی سووك و کارابزرەکە لە رانەبوردوودا دەبێتە دەخورێ .

چەند چاوگێکی دیکەی شاز هەن کە لەگەڵ چاوگی « خواردن » پێکەو بە ڕێگایەکی شاز رانەبوردووی کارابزریان لێ دروست دەکرێ کە لێدوانو قسە لێوەکردنیان بابۆ هەڵێکی دیکە بێ و خودا بکا دەگەڕێینەوە سەری لە کاتێکی نزیکدا .

لەو لێکۆڵینەوە لێزنەی زمانو زانستەکانی‌ی کۆڕی زانیاری کورد کە لە کاری رابوردووی کارابزر کردووبانە گەڵێك دروستکردن و بۆ جوون هەیە ناوچەیەو زمانی ئەمەبی یەکگرتووی کوردی ئەواتە وەخۆ ناگرێ ئەمن بەش بە حالی خۆم کانی ئەوە هاتووە بریارلەسەر زمانی بەرز بۆ نووسین و ئەدەبیاتی کوردی بدەین لەوە زیاتر حەق نییە ڕێگا بدرێ کە بە ناوی نەبوونی زمانی یەکگرتووی ئەدەبەوە چی دیکە بە چەند شێوە دیالێکتێك بنووسرێ ، جا کۆڕ نەك هەر ئەوەش دەکەن بەڵکو بێجووەزاراوی ناوچەیی هێندە تەسکیان زەق و قووت کردۆتەوە کە بێ دوو دڵی کارێکی گونجاو نییەو لەبەر زەوەندی – نەتەوەیمان زۆر بە دوورە، ئەگەر ئەو بیرکردنەوەو بۆ چورنە بیر تەسکی‌یەی هەندێ لە ئەندامانی کۆڕنەبایە ئەو هەندە هەڵەیە نە دەهاتنە گۆڕێ .

چاوگ	خسترا	خرا	
خستن	خسترا	خرا	
گرتن	گرترا	گرا	
فرۆشتن	فرۆشترا	فرۆشرا	
هاویشتن	هاویشترا	هاویشرا	
گلۆفتن	گلۆفترا	گلۆفرا	
ویستن	ویسترا	ویسرا	
رستن	رشترا	رسرا	
بیستن	بیسترا	بیسرا	

بۆ ئەو جۆرە دروستکردنە لیژنە دەنووسێ و دەڵێ « وەك دەستورێکی گشتی لە زۆر ناوچەکانی کوردستان صیغەی داڕشتنی رابردوی ئەم کارانە بە لابردنی نوتی چاوگ و لکاندنی «راەی تجهیل بنك دێت . ل /١٣٦» .

ئەگەر چی لە دوابیدا هەڵەکەیان راست کردۆتەوە ، بەڵام ئەو جۆرە بۆ چوونانە بۆ ڕێزمانێکی یەکگرتوو کە لە هەموو زاراوەو بێچووە زاراوەکاندا ئاوڕیان لێ بدرێتەوەو بخرێتە ناو ڕێزمانی زمانەکەمانەوە کارێکی زۆر نادروستە.

بڕوانە : ل : ٧



شیعری : فرانسوا
حسین بەفرین
کردویەتی بە کوردی

من ئەم بەشەم ، خۆم ،
بە دەستی خۆم هەڵنەبژارد
بێنە تاپۆم

× ● ×

لە دایك‌بووم ، بەزەبوونی
وا هەژار بووم
هەروا نەبوونو ،
سیا چار بووم

× ● ×

وەك یەلە هەورێك
سەرسەری
ئاسمانی ژیانم ئەبڕی

× ● ×

سنم بۆچ لێ ئەکەی ،
ئەی جوان
شۆخەکچی ئەرم ونیان ؟
من پوشێکم بە هەوانتە
بێ دەربەستی
ڕام ئەفڕێنی بای مەینەتی

× ● ×

من کەسێکی سەرگەردانم
دەربەدەرم
خوێنی لێ ئەتکێ جگەرم

× ● ×

ژین سەرئەبەم ،
لە ناوەندی
گڕ ، کلپە ،

× ● ×

ئەگەل هەموو ئەمانەشدا ،
وەنەبێ
ئەمەندەی خەلك ئەڵێ :

× ● ×

من خراپ بم ،
بێ بەهابم
شەڕفرۆشی‌و ،
ناڕەوا بم
لە ناخمدا
لە بێخمدا
دڵێك هەیە
کوشتەی حەزی ئەم خەلکەیە
هەندێ جار ،
فرمێسکی خوێنین
بە کول ئەرژێ
بۆ مەرگەساتی ،
ئازار ، ژان ،
ڕق ، شین
تەنها ساتێك ،
زامی سەر دڵم ناسرەوێ
ژن ،
گول ،
چیای ئەوێ
لە دنیای گیانی ،
ئازارو شەڕم
گەورەترین شتێك
من هەمبێتو ،
شکی یێ‌بەرم
ئەم دڵسەیە ،
ئەی کچی جوان
وا ئەی بەخشم بە تۆی نیان

جیرۆك

تەوینی جالجالۆکە

سەری خۆی داوەتە بەر ئاوێنەکە .. دەست بە لووسایەکەیدا دێنێ وا دەزانێ سەری خۆیەتی .. کوتە قەڵەمێك دەردێنێ ، ناوی خۆی دەنووسێتو دەنووسێتەوە .. لەسەر کۆڵەکەکە نەخشەی خوارو خیچ دەکێشێ .. ڕەنگیشە بەزانی بۆ وا دەکا ، دەبێ لەبەر ئەوە بێ بیەوێ خۆی لە تەنیایی دەربێنێ ، یان لەو شتانە بێزارە کە هەموو دەمێ لەبەر چاونی .. ئەو ئاوێنە خڕە لە چرا چوار نمرەکەی کردۆتەوەو دووکەڵی بەگژدا دەکا ڕەنگی وی دەگۆڕێ ، دووکەڵاوی دەبێ .. ناو بەناو لە کونی سواغە کۆنەوە مێشە ڕەشەو زەردە زیڕە بێدەنگی ژوورەکە دەڕنن . . لە دووکان دادەنیشێ کەمتر خەلك دەدوێنێ .. نازانێ چۆن سەرە داوی قسەکانی بکاتەوە .

حاجییەکەی هاوسێ پیاوێکی چرچەاەیە ، سەری کوترە ماری لایە .. لە درزی خشتی دووکانەکەی حاجییەوە قاسپەی پێکەنینی کچان ئەگاتە ئەمدیو .. ئۆمنی کێران وەك ڕەوەباران بەسەریدا ڕەو دەکات .. لە ملاو لەو لایەوە دەبێتە توفان و کەف هەڵدەستێ . . ناگاتە ئەم .. هەر ئەوەی بۆ ماوەتەوە بیۆلێنێ ..

– ئەم پەنجانە ئاڵوودەی شوێنێکن بۆی نازین .. لە هەناسەیەك یان کەمترا دەبنە ڕیزە پۆلوویەکی داگیرساو .. ناونك بەسەریان دەکاتەوە .. ئەو ڕیش سەگە کچۆڵە گوێنەکان میوەی کەیوی بەسەردا شۆر دەکەنەوە . . شیرینن ، مزرن .. چۆنن ، چۆن ینن تەمەنت گەیوەتە نزیکی شەست . . هەموو گومانت لێدەکەن .. بەو تەنیا بالییەت سەرسامن .. هەن دەڵێن کارێکی پیاوانەی کردووە .. خۆی گرێ داوەو وەك ئێمە گووی پێ نەخوراوە! .. هەشن دەڵێن سەکیش دەژی .. سبەینێ لە دەستو دووی کەوت پارەکەی بەهاواری دێ ؟ نا .. مەگەر ژوورەکانی بەسەری‌کەنەوە .. خۆ ئەوان دەستو پەلیان نیە ..

٢

وەبیرم نایە لە کەیەوە ئەم ئاوێنەیەم کڕیوە .. لە هەموو ئەو ئاوێنایە چاترە ، یان جوانم دەنوێنێ ، ئەگەر چرچێك دەکەوێتە سەری دەمەوێ .. پانی کەمەوە .. بەڵام خۆڕاییە ! بەم مووکێشە دەکەومە هەڵکەندی مووی ناو لووتو گوێم .. ئاوم لە چاوان دێ . . ئێوارانە .. تاریکی دەڕژێتە بەر دەممەوە ، لە تاریکیدا جوانو ناشیرین وەك یەك دەنوێنێ .. هەستامە بەردەمی حەوزەکە فنگێکم کرد .. بەکێکی‌تر خەریك بوو لووتم بێتە دەرێ . . ئەستێرەیەك دەکشێ لەناو شەودا دەکوێتەوە دایکم دەیوت کە ئەستێرەیەك دەکشێ یەکێك دەمرێ .. ئەستێرە کشانم پێ ناخۆشە ..

بەرمالەکەت یان دەکەیەوە .. فریشتەکان لەبەر دەمی بەرمالەکەوە هەڵدەفڕن و دەنیشنەوە . . بەڕووتی لەو ئاوە بەهەشتینەدا مەلە دەکەن .. لە خوا بەولاوە کەس نەبینون .. گوویان ڕانەکێشاون .. بەسەر شانتەوەن و گولونکەی جامانەکەت بە بەرەنگوڵکەی گواوەی واز دەبزوێ چیەی بەریان بەرگوێت دەکەوێ .. ناتوانی دەری ببڕی ، سلاوی نوێژەکەت دایەوە دەستو پەلت پڕ کرد لە فوو .. بەسەر شانو ملتا نزاکان هەڵفڕین .. دەڕوانیتە بن میچە کە .. ڕادەکشێی دات خنتوورە دەکا وەك بڵێ : (ئەو دارانە جار هەیە دبارن و جاریش هەیە دادەپۆشرێن .. لە تەون دەردێن .. ڕۆژێ ئەو تەونە دانەگەرێ زەفەر بەخەو تووییم بێنێ .. پێم وا بێ منیش بەرچیفێکم دەبێ لە تەون بدرێم .. خۆ کەس پێم ناڵێ خۆ لادە .. ئەم زوورە هەناسەو دەنگی منی لێ بۆتە تۆو .. پێم سەیرە شین نابن .. سی ساڵ لەمەوپێش خوێنێکی دیکەم تیدا دەگەڕا .. حەپسە . . ئەوە ، ئەو نییە ، چاوم شنی ورد دروست دەکا وەك پەیوولە پایزەن و زۆر بجووکن .. بەهەزاران دێن و بەرز دەبنەوە .. کچێ حەپسە .. ئاوێ .. ئا .. منداڵەکان دانێو بەتەنی وەگەڕێ .. کەسی وا نەبوو ئەو نهێنییەی لابدرکێنی . ئێوارانە لەسەر ئەو بەردە پانە ڕادەوەستای‌و چاوەڕێ بووی .. دەهات خێلەبەکت لێدەکرد .. ئافرەتێکی کەلەگەت و دامەزراو بوو پڕی دەمت لە فوو ...دەنگ نا .. خووەکە دەگەیشتە حەبسەوسەری پێ‌هەڵدێنا .. ئەوە قنیاتی تۆ بوو .. بات دەدایەوە .. ئیتر بۆ نی گیابەندی بەریشتینەکەت دەکردو .. هێشتا نەهانبووبە دنی (ب) .. براکانت یەك لە دوای یەك کەم دەبوونەوە. براگەورەکەت مابۆوە . . ڕیشێکی تۆپی بەردابۆوە .. براژنت زۆری ماندو دەکردی. هانیە ئەوەی با خۆش بی .. براکانت کە ڕۆیشتن بەتۆیان نەگوت بۆ کوێ دەچین . . بەڵام کاتی کاروانیەکان گەڕانەوەو براکانتی لەگەڵدا نەبوو گریای زۆر گریای .. براژنت هاتە وێزەت ، کوێت دنشێ ..داڵو بابی خۆت نەدیبو ، ئێستاش نازانی ڕەنگیان چۆن بووە .. دوایە تێگەیشتی براکانت لە سلێمانی گیرساونەتەوە .. خۆت پێ‌نەگیرا گەیشتییە سەر چۆمی کەلوێ .. یەکەم جارت بوو گۆڕستان بەو سارد‌ییە ببینی . . لافی مردووەکان لە گۆڕهاتبوونە دەرێو سەگەڵ لە گۆڕستانەکەوە بوو بوونەوە. سڵت کرد .. سەر کاروانچی وتی لەوەی دەچێ فریای ناشتن نەکەوتبن .. بە دزییەوە هاتنە ماڵی یەسراکانت . . تەبەقە خورمات دەگێڕا ..تا سەرت ڕووتایەوە ..دەڕوانیتە درەختە پڕ سێبەرەکەی ئەو بەر .. داوی جالجاڵۆکەی لێدەبێتەوە .. وە دوو مەردمەکان دەکەوێ . . ئافرەتەکان دێن و دەڕۆن . . هەرچەندی دەکەی‌و دەکرێنێ ناتوانێ هاوڕێیەك بۆ خۆ وەدۆزی .. یان هەر نەبێ ئەوەیان تێبگەیەنی کە ئافرەت لە تکە ئاوێکی حەرام کەوتۆتەوە .. زۆر لەمێژە ئەو قاچانەی تۆ ئەو سەرزەمینە دەتەقێتەوە. مێشکی تۆ کارگەیەکە هیچ دەرناکا .. خەڵك پێیان سەیرە خاوەن کارگەکەی نەخستۆتە سوالێ ، پەنجەکانت دەخەنە ناو بەستە سوورو شینەکانەوە .. دەیانبژێری‌و دەیابژێرێتەوە .. ئاوران لە پەنجەرەکە دەدەیەوە .. تەقەی سمی وڵاخە سەر شێنەکانی کۆڵان چزە لە دبوارەکەوە دێنێ ..رادێکەت دەکەیەوە پێکەنینێکی ناقۆڵا ئاڕژێتە ژوورەکەتەوە ..دەنگی لێ بەرز دەکەیەوە .. گۆرانییەکی ئابینیە تاروومەتەت گەرم دانەیە .. چاوت تەپ نەبن کۆڵ نادەی .. جا سەر دەنێیتەوە .. لەم خانووە چۆڵەدا بەتەنهای .. پێت سەبرە دیوار وە زمان نایە ! گوێ بگرە ، ئاشەکەی پەناتان مزەی نەماوە دەیانەوت بیخەتە دۆڵیانی ئاشەکەوە .. هاوارت لێ‌پەیدا دەبێ . . دەستت ئاگاتەوە خۆت . . سەوتوڵە بەدیوارەکەدا دەووسێن .. لیك بەلافاواندا دێتە خوارێ ..دەیوبیت دەنگیاندا .. تاڵەکانی گەرووی‌مانیان گرتووە . . جاوەکانی تا دەهاتن ڕێ‌بینیان کورتتر دەبوونەوە .. تا بەسەر جانتاو کڵۆمی دەرگاکەدا داخرا تەنانەت ئەوەی لە بیرچووبۆوە شایەتمانێکی بەهەق بێنێ ..

شریخەی شکانی ئاوێنەکە هتنایەوە سەرخۆ .. لەتو کوتەکانی بەسەرکردنەوە . نەیدەزانی بۆ چ لەگەڵ وردە شووشەکاندا وا جۆش دراوە جوێ نابێتەوە ..

جەزا عەلی ئەمین



شیعری : ئۆزقالدۆ ئەلکنترا
نوزاد احمد اسود
کردوویەتی بەکوردی

شاعیرێکی زنجی‌یە لە قولەڕەشەکانی ئەفریقیاو لە ساڵی «١٩٠٧» لە شاری «سان بیکۆلای» لەدایك‌بووە ، لیسانسی لەیاساو ئەدەبی ڕۆمانی وەرگرتووەو ، بەیەکێك لە دامەزرێنەرانی بزووتنەوەی –ڕوونکردنەوە –دادەنرێت‌و، چەندەها ووتاری نووسیوە دەربارەی بنچینەی ڕۆشنبیری لە (ئەرخەبیل) . هەروەها ڕۆمانێکی بە ناوی «شینیکۆ» لە ساڵی «١٩٤٧» بەڵاوبۆتەوەو ، کتێبێکیشی داناوە لەسەر دیالێکتی کریولی لە دوورگەی –راس الاخضر – لە ساڵی (١٩٥٧). ئێستاش بەڕێوەبەری قوتابخانەیەکی ئامادەیی‌یە لە دوورگەی–الراس الاخظر– لە ئەفریقای خواروو .

دایە .. ئەی خاك
هاتووم لە تەنیشت نوێ‌بکەم
وا ڕۆڵەکەت هاتەوە ،
لە پێناوی تۆدا .. لەیەزدان داپاڕێتەوە
لە پێناوی ئەو ڕۆڵانەی ئاوارەی ،
سەر ئەم خاکە ڕەشە قوربانی‌یەی تۆن ..
دایە .. ئەی خاك
دایکە بچووکەکەم بنو، بنو ..
ئەمجارە بۆ کچە خانمەکەمان بنوو ..
کە پێلووەکانیشت هەڵهێنا ،
نە لە من‌و نە لە ڕۆڵەکانی تریش مەتۆرێ ..
ئێمە ڕاهاتووین‌و زوو زوو ماڵئارایت لێدەکەین . .
دایکە بچووکەکەم
ئەمەوێ نوێژەکەم بکەم‌و
کەچی ناتوانم
نوێژەکەم وێڵ‌بووە ..
لەناو ئەو ئەشکانەی بۆ خەمەکانت دەگرین
بۆ هیواکانت دەگرین ،..
هیوای بوونت بە چاووکی ژیانمان
دەتگرێتێ .. لەبەر ئەوەی هیچت پێ‌ناکرێ
دایە .. ئەی خاك
پێیان ووتم مردووی‌و
لاشەکەتیان لە توێی کفنی باراندا پێچایەوە ،
ئای .. چەند گریام ..
تۆ هەمیشە زیندووی لە دڵماو ..هەست بە
بوونت دەکەم
هەست بە بێداربوونەوەت دەکەم‌و ،
هەستدەکەم هەردەم وێڵی دوای پاروو نانێکی
بۆ دەمە بچووکەکانمان . .
هەست بە ووشە بە سۆزە لەبن نەهاتووەکەت دەکەم
کە بێ‌ئارامی ئێمە پێدەبەخشێ .

× ● ×

دایە .. ئەی خاك
گەلێ گەڕام بۆ گۆڕەکەت
نەمدۆزی‌یەوە ..
پاشان .. لە سەختی خەم‌و ڕاڕایمدا
هەواڵی مەرگتم بیست ،
لەهەر پارچەیەکی ئەم زەوی‌یە کفن‌و دەفنیان بۆ کردی.
منیش لە گوێی ڕووباردا
بەڵەمێکم گرت‌و .. گەشتم کرد ،
بەرەو دوور گەشتم کرد ..
تۆ هەرگیز نامری
وانی‌یە دایکە بچووکەم ؟
تۆ تەنها نووستووی‌و
سبەینێ هەڵدەستیتەوە
ئەوسای کە لە گۆڕ دەردەچێت
سەبەتەکەم هەڵدەگرم‌و
دوای هەڵگاوەکانی تۆ دەکەوم . .
تۆش ئەو کاتە پێدەکەنی ،
بۆ هەموو ئەو گەلانەی پیرۆزبایت لێدەکەن ،
پیرۆزبایی لە ئێمە دەکەی ...
منیش ئەوسا دایەگیان
بە خوڕەی سۆزەکانت خۆم تێردەکەم ..

× ● ×

دایکە بچووکەکەم ..
کەمێ هەستەو
بواری ڕۆڵەکەت بدە
لە تەنیشتت بنوێ .

★ لەکتێبی (الشعر الافریقی باللغة البرتغالیة)
–ەوە وەرگیراوە .

Institut kurde de Paris

پاشماوەی دەقی وتارەکەی سەرۆکی فەرماندەلە قەزای « بلد »

دەڵێم ، بەڵکو هەمروو عەرەبێکی دڵسۆز کە خاکی نیشتمانی عەرەبی خۆش‌بوێت ، لەگەڵ ئاوو ئاسمانیدا ، ئەم مەزنە بگرێت ، ئەمەیە هەڵی مێژووێتان ، ئەی ڕایان پێتانی دەڵێمو لە ڕێگای ئیوە شاوە بە هەموو عیراقیەکی دەڵێم ، بەڵکو بە هەمموو شۆرشە بە تەنیا هەر بۆ عیراقیکان نی‌یەو بەس ، ئەو بۆعیراقیکانە لە بنیات نانی بنکەیەکی بەتین‌دا کە لە ڕێگایەوە خیراتی دەبەخشێتو بیرو باوەڕی بۆ هەمووو پاڕچەیەك لە خاکی نیشتمانی عەرەب پەخش دەکا .

ئەمەیە هەلە مێژوویەکەتان، وەلە ڕێگای ئێوەوە هەڵی هەموو نەتەوەی عەرەبە لە دەستی مەدەن ، ئەگەر ئەم هەلەتان لە دەستدا ، هەموو خولەکەتان لێ ئاوا دەبێت ، « وەلێتان زیز دەبێت» نەك هەر تەنیا ئاوهەوای عیراق ، بەڵکو هەتا قیەمی ئاسمانتان (لێ زیز دەبێت) ، کاتێك دەڵم لە دەستی مەدەن ، من دەزانم کە ئێوە لە دەستی نادەن ، چونکە ئێوە ڕانەوانانو دروستکەری ئەم شۆرشەن، شۆرش لە دەرەوە نەهێنراوە ، شۆرشی بە ژانی سکی نەتەوەی عەرەب هاتۆتەکایەوە ، لە بیروباوەڕو نەرێك خستنو نە سەرکردەکانی لە شوێنێکی ترەوە نەهێناوە ،لە خاکی عیراقدا خولقاوەو لە خاکی نیشتمانی عەرەبدا ، وەلە وێوە داری ئالابڵند هەڵکراوە کە ئەوەیش عیراقی نوێیە . بەڵام ئەم قسەبە دەکەم ، کاتێ دەڵێم هەلە مێژوویەکەتان لە دەست مەدەن ،مەبەستم ئەوە نی‌یە کە لە عیراقدا شۆڕش لە دەست مەدەن، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە هانتان بدەم بۆ ئەوەی هەلەکە لە دەستنەدەن ، بۆ ئەوەی شۆرش بیروباوەڕو حیروتواناو نەترسی پەخش‌کات ، بۆ ئەوەی لە هەموو شوێنێکی نیشتمانی عەرەب بارزگاری لە کەرامەتی عەرەب بکەین ، وەبۆ ئەوەی سیندرێتەوەو رابەری ئەوانە بین کە خاکی زەوتکراو بۆ نیشمانی عەرەب ونەتەوەی عەرەب دەگێڕنەوە . گەلی عیراقمان هەموویان بوونەتە بەعسی ، ئەوەی لە حزبداڕێکخراوە یا ئەوەی ڕێکنەخراوە بەعسیە ، بەڵام ئەوەی دەمانەوێتو داوای دەکەین حماسەتێکی بەتوانستی چەك هەڵگرتن نی‌یە بۆ بەرگری‌کردن لە خاکو شەرەفو بیروباوەڕ، چونکە ئێمە لەوە دڵنیاین ، بەڵام ئەوەی دەمانەوێتو داوای دەکەین دڵسۆزبە لە کارکردنداو وردبە لە ئیش‌کردنداو ڕێزگرتنی ئارکەکانی سەرشانە وەکاتێ عیراقیەك دەبینێت عیراقیەکی تر لە کارەکەیدا کەم‌تەرخەمی دەکات پێویستە ڕێنمایی بکات ، وەپێویستە ئاگاداری بکات ، وەپێویستە پێی بڵێت کە چاك وایە گوێ بەکارەکەی بدات . وەلەم مەیدانەدا دروشمی ئێمە ئەوەیە ئەوەی وردە کاربرو بەتەقەللاتر بێت لە کەسانی تر پێش‌کەسانی‌تر دەکەوێت ، هەر کەسێك دڵسۆزتر بێت بۆ نیشتمانو نەتەوەو گەل پێش‌کەسانی‌تر دەکەوێت ، هەر کەسێك دەست پاکتر بێت پێش‌کەسانی‌تر دەکەوێت ، وە لە ناو ریزەکانی ئێمەدا جگە لەو کەسانەی دەست پاکن جێگای تەمەڵو تەوەزەڵو ئەوانەی تێدا نابێتەوە کە قایل بوو بەوەی بێگانە ڕێنمایی بکاتو بوویتە کۆیلەی ، چونکە ئێمە ڕێگا نادەین کە بکەڕێنەوە بۆ ئەو کوێرەوەری‌و کۆیلەیەتی‌یەی لەمەوبەر باوباپیرانمانی تێدا دەژیان ، ئێمە سوورین لەسەر ئەوەی بمانی عیراقێکی بەهێزی کەشەکردووی بەتوانا بنێین ، عیراقێك کە هەموو بە بەختیاری تیابدا بژین‌و خەندە بەڕووی هەمرو منداڵیکەوە بینرێت ، عیراقێك گە زۆرداری‌ی بۆ هەتاهەتایە تیا ئنە بڕکرد بێ .

پێش چەند هەفتەیەك لە بازاری عیراقیدا میوەجات کەم ببوەوە لەبەر چەند هۆیەك کە بەیوەندی بە ئاووهەواوە هەیە ، ئێوە ئاوو هەوای ئەمسالتان بینی کە ئاورهەوایەکی چەندە زۆردارببو ، وەبەهۆی شنی‌ترەوە ، بەڵام ئێمە وامان لە عیراقیکان ڕانەدەبینی ، وامان تێڕانە دەبینین کە ترێو شووتی بیان بەزێنێت ، ئەوە عەیبە ، ئێمە وامان ڕادەبینی کە عیراقی دەتوانی ئووسالو سێوچوار دان بەخۆدا گرێت بۆ ئەوەی بەتوندی کۆمەڵی نوێ بنیات بنێت ، لە ژێر سایەی ئەم بیروباوەڕەدا چۆن قایل دەبن ئێوە لە کاتێکدا دەتوانن گەورەترین لەشکری دەستدرێژکەر بۆ سەرخاکتان ببەزێنن کەمی میوەجات لە بازاردا بتان بەزێنێك ڕەقایل دەبن کە چەند کەسانی دەروون لاواز هەمە جۆرپڕو ئاگاندە بکات ئایا ئێوە بەوە قایل دەبن ئێوە وەك عیراقی مس ئەم پرسیارەتان لێدەکەم بەوە قایل دەبن . ؟

کەواتە ئەی برایان کاتی ڕووداوێك دەبینین پێویستە بینینە بەر ڕوانگەو ڕەخنەی لێبگرین‌و لێی بە ئاکادار ببینەوە ، بەڵام نابێت یان بەزێنێت ، پێویستمان بەدان بەخۆداگرتن هەیە ، دان بەخۆدا گرتنمان دەوێت، چونکە بەبێ سەبر گرتن کێشەی ژیان لە ئاستی لایەنێکو لایەنێکی‌تردا ئەوە کێشەی چەند ئیرادەیەکە ، هەتا وەکو شەڕکردن لە نێوان سوپایەکی تردا پشت بەوە دەبەستێت کە کام لایەنەیان خواستی بەهێزترە لە لایەنەکەی تریان، پێش ئەوەی‌تر بێ‌هێزبێت دەبەزێت ، لایەنەکەی‌تر سەردەکەوێت ، کێشەکەمان بەو چەشنە دەبێت لەگەڵ زایونی دوژمندا ، کێشەیەکی توندوتاڵو درێژ خایەن دەبێت ، ئەو ڕۆژ دێت کە زایونی دوژمن تا وەکو بۆمبای ئاتۆمی دژی نیشتمانی عەرەبی‌و نەتەوەی عەرەب بەکار بهێنێ ، بەڵام دەبێت وەك عەرەب لە هەموو لایەك نەخشەبکێشین ، وڵێرە لە عیراق نەخشەی ئەوەو بکێشین کە لەبەردەم ئەو کە هەموو پێویستی‌یەکی سەرکەوتن بەسەر دوژمندا بحولقێنین لە پێناوی سەندنەوەی خاکی پیرۆزمان لە فەلەستینی خۆشەویستدا .

لەم مەیدانەدا ئەی برایان دەبێت ئەوە بڵێم کە ئەرکی ئەستۆمان تەنیا لە چوارچێوەی عیراقدا نی‌یە ، ئێمە بەبەر پرسیارین لە هەمووو ستەزەویەکی خاکی عەرەب ، و ، ئێمە بەرپرسیارین لە کەرامەتی عەرەبی لە هەر شوێنێك بێت ، پێویستە لەسەرمان ئەو پێویستیانە ئامادە بکەین کە لە ڕێگامانەوە مانای ئەم سیاسەتە بۆی‌بە بە موفرەداتێکی زیندووی نوێ لێك‌بداتەوە ، پێویستە کە بێتان بڵێم کە هەرچەندە لە ناو نەتەوەی عەرەبدا سەرشۆڕو ترسێنۆك دەرون لاوازو بێتوانا پەیدا ببێت ، توانای نەتەوەی عەرەب بەهێزترە ، وەسەرکەوتن لە شەڕدا لە ڕۆژەوە دەست پێناکات کە بانگەوازی شەڕی تیا دەدرێت لەبەردەم ئێوەدا وەلە ڕێگای ئێوەوە بۆ هەموو عیراقیەك وەبۆ هەموو عارەبێك لە دەرەوەی عیراق کە ئێمە بەوە فادەبین بۆ بیروباوەڕو و بەو چەشنە دەبین کە ئێوە تیمان ڕادەبینن،وەپێتیان دەڵێین وەك باپیر لەمەوبەر بۆی وتن ، پێش سەدان ساڵ ئەگەر خواریتان تیادا بینین بە شمشیترەکانتان ڕاستمان کە نەوە ، بەڵام ئەگە خواریمان تیادابینین لە هەمان کاتدا ئەگەر لە هەر جێگایەکی خاکی عیراقدا خواریمان بینی دوو دڵی ناکەین لەوەدا بە شمێترەکانمان ڕاستی بکەینەوە ئەوەیە مانای بەر پرسیاری سەرکردایەتی‌یە .

پێتان دەڵێین ، بەشەرەفەوە کاردەکەین ، وەبە ئەمانەتەوە بۆ بەختیاری عیراقیکان کار دەکەین ، وەپارێزگاری کەرامەتیان بکەین‌و پارێزگاری شەرفیان بکەین‌و خاکەکەیان بپارێزین وەلە جێگای سەرکردایە تیمانەو بە ختیاریان بۆ بخولقێنین‌وە بەرگریان لێ بکەین لە هەر لایەك پێویستی بکات بەرگری لە خاك‌و ئاسمان‌و ئاوو شەرەف کەرامەت‌و مولکیەت ، بەڵام دەمانەوێتو واتان لێرادەبینین کە هەریەکە دەدەوان بێت بەسەر خودی خۆیەوە بەسەر کەسانی ترەوە لە پێناوی دڵسۆزی بۆ کارو لە پێناوی وردی لە کاردا . بەڵێتتان دەدەینێ کە هەموو مەداڵیکی عیراقی بهێنینەوەو وای لێ دەکەین کە هەموو منداڵە عیراقی‌یەك دواڕۆژی زەمن بێت ، بەڵێتتان دەدەینێ کە ڕێگا نادەین بە ئەوەی جارێکی‌تر ڕۆژداری ڕوبدێتەوە خاکی عیراق .

داوای سەرکەوتنتان بۆ دەکەین ئەی بە ڕایان ، سڵاومان بگەیەنن بەڕۆڵەکانی بەلەدی خۆشەویست لە هەموو جێگایەك لە شارەکەدا دنیاتەکان لە شارەکەدا سڵاویان لێبکەنو سڵاوی خۆتان لێبێت .

سوپاس

سوپاسی هەموو ئەوزاتانە دەکەین کە هاوبەشی پرسەمان بوون چەبەنامەو بروسکەو هاتنیان لە بەسراو بەغداو هەولێرو هەمەو بارێزگەی سلیمانی . بەبۆنەی وەفاتی حاجی مەلا عبدالرزاق ماوەتی .

برای خوالێخۆشبوو
عبد المجید ملا حسین ماوەتی
لە ماوەت

چیرۆکێکی « پاشماوە »

بۆچی ئەوهابێ دەڵگە ؟ بانێی نریك بیم لەوانەیە ئەوریش وەکو من پڕە لە مەترسی .. نا .. بەوە ناچێ .. ئەو هەردوو چاوی لێم زەق ەڵکا .. ئەمڕێنێ میاو .. میاو .. دانەکەکانی وەکو کومەڵێك چەقۆی ووردو سپی دێتە بەرچاوم چی بکەم ؟ بگەڕێوە بۆ سەرینەکە .نا .. نا نەکەی پشتی تێ بکەی .. چاوت بدەرە چاوی .. بەڵام .. بەڵام پێم ناکرێت بیەکانم زۆر قورسە .. بۆم هەڵ ناسێ .. هەموو لەشیشم ئەلەرزێ. هەردو ودەستەکانی ئەحەقێنێ لە عەرد .. و .. ئاخ .. نا . نا هەروەکو گوللەیێك بێت لە تفەنگێکەوە دەر بچێت بازدێکی گەورەی دا .. ئاخ .. بە هەر دوو دەستم.. دەمو چاوم شاردەوە بەڵام خۆم بۆ ڕانەوێستێنرا.. ئەرب کەوتمە سەر کاشیە ڕەقکە .. ئاوێکی گەرم بەملما هاتە خوارەوە .. ئا .. گوێیەکمی ڕفاند .. بە زۆر بەشۆکاوی‌یەوە دەستم برد بۆ گوێم..کە بینیم هەردووکیان لە جێگەی خۆیانن دڵم پڕ لە خوشیەیکی ڕاستەقینە بوو .. ئەی کە وابێ ئەم خوێنە هی چیە ؟ گوێم لە قاقای پێکەنێنێك بوو .. کە ئاوڕم دایەوە نەسرینم بینی پشمیلەکەی گرتۆتە باوەشی‌و لای دەرگاکە ڕاوەستاوە پێ ئەکەنێ .

– من بانگیم کرد . بەڵام پێکەنینەکەی لە پر بڕی‌و بەترسەوە هاواری برد بۆ دایکم : ئای .. دایە .. کاکەم سەری شکا . دایکم بە پەلەو پەرۆش هاتە ژوورەوە.و باوەشی بۆم کردەوە خۆم فڕێدایە باوەشی‌و هەستم کرد بە ئارەزوێکی قووڵ بۆ گریان .. بە دەنگێکی پڕ لە خەم ووتی ئای .. ڕۆلە .. بۆ ئەوەنە بێ دەسەڵاتی ؟ بەدەم گریانەوە وتم : وام زانی گوێمی فراند ..

– گوێت ؟ ؟

ولامم پێ نەدرا .. قوڕگم زیاتر پڕ بوو لە گریان‌و بە تەواوی دەنگمی خنکان .. پێم نەکرا هیچ بڵێم .

زیاتر منی نووسانەدە خوێەوەو وتی :

– مەگری .. ڕۆلە .. مەگری .. لەمەودوا کە ئەتەوێ شتێك بکەی بیر لە شتی ئاچرو بچر مەکە .

هەرچارەی نووسینێك «پاشماوە»

● « لایوش کاشاك » ی هەنگاری لە شیعرێکیدا دەڵێ :

ئەوا مامۆستای ماتماتیك ،
بە زمانی یەکەو ژمارە دەدوێ
بەڵام چونکە من شاعیرم
بە زمانی شیعر دەدوێم ! .
کوڕگەل با بۆ چەند حوولەکێك واز لە
شاعیریەتەکەمان بهێنینو بە زمانی ژمارە بدوێین .

● ئەرێ تا ئێستا چی کراوە بە کوردیو وەرگێڕەکانمان کامانەن ؟

کە لەم باسە دەدوێم ، بە دەست خۆم نی‌یە ، هەناسە سارد‌م ، چونکە تا ئێستا ئەو بەرهەمە ئەدەبی‌یە جیهانی‌یانەی کە بە کوردی خوێندومانەتەوە ، لە پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکەنو ژیانیش ڕاناوەستێ .

ڕەنگە زۆران کەس لێم ڕاست ببێنەوەو بڵێن ، ئەدی ئەوە نی‌یە زۆربەی بەرهەمە ئەدەبی‌یە جیهانی‌یەکان بە عارەبی دەخوێنینەوە !؟

برای شیرینم کەمێك هێمن بەو مەبەستم تۆ نی‌یە ، من باسی ئەو خوێندەوارانە دەکەم کە تازە لاونو خەریکی گاگۆڵکێن . دەکرێ ئەو خوێندەوارانە چاوەڕوانی ئەوەبن داخوا کەی بە یارمەتی کیسەڵ فێری زمانی عارەبی دەبن‌و دەتوانن پێی بخوێننەوە !؟.

ئەگەر مەسەلە زانینی زمان بێ لە لایەك کۆمەڵێك کۆمەڵێك ڕۆشنبیرەوە ، دەبوایە هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی وەرنەگێڕدرێتە سەر زمانی عارەبی ، چونکە زۆربەی ڕۆشنبیرانی عارەب ، بە تایبەتی لە لوبنانو میسرو وولاتانی مەغریب دا زمانێکی بێگانە دەزانن‌و کاری خۆبانی پێ مەیسەر دەکەن .

بەڵام ،باس باسی خەڵکەو مەبەست کەمینە نی‌یە !

● ئەوانەی زمانی بێگانە دەزانن کێن‌و تا ئێستا چی‌بان کردووە ؟

ڕەنگە دە پازدە کەس هەبن . بە باشی زمانی ڕوسی بزانن‌و هەندێکیش لە وان بڕوانامەی بەرزیان وەرگتووە – لە وەش ئاگادار بن کە وەرگێڕان بە بڕوانامەو پایە نی‌یە ، بەڵکو زۆرتر کارێکی یەك تەنی‌یە –

ئەوانە تا ئێستا لە دوو سێ کتێبێك بەولاوە شتێکیان وەرنەگێڕاوە ، خۆ لەو دوو سێ کتێبەش دوویان وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عارەبی‌و خوێندەواری کورد سوودی لێوەرنەگرتوون .

ئەوانەی مزانی – فارسی‌و تورکی‌و فەرەنسی – دەزانن لە دوو سێ کەسیان بەو لاوە ، کارێکیان ئەنجام نەداوە ، کە شایانی گووتن بێ ! .

ڕەنگە زۆرتر قسەمان بە سەر ئینگلیزی – زانەکان دا بڕوا ، چونکە ئەوانەی ئەم زمانە دەزانن زۆرترین‌و بەرهەمی زۆرتریش بەم زمانە لەبەر دەست دایە . ئەوانەش تا ئێستا لە وەرگێڕانی هەندێ شیعرو کورتە چیرۆکو بەرهەمی منداڵان زیاتر ، کارێکی دیکەیان ئەنجام نەداوە .

● ئەگەر بڵێم تا ئێستا لە لای ئمە وەرگێڕان لە قاوغە تەسکەکەی خۆیدا دەرنەچووەو نەبۆتە خەمی بێ خەمان . هەن دەڵێن ، کە دەست دەدەینە وەرگێڕانی ڕۆمانێك ، شانۆنامەیەك ، یاخود باسێکی زانستی ، سەدان گیروگرفتمان تووش دەبێ . لە هەمووان ناخۆشتر ئەوەیە کە زاراوەی پڕ بە پێستمان بۆ گەلێك ووشە لە بەر دەست دانی‌یە .

گیروگرفتی دیکەش کە ڕەنگە وەك هۆیەکی سەرەکی لە ڕێگای وەرگێڕەکان دابێ ، ئەوەبە ، ئەگەر یەکێك بەرهەمێکی ئەدەبی وەرگێڕا ، کێ بۆی چاپو بڵاو بکاتەوە ؟ .

من دەڵێم ئەم قسانە ڕاستن . بەڵام ئایا هیچ کارێك لە خۆڕا ئەنجام دەدرێ ؟ مووچەسەو کارکردن ، کەمو کورتی ناهێڵی وووشەی لەبار دەدۆزێتەوە ، وەئەستۆ گرتنی چاپو بڵاوکردنەوەی ئەو کتێبە وەرگێڕ – دراوانەش لە لایەن دامودەزگا کوردی‌یەکان لە جێگای خۆیدایە .

● ڕەنگە هەندێکی دیکە بڵێن ، وەرگێڕان خەریکە پێش دەکەوێ ، ئەدی ئەوە نی‌یە چەندان کەس خۆیان بەم کارە خەریك کردووە ؟ .

کارێکی بە جێ‌یە ، جار ناجار لە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردی‌یەکان بابەتی وەرگێڕدراو دەخوێنینەوە ، بەڵام کاکی خۆم مەسەلەیەکی کوردی خۆمان هەیە دەڵێ :

« بە هەزار دەرزی گاستێکیان تێ نابێ »

● لە وانەیە لێرەشدا هەندێکی دیکەم لێ ڕاست ببێنەوەو بڵێن :

دەنا خۆ دەشڵێن :

« ڕێگایەکی هەزار کیلۆ مەتری بە هەنگاوێك دەست پێدەکا ! » خۆیەتی .... من هەڵیەی ئەوەم نی‌یە ، ئەو ڕێگا هەزار کیلۆ مەتری‌یە بە ماوەیەکی کەم ببڕین بەڵکو من دەمەوێ هەتا زووە هەنگاوی یەکەم بهاوێژین ! .

کتێبی « پاشماوە »

دەدرورێم – دەبێ ئینسان چۆن بەدروری ، چ بەرگدرویەك بەو کارە هەڵدەستێ .

دەچنرێم – ئەرێ چ کەسێ وەك تەماتە یاسەوە تەو نانەشانە دەچنرێ .

گێڵرام – چۆن مرۆڤ دەکێلرێ ؟ کەی دارشتنی وەها لەزمانی کوردیدا هەبووە ؟ کە لە کاتێکدا کێڵان بۆ زەوی‌و زارە

وەگەڵێ نموونەی دیکەی لەو بابەتە .

یان هەندێ نموونەو شتی وایان هێناوەتەوە کە لە دووەو لە کوردیدا تا ئێستا وشەو نموونەی وەها لە ئەو نموونانەش وەك :

مەنطیق‌و کاروباری ڕۆژانەو بەکارهێنانی زمانی کوردی، بە ڕستەدا بەکار نەهاتووە .

((ماوێتی))

بۆزانین

ڕادەگەیەنین بۆ جەماوەری خۆشەویست کە پوولێکی بۆی‌ی دارایی (١٠) دە دینار بایی دەکەوێتە بەردەستیان بۆ ئەوەی بەکار بهێنرێت ئەگەل پوولەکانی تر کە هەن ، شێوەشی بەم جۆرەی خوارەوەدەبێت : –

١ – پوولێکی (–/١٠) دەدینار بایی (ئاسایی‌یە)

لە ناوەڕاستی پوولەکە وێنەی شێری بابل هەیە ولە سەرەوەی دەستەواژەی(کۆماری عیراق) نووسراوە وەلە خوارەوەشی دەستەواژەی پوولێکی دارایی وەلە لای خواری‌یەوە زمارەی (١٠) هەیەو لە لای خواری چەپی‌یەوە وشەی دینار نووسراوە ، ڕەنگەکەشی ئەرخەوانێکی کاڵ دەبێ‌و شێوەشی درێژە دەبێ‌و دەوری‌یەکانیشی (ابعاد) ٢٥ × ٣٠ ملم دەبێت .

٢ – پوولێکی (–/١٠) دە دینار بایی (باجی هاتوچۆکردن)

ئەم پوو لە هەر بەوجۆرە دەبێ کە لە بڕگەی سەرەوە باسی لێکراوە ،زیاد لەمەشی بەدەستەواژەی باجی هاتوچۆکردن خەملاوە.

وەزیری دارایی
عبدالکریم محمود حسین

بۆزانین

لە پرۆژەکانی نەخشەی پەرەپێدانی ئەتەوایەتی – بەرنامەی ڕەنیوهێنان – ئەمینداریەتی گشتی کاروخانەسازی فۆنتەراتی نهێنی ژمارە ١٥–٩٧٩ بۆ دروستکردنی خانەی مامۆستایان هی کوڕو کچان لە سلێمانی‌دا . ڕادەگەیەنین کە فۆنتەراتێکی نهێنی‌مان هەیەو بەم مەرجانەی خوارەوەیە :–

١ – دەتوانرێ کۆمەڵە نبستمارەی مەرجەکانی ئەم بەرنوەبەرێتی‌یە. یاخودلە بەرنوەبەرێتی کاری بارێزگای سلێمانی بە (–/٢٠) بیست دینار دەست بکەوێت کە نادرێتەوە بە مەرجێك فۆنتەراتچی مەرجەگشتی‌و موئەسەفاتە هونەری‌یەکان بگرێت کاتێك ئەوەی فۆنتەراتەکەی دەکەوێتە ئەستۆ .

٢ – دوا ماوە بۆ پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان لە یاپێش کاتژمێری دوانزەی نیوەڕۆ ڕۆژی یەکەممە ڕێکەوتی ٢٨–١٠–١٩٧٩ دەبێتو دەدرێت بە سکرتێری لێژنەی کردنەوەی کردنەوەی تەندەرەکان لە مەلبەندی ئەم ئەمینداریەتی‌یەدا .

٣ – ئەمانەی خوارەوەدەبێت لەگەڵ تەندەرەکاندا هەبن : –

ا بارمتەی سەرەتایی بە «ر.٨٠٠» دەهەزارو هەشت سەد دینار لە شێوەی کە حالەتی بانق یا لە شێوەی پەکێکی مۆرکراو بۆ ماوەی نەش مانگ لە ڕۆژی‌داخستنی فۆنتەراتەکەوە بەکار دێت .

ب – پێناسی ژووری بازرگانی لەگەڵ بەلگەنامەیەکدا کەلە بەرنوەبەرێتی باحی داهاتەوە دەرچووبێتو بۆ ئەم ساڵ تازەکرابێتەوە .

ج – بەرنامەی ئەو کارانەی فۆنتەراتچی‌یەکان بەلەی حەوتەم بۆ ئەوەی بە پلەیەك لە فۆنتەراتەکە بەشداری بکات کە لە پلەی ئەوی بەرزتر بێت .

٤ – هەر تەندەرێك لە کاتی دیاری‌کراوی خۆیدا پێشکەش نەکرێت بان هەموو مەرجەکانی تێیدا نەبێت پشتگوێ دەخرێت .

٥ – ئەم بەرنوەبەرێتی‌ی بەوەوە بابەند نی‌یە تزمترین تەندەر لە ڕووی نرخەوە یان هەر تەندەرێکی تر قبووڵ بکات .

٦ – هەر ڕۆژێکی دواکەوتنی کار «٤٠» چل دینار سزا دەدرێت .

٧ – ماوەی بەجێهێنانی تەندەرەکە شەش مانگە لە ڕۆژی پێشکەش‌کردنی تەندەرەکان .

٨ – پێویستە فۆنتەراتچی‌یەکان تەندەرەکانیان لەگەڵ نەخشەکانیاندا بهێننەوە ، نەخشەکانیش تەنیا دەدرێتە ئەو فۆنتەراتچی‌یەی کە فۆنتەراتەکەی بۆ دەرچووە .

٩ – پێویستە فۆنتەراتچی پوولێکی (٢٥٠) فلسی بە تەندەرەکەوە بلکێنێت .

١٠ – تەندەرەکان ئەگەر لە ناو زەفێکی داخراودا نەبن پشتگوێ دەخرێن .

١١– بەجێهێنانی فۆنتەراتەکەدا پشت بەمەرجە گشتی‌یەکانی فۆنتەراتی کاروباری ئەندازیاری مەدەنی بە هەردوو بەشی یەکەمو دووەمیەوە دەبەسترێت

١٢ – هەر سڵکردنەوەیەك لە نێو فۆنتەراتەکەدا لە لایەن فۆنتەراتچی بنووسرێت پشتگوێ دەخرێت .

١٣ – پێویستە فۆنتەراتچی کاتێك ئەوەی فۆنتەراتەکەی دەکەوێتە ئەستۆ ئەندازیارێکی سەرپەرشتی یار بی ئیشەکە دابنێت‌و هەموو ڕۆژی سەر لە ئیشەکە بدات .

١٤ پێویستە فۆنتەراتچی کاتێك ئەوەی فۆنتەراتەکەی بۆ دەردەچێت عەمبارێك باخود چەند عەمبارێك بۆی پاراستنی چیمەنتو ئامادە بکات .

محمد محی‌الدین شریف
ئەمینداری گشتی کاروخانە سازی .

Institut Kurde de Paris

لەپارێزگای سلێمانی

هەنگاوێکی پارەسەری کێشەی بێ خانوییی

لە کۆتایی ئەم مانگەدا نۆ باڵەخانەی نیشتەجێکردن لە سلێمانی تەواو دەکرێن کە بریتی دەبن (۱۰۸) شوقەو (۷۰۰) هەزار دیناریان تێ دەچێو دەزگای گشتی نیشتەجێکردن لە پارێزگاکەدا ئێستا خەریکی بیناکردنی «۳۱» باڵەخانەی ترەکە بریتی دەبێ لە «۷۳۲» شوقەو تەواو دەبی وئیستا لە ۵۰٪ ی کارەکە تەواو بووەوە هەر شوقەیەك لەم باڵەخانانەدا بریتی‌یە لە دوو ژوورو هۆلێكو موبەقێكو ئاو دەستی تایبەتی، پانتایی‌یەکەی «۱۰۰» مەتری چوار گۆشەیە.

دروستکردنی ئەم باڵەخانانە بەپێی نەخشەیەك دانراوە و جێبەجێکردنی کۆمەڵێکی هەمە جۆر لە پرۆژەکانی نیشتەجێکردن لە پارێزگاکەدا کە چوار ملیونو «۸۰۹» هەزارو ۷۵۹ دیناری تێ دەچێ لە مانە ۲۷٤ خانووی بۆ کارگێرانی دامودەزگاکانی وڵات کە کاربەدەستانی حوکمی ناوچەیی لە ناوچە جۆر بەجۆرەکانی پارێزگاکەدا جێبەجێ دەکاو ٦۱۲ هەزارو ٤٥۰ دیناری تێ دەچێ .

هەروەها لە پرۆژەی خانوو بەرەدنا لە پارێزگاکەدا دەستەی گشتی کشتوکاڵو چاکردنی کشتوکاڵی‌و دەزگای گشتی کشتوکاڵی لە شارەزوور ئێستا (۹۱)خانووی بۆ ئیشتەجێکردنی کارگێرانی دروست دەکات کە ۸۱۲ هەزارو ۳۰۹ دیناریان تێدەچێ ،تا ئێستا (۳۵) خانووی لێ تەواوبووە بۆ نیشتەجێکردنی کارگێرانی پرۆژەی پەلەوەر لە سلێمانی.

ـ سمیرە محمد علی ـ

لەم پەنجەرەیەوە



ملوانکەی تیشك

پەیمانێکی وام بە تۆدا وشەکانی بەبارانی شەوێکی بەفراوی شۆرابۆوەو عەنتیکەی شەنگیم بویت زۆرجار تۆم دەدی دلی شتە ئەزەلی‌یەکان بویت زۆرجار تۆم دەدی گۆشت دەکردە ڕوباری خۆشەویستی‌و بەعەتری هەناسەیەکت بیگای ئاواتێکی نهێنیت بەتاڵی قژەکانمەوە هەڵدەواسی : تۆ داوات لەمن دەکرد جۆگای شیعرت لەڕۆژەوە بۆبێنم‌و لەگەڵ کانی عیشق‌و سوتانی ناخی‌زەویدا پێکەوە گوڵە گەنمێکت بۆ بڕوێنن ، دەنکەکانی : تێکەڵاوی شیرو وشە بێ .. ئاخۆ گەنمی وشە هیچ گزرانێك بەسەر پەژارەیی مرۆڤدا دێنێ ..

ئەم جیهانە دەکاتە حەوزی ئەوینێکی خاوێن ؟

چنار ئەحمەد

شتە بچوکەکان

منالو یاری ترسناك

ئێستا ، لە هەندێ یاری باڵەوان بازیدا ، منالان لاسای گەورەکان دەکەنەوەو یاری ترسناك دەکەن ، بەڵام سەیر ئەوەیە مەشقو راهێنان گەیاندونیەتە رادەی سەرکەوتن هەروەك گەورە، وەك لەم وێنەیەدا دیارە ، لە یاریگایەکی باڵەوان بازی سێرکدا ئەم منالانە چەند یاریەکی ترسناکیان بەسەر کەوتوی پێشکەش کرد .

ئەم دوو مناڵە :

ئێکسامنیار تەمەنی سێ ساڵەو ئەتیان تەمەنی یەك ساڵانە ، هەردووکیان بەتەواوی فێری وەرزشی خلیسکانە بوون سەر ئاوی دەریاوروبارە گەورەکان، ئەم دوومناڵەکەلەدورگەی موریشاس دەژین ، دایك‌و باوکیان باڵەوانی ئەم وەرزشەن، لەبەر ئەوە هەر سەرتاوە منالەکانیشیان پێراهێناوەو ئیستا بە ئاسانی خۆیان حەریکی ئەم وەرزشەن‌و بەم جۆرە بوون بە بچوك ترین وەرزشەوانی خلیسکانە لەسەر ئاو !

چەند ووشەیەك دەربارەی وەرگێران !

● ئەبووبەکر خۆشناو ●

● با لە سەرەتاوە ئەوە بڵێم ، کە من بە تەمای ئەوە نیم ، گرینگی‌و دەورە کاریگەرەکەی وەرگێران شی بکەمەوەو دەربەستی ئەوەش نیم بیسەلمێنم کە وەرگێران نەك هەر هونەرە . بەڵکو ئێستا زانستێکی سەربەخۆیە ، تەنیا چەند قسەیەك لە گەڵ وەرگێڕەکانی خۆمان دەکەم .

● هیچ گەلێك ناتوانێ - هەر وەك پێشتر روون کرایەوە - بە تەنیاو گۆشەگیر و، دوور لە گەلانی دیکە بژی‌و هەموو پێداویستی‌یەکانی خۆی دابین بکا ، دیارە تێکەڵی‌و هاموشۆش لەلای هەر گەلێك شتێکی ریژەیی‌یە .

● کەسانی وا هەن ، خۆیان دەکەن بە دەمراستی میللەت‌و فەتوای ئەوە دەدەن کە نابێ بیروباوەڕی خەڵکی دیکە - بە خراپ‌و جاکیەوە - لە ناو کۆمەڵدا بڵاوبکرێتەوە ، ئەویش بە نیازی پاك ڕاگرتنی میللەت‌و پاراستنی رەسەنایەتی‌یەکەی .

● رەنگە ئەم کارە بۆ ماوەیەك هێزی یاخی‌بوون‌و راپەڕین هێور بکاتەوە ، بەڵام دیارە ئەم جۆرە کەسانە هێشتا لەوە نەگەیشتوون ، ئەگەر کەوشەنیش تەلبەند بکرێ بیروباوەڕی دیموکراتی پێشکەوتنخواز بۆنەکەی وولات پڕ دەکا .

● هاموشۆ تێکەڵبوون‌و سوود لە تاقی‌کردنەوەی خەڵکی دیکە وەرگرتن ، سیمای ئەم چەرخەیە ، دیارە وەرگێرانیش وەك ڕێگایەکی هەرە گرینگ لەم بوارەدا دەوری خۆی دەبینێ .

کەسانی وا هەن دەڵێن ، وەرگێران تاوانەو وەرگێرانیش تاوانبار ، چونکە ناتوانێ گیانی بابەتەکە بە چاکی بگۆڕێ . رەنگە تا رادەیەك ئەم قسەیە راستبێ ، بەڵام خۆ زۆر روونیشە کە ئەم بیانووە ناتوانێ لە گرینگی وەرگێران کەم بکاتەوە . ئێمە بە هۆی وەرگێرانەوە ، لە بیروباوەڕی جیا جیای خەڵکی‌و جم‌وجۆڵ‌و پێشکەوتنی جیهان ئاگادار دەبین ، سوود لە کارە چاکەکان وەردەگرین ، بە پێی زروفی ژانی‌و مەوزوعی خۆمان بە کاریان دەهێنین‌و خراپەکانیشیان رەت دەکەینەوە .

بڕوانە : ل : ۷

چاپکراوی نوێ

نیو هەنگاو ... دوور لە دۆزەخ

بەرهەمی دوکتور کاویس قەفتان ، کۆمەڵێك کورتە چیرۆك بەناونیشانی «نیو هەنگاو دوور لە دۆزەخ » لە چاپکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری‌و بڵاوکردنەوەی کوردی دەرچوو کە بریتی‌یە لە (۱۲) کورتە چیرۆك ولە ۱۵۲ سەدو پەنجاو دوو لاپەڕەی قەوارە گەورەدا وبەچاپێکی قەشەنگ. لە چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەی دوکتور کاویس «رق»و «ئاوەژوو»و « نیو هەنگاو دوور لە دۆزەخ» کە ئەم کۆمەڵەکەی بەناوەوە ناونراوە .

لەدەرەوەی سنوور

جین خۆنداو خۆپیشاندان دژی چەکی ئەتۆم

ئەکتەری ناسراو جین فوندا ، بەردەوامە لە بەشداری کردنی هەموو ئەو چالاکیانەدا ، لەناو وڵاتەیە یەکگرتووە - کانی ئەمەریکا دژی ڕژیمی ئیمپریالی ئەمەریکا دەکرێ ، هەر لە چالاکیەکانی دژ بە جیاوازی رەگەزایەتیەو تا دژوەستاندنی سیاسەتی شەڕخوازی رژیمی ئەمەریکا. لەم دواییەدا فوندا لە پشەوەی خۆپیشاندا نێکەوە بوو کە (۲۰۰) هەزار کەس بەشداری تیا کردوە دژی بەکارهێنانی چاکی ئەتۆم .

سینەما :

ئەکتەری ناسراو ڕۆمی شنایدر خۆ ئامادە دەکا بۆ بەشداری باڵەوانیەتی فلیمی «مردنی راستەوخۆ » کە رەخنەگرە سینەمایەکان جاوەڕێن ئەم فلیمەش یەکێك بێ لە فلیمە دیارەکانی وەرزی داهاتو . ئەوەی شایانی باسە «شنایدر »ئەمسال لە فلیمی «تیشکی ئافرەت »دا چەندان پاداشتی ئەو مەهرەجانانەی وەرگرت کە بەشداری تیا کردوە .

جیهانی منالان

باوکم چۆن فێری نووسینی بوو..!

نووسینی : راسکین
گۆڕینی : محمود زامدار

باوکی بچکۆلانەم ، هەر لە منالیەوە فێری خوێندن‌بوو .. بۆیە پێویستی نەئەکرد ، کەس پێی‌بڵێ : ئەمە (ئەلف) ەو ئەمەش (ب)ی .. گشت پیتەکانی لەبەرکرد . ئەم کارەی زۆر ئەڵبوو .. وردەوردە کتێبی وردیلەی ئەخوێندەوەو سەیری وێنەکانی ناوی ئەکرد .. کەچی هیچ حەزی نەئەکرد فێری خەتکێشان بێت .. حەزی نەئەکرد قەلەمەکە ، نەبەڕاستی نەبەچەوتی بگرێتە دەس .. بەڵکو زۆر حەزی ئەکرد بخوێنێتەوە ، نەك بنوسێ .. ئەم بەلایا خوێندن لەنووسین بەتامترو خۆشتربوو .. داپیرەو بایبرە پێیان وت :

ـ گەر نانووسیت ، مەشخوێنە .. ! هەولیش بدە هەندێ خەتومەت فێربێو بکێشێ ..!

ئەم قسانە ، لەنێو گوتچکەی باوکی بچکۆلەما ڕۆژ تائێوارە ئەزرنگایەوە . هەموو ڕۆژێ بەقیزوبیزەوە چەند خەتێکی ئەکێشا ... خەتەکان زۆر ناشرین وگێڕو خوار بوون .. باوکیشم حەزی نەئەکرد سەیریان بکات. باوکی گیلۆکەم فێری خەتکیشان نەبوو ، کەچی هەندێ خەتخەتۆکە فێربوو .. خەتخەتۆکەکان جوان‌و گەورەبوون ، هەمو لایەك وایان ئەوت .. خۆگەر هەمو خەڵك فێری ئەو خەتخەتۆکەیە ببوان ، ئەوا باوکی بچکۆلەم لەگشتیان باشتربوو..

هیچ جارێ باوکم خەتێکی ڕاست‌و جوانی نەکێشا ، بەڵام لاپەڕەی دەفتەرەکانی لە خەتخەتۆکەی گەورەو جوان پڕ کردبوو ..

زۆر سەرزەنشتی باوکمیات کرد . بە زۆرە ملی هەر دەرسەی جارێك‌و دووان‌و سێ ، پێیان ئەنووسیەوە . . کەچی خەتەکەی تا ئەهات ناخۆشترو خەتخەتۆکەکان حوانتر ئەبوون .

باوکم فێری خوێندنەوەی پیتەکان ببوو ، بەڵام نەیئەوانی ئەمان بۆ وا ئازاری ئەدەن .. جارێکیان پێیان وت :

ـ گەر فێری نووسین نەبی، ناتوانی پیتەکان بەباشی بنوسیتەوە .. !

کەچی ئەم بڕوای پێنەئەکردن کەباوکم چوە قوتابخانەش ، هەمو قوتابیەکان سەریان لە خوێندنەوەی باشو ڕەوانی باوکم‌و لەخەتی ناخۆش‌و ناشرینی باوکم سوڕ مابوو ..

ساڵ هات‌و ساڵ ڕۆیشت، باوکم گەورەبوو ، کەچی تائێستاش هەر حەز لە خوێندن ئەکا وفێری لە نوسین نەبێتەوە . هێشتا خەتەکەی زۆر ناقۆلاو بێ تام‌و بێچێژە .. زۆرجار خەڵك وا ئەزانێ باوکم بەدەستی ئەنفەست وائەکا . کەچی خویشی زۆر لەم کارەی شەرمەزارە ..

جارێکیان لە پۆستەخانە لیان پرسی :

ـ وا دیارە تۆ نەخوێندەواری .. ؟

باوکم زۆر دلگران ببوو ،

ـ نەء، من خوێندەوارم..!

ئەمانیش وتیویان :

ـ ئەی ئەم پیتە چیە نوسیوتە .. ؟

باوکیشم بەدلنیایی وتیوی:

ـ ئەمە پیتی (ی) یە .. !

ئینجا پێکەنیبوون وتیویان:

ـ (ی .. ؟ ئەی کێ ئەم (ی) ی بەم جۆرە نووسیوە .. ؟

باوکیشم بەشێنەیی وتیوی :

ـ من .. !

هەمویان دایانەقاقای پێکەنین .

ئای ، باوکم چەند حەز ئەکا خەتێکی پاك‌و خۆش‌و جوانی هەبێت .. چەند حەز ئەکا بە شێوەیەکی ڕاست ، قەلەم بگرێتە دەست .. چەندیش لە خەتە ناشیرینەکەی خۆی دابەستە..

بەڵام تازە کار لە کارنرازاوەو ئوبالیش لە ئەشتۆی باوکمایە .. !

بۆ زاخاوی مێشك

بزانە ژیریت

ناوی شاعیریکمانە ، لە چلەکاندا ، دەورێکی پیرۆزی لە بزوتنەوەی پەروەردەو خوێندەواری ناو کۆمەڵی کوردەواریدا گێڕاوەو سرودو شیعری خۆشی بۆ منالە نازدارەکانمان وتووەو ناوەکەی‌لە پێنج پیت پێك‌هاتوە ، ئەگەر بمانەی‌بۆ دروست‌کردنی‌و شەی تر بەکاربان بێنین بەم جۆرە دەبێ :

۱ + ۲ = بەرامبەرروبار .

۱ + ٤ + ٥ + ٤ + ٥ = زیان گەیاندن

۱ + ۳ + ۳ = پەلەکردن.

منالی ئازیز

ئەگەر ژیری ، دەزانی کێیە ، کە زانیشت بۆ جیهانی منالان بنووسە ، پاداشت وەردەگری .

چیرۆکیکی فۆلکلۆری بۆمنداڵان

ئامادەکردنی
بهاءالدین جلال

هەبوو نەبوو مریشکێکی خرە هەبوو ، جارێکیان لە هەوار بەجێما . مام ڕێوی هاتە لای‌و پێی وت :

مریشکە خرە هەر ئێستا هێلکەکانت دەخۆم! مریشکەکە زۆر پاڕایەوەو وتی : جارێ لە سەریان دادەنیشم کاتێ بوون بە جوجەلە ، ئەوجا بیانخۆ ، مام ڕێوی وتی : باشە .

دوای چەند هەفتەیەك مریشکەکە جوجەلەکانی هەڵهێنا ، ئەو کاتە مام ڕێوی هاتەوە لای‌و پێی وت : ئەی مریشکە بۆ نایێت شوم بێبکەیت . مریشکە وتی : زۆر چاکە بەڵام پێویستە زەماوەند بکەین ..هەردوکیان دەستی یەکتریان گرت‌و کردیان بەهەڵپەڕکێ . جوجەلەکانیش کەوتنە سەما. مریشکەکە بە ڕێوی‌یەکەی وت گۆرانی‌یەکمان بۆ بڵێ ! مام ڕێوی دەستی پێکردو وتی :

مریشکە خرەی پانگێ
سیقت خۆم سیقەدانێ
یەکت ئێوارە دەخۆم
یەکێکیش بۆ سبیانێ

ئینجا مام ڕێوی بە مریشکەکەی وت : نۆرەی تۆیە گۆرانی‌یەکمان بۆ بڵێی! مریشکەکە ووتی : من گۆرانی‌یەك دەزانم کە لە باپیرمەوە فێر بووم مام ڕێوی وتی قەیدی ناکاتێڵێ ! مریشکە خرە دەستی پێکردو وتی :

مام ئۆمەرەی فەجندی
سەر دەربینە لە کەندی
بەخۆو بەتووڵە قەندی
کەولێ مام ڕێوی بەچەندی

مام ئۆمەر گوێی لە قسەی مریشکەکە بوو ، بەخۆی‌و تانجی‌یەکەی هات‌و ڕێوی‌یەکەی گرت‌و مریشك‌و جوجەلەکەشی لەگەڵ خۆی بردەوە بۆ ماڵ .

کەولەڕێوی

ئەبووبەکر قەرەداغی

جیرۆك بۆ منالان :

ڕۆژێکیان کابرایەکی وردەواڵەفرۆش دوای ئاوەی هەموو وردەواڵەکانی ئەفرۆشێ ، بەپارەکەی یەك .. دوو قەفەس مریشك ئەکڕێ ، تاکو لەشار بیان فرۆشێ‌و شتێکی لێیانەوە دەست بکەوێ .

لە کاتی گەڕانەوەدا کەولە ڕێوی‌یەك لە چەفی ڕێگاکەدا بەدی ئەکات . هیچ خۆی لێ تێناگەیەنێ‌و ئەڕوا . . . ئەڕوا .. تاکو بە تەواوی دوور ئەکەوێتەوە . لەو کاتەدا کەولەڕێوی هەڵئەستێ‌و لە ڕێگایەکی نزیك ترەوە تێی ئەتەقێنێ پێشی کابرای وردەواڵەفرۆش ئەگرێ‌و خۆی ئەداتەوە بەزەوی‌دا . کە کابرای وردەواڵەفرۆش ئەمە ئەبینێ، تۆزێ ڕائەمێنێ‌و هەناسەیەك هەڵئەکێشێ‌و ئەڵێ :

ـ « ئەوە ئەم هەموو ڕێوی‌یە چی‌یە ئیمڕۆ تۆپیون هەڵەت فێڵەکانیان سەری نەگرتووە ، واچاکە هەلیان گرم ، خۆ شتێگم لە کەولەکانیان دەست ئەکەوێ!» دەست بەجێ دوو قەفەسە مریشکەکە دانەنێ‌و پاشەوپاش ئەگەڕێتەوە بۆ شوێنی یەکەمی کەولەڕێوی .

کەولەڕێوی لەو کاتەدا هەڵئەستێ‌و بەنارەزووی خۆی ئەکەوێتە گیانی مریشکەکان‌و قریان تێئەخاو لە دوایشدا بۆی دەرئەچێ . کە کابرای وردەواڵەفرۆش لەو سەرەوە بەدەستی بەتاڵ ئەگەڕێتەوە ، ئەبینێ نە دوو قەفەسە مریشکەکە دیارەو نەکەولە ڕێوی‌یەکەش ، بۆیە ئەوەندەی تر پەست ئەبێ‌و بەدڵتەنگی‌یەوە ملی ڕیگاکەو ئەگرێ‌و جارجارێکیش لە دلی خۆیدا ئەڵێ :

ـ « ئاخ مامڕێوی چۆن ئەتبێکت لێ‌کردم !!

مەرج بێ ئیتر قۆناغە ڕێی‌یەکیش دووربی ، نەبەلم بەزیندوویی ئەرچی . »

عزیز توفیق

ستار أنور

لاوك صلاح

شذی ولید

مانوش

کاردوشیرزاد

Institut Kurde de Paris